سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (٥) کانونی یەکەمی ٢٠٢١

## پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا
### هۆکارەکانی ناسازی، سیناریۆ ئایندەییەکانی

- هەرێمی سوننە هەل و تەگەرەکانی بەدیهاتنی
- ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا
- پرسی کورد لە دەستێوەردانی سەربازیی تازەی تورکیا



ئابووریی عێراق؛ ساڵێکی سەخت و لێکگەیشتنی ئەستەم

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٥) کانونی یەکەمی ٢٠٢١

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنوسەر
د. هەردی مەهدی میکە
بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بۆردی ڕاوێژکاران
د. یوسف گۆران
د.ئومێد رفیق فتاح
د.عابد خالد رسول

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری: عەدنان ئەحمەد
دیزاین: شێرکۆ خانزادی
هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد

شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپسپۆڕێتی(Multidisciplinary ) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.




پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم
و بەغدا، هۆکارەکانی ناسازی،
سیناریۆ ئایندەییەکانی ...10-25






ستراتیژی بەڕێوەبردنی میدیا
لە هەرێمی کوردستان، شرۆڤە و
سیناریۆ ئایندەییەکانی ...26-39






هەرێمی سوننە، هەل و تەگەرەکانی
بەدیهاتنی
...40-49





ئـایـنـدەی پـەیـوەنـدییـــەکـانی
تـورکیـــا و ئـەمـەریـکـا
...52-67





لە چاوەڕوانیی هەڵگەڕانەوەدا
پرسی کورد و دەستتێوەردانی سەربازیی
تازەی تورکیا لە ناوچەکەدا ...68-81





ئابووریی عێراق لە دوڕیاندا؛
ساڵێکی سەخت و لێکگەیشتنی ئەستەم
...84-99






خوێندنەوەی کتێبی:
ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟
...102-117





چەمکناسی ئایندەیی
پلانی ستراتیژی
...118-119


CFS
Center for Future Studies


هەندێک لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری
لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
...120-123

سەروتار

# هەولێر و بەغدا؛ واقیعێکی تاڵ و ئایندەیەکی نادیار

د.عابد خالد رسول



دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق، هەر لە ڕەوش و کەیسەکانی بەڕێوەچوونیەوە تا ئایندە و وێستەگەکانی بەئاکام گەیشتنی، هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخ و مەرج و فاکتانەن کە دۆخی ناوخۆیی و دەرەوەی هەریەک لە هەرێم و عێراق دەئاژوێنن. لەسەر ئاستی ناوخۆییی هەردوو لا، بەڵام بە پلەی جیاجیا، گیرۆدەی قەیرانی ئابووریی قوڵ و گرفتی مۆدێلی حوکمڕانیی خراپ و وێڵگەکانی ململانێی حیزبی و بەرژەوەندیی بەرتەسکن، لەسەر ئاستی دەرەکییش هەردوو لا، بەڵام بە ڕۆڵی جیاجیا، گۆڕەپانی ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بە وەکالەت و کارتی فشاری هێز و لایەنە دەرەکییەکانی ئەو ململانێیانەن.

هەر بۆیە لە بواری کرداریشدا، سیماکانی ئەم پەیوەندییەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق، چەندێکی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن بووە، دەیان ئەوەندەی یەکدی تۆمەتبارکردن بووە بە پابەندنەبوون بە بەندەکانی ئەو لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنانەی نێوانیان و بەیاننامەدەرکردن بووە لە دژی یەکدی، بەڵکوو تۆمەتبارکردنی یەکتر بە پێشێلکردنی دەستوور و جێبەجێنەکردنی ئەحکامەکانی و لەمەش زیاتر پەنابردن بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر یەکتری. لەبەر ئەمەش جێکەوتەی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆز و ناجێگیرە لە ناخی زۆربەی هاوڵاتیانی کوردستان و عێراقیشدا چەندێکی بێزارکەر و جێی نیگەرانی بووە، نیو هێندە قایلکەر و ئومێدبەخش نەبووە، گەرچی هەمیشە هاوڵاتیانی ئاسایی هەردوو لا، بەڵام بە ڕێژەی جیاجیا، باجی قورسی قەیران و گرفت و ململانێکانی ناوخۆی هەردوو لا و نێوانیشیان داوە، لە سایەشیاندا تا دێت ژیان و بژێویی خەڵک لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچێت.

هەڵبەت ناتوانین بڵێین خراپیی دۆخی ژیان و بژێویی خەڵک لە هەردوو لا سەرچاوەکەی خراپیی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدایە، چونکە لە بنەڕەتدا سەرچاوەکە بریتییە لەو قەیران و گرفتە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە ئەم پەیوەندییەش لە سایەیاندا گوزەر دەکات، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئاکام و چۆنێتیی یەکلاکردنەوەی ئەو پەیوەندییە؛ کاریگەریی گەورەی لەسەر شەقامی جەماوەریی هەردوو لا دەبێت، خۆ ئەگەر لەبەر مەبنای بەرژەوەندیی بەرتەسکی هەڵسوڕێنەرانی سیاسەت و حوکمڕانیی هەردوو لا ئاسۆی بەخراپی مانەوەی ئەم پەیوەندییە تاکوو ماوەی دوور مەوداش بەرەو تەقینەوەی سەربازی لەنێوان هەردوو لا نەچێت، ئەوا ناتوانرێ لە ماوەی نزیک مەودادا ڕێ لە تەقینەوەی ڕقی جەماوەری پەنگخواردوو لە شەقامی ناوخۆیی هەردوو لادا بگیرێت، بەڵگەش خۆپشاندانەکانی ئەم دواییەی چەند شار و شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان بوو کە زوو ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵچوونەوەی شەقامی عێراقی هەبووە.

کەواتە وەک ناتوانین بەتەواوی گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەنجامەکانی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان هەرێم و

عێراق بۆ چ کارەساتگەلێک سەر دەکێشێت، هەر واش ناتوانین بەتەواوی کۆی ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییانە دەستنیشان بکەین کە بەردەوامی بەم بەگرێکوێرەبوونەی پەیوەندیی نێوانیان دەدات، بەڵام لەنێو هەموو ئەم تەمومژەی هۆکار و ئەنجامەکاندا، دەتوانین ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ دوو هۆکاری سەرەکیی خراپبوونی ئەو پەیوەندییە بکەین لە ئێستادا، یەکەمیان بریتییە لە لاوازیی پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆ و دانوستانەکاندا بەرامبەر حکومەتی عێراق، ئەمەش ئاشکرایە کە بەرئەنجامی دەیان ساڵ حوکمڕانیی خراپی هەرێمە، دووەمیشیان بریتییە لە دڕدۆنگیی متمانەی لایەنە عێراقییەکان بەرامبەر حکومەتی هەرێم و نادیاریی ئەو لایەنەش کە دواجار بڕیار لەسەر پەسەندکردنی ئەنجامی وتوێژ و دانوستانەکان لەگەڵ هەرێم دەدات، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ قۆستنەوەی ڕەفتاری لاوازی هەرێم و پابەندنەبوونی بە بەڵین و ڕێککەوتنەکانی پێشووەوە بۆ مەبەستی بانگەشەی پێشوەختەی هەڵبژاردن و مەرامی پۆپۆلیستی زۆرێک لە هێز و لایەنە عێراقییەکان. لە سایەی ئەم دوو هۆکارەشدا، دۆخی ئێستای حکومەتی هەرێم لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی ئەم دوو سێ مانگەی دواییدا لە دۆخی ڕمبازێنەکەی دۆنکیشۆت دەچێت بەرامبەر ئاشەبا وەهمییە پۆپۆلیستییە زەبەلاحەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق.

بەهەرحاڵ، ئەوەی گرنگە بپرسین کە: چارەسەر چییە؟ ڕەنگە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش وەک هەمیشە پەنا بۆ ژماردنەوەی ئەو چارەسەرە ڕۆتینییانە ببەینەوە کە چەندین ساڵە بێ ئاکام دەیانخەینەوە ڕوو، وەک: گەڕانەوە بۆ ئەحکامەکانی دەستوور و دەستگرتن بە بنەماکانی شەراکەتی فیدراڵی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و داهاتەکاندا، لە پێناو چارەسەرکردنی ڕیشەیی هەموو کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق، پابەندبوونی جددیی هەردوو لایەن بە بەڵێن و ڕێککەوتنەکانی نێوانیان، بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا و بەدوورگرتنی لە قۆستنەوەی بۆ مەرامی حیزبی و شەخسی، ئەمە وێڕای چەندین چارەسەری گشتی لەسەر ئاستی دۆخی ناوخۆی هەردوو لا وەک: وەڵامدانەوەی خێرای داخوازییەکانی هاوڵاتیان، ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و بەهاکانی ژیانی دیموکراسی، چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دەوڵەتی یاسا، ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و چەندین چارەسەری دیکە، بەڵام خستنەڕووی ئەم چارەسەرانە بە تیۆری چەندە ئاسانە، بە کرداری هەزاران هێندە سەخت و پڕ کێشمەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت چاو لە گرنگی و هەر چی زووە کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرە تایبەت و گشتییانە دابخرێت، ئەگەرنا دەبێت بەوە ڕازی بین کە تونێلی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکان بۆ نادیار تووڵ بکێشێت، لەوەش خراپتر ناکرێت لێ بگەڕێین تا کۆتایی؛ ژیان و بژێویی ئابڕوومەندانەی خەڵکی هەرێم و عێراق ببێتە قوربانیی بەردەوامبوونی ماشێنی گەندەڵیی چەند لایەن و دەستە و تاقم و کەسێکی کەم.

گرنگە بۆ کۆتاییهێنان بە نەهامەتییەکانی چەندین ساڵی ڕابردووی خەڵکی ئەم وڵاتە و بونیادنانەوەی ژیانێکی پڕ شکۆ بۆیان، سڵ لە پەنابردن بۆ هیچ چارەسەرێکی دەستووری و سیاسیی گونجاو نەکرێتەوە، بەتایبەت کە بزانین ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد و پشتیوانیکردنی یەکدی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، چەندین دەرفەتی گەورەی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ناوخۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی سەر قەوارەی هەرێم و سەروەریی عێراقی تێدایە.

# ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا
## هۆکارەکانی ناسازی، سیناریۆ ئایندەییەکانی



**جیهانگیر سدیق گوڵپی**
ماستەر لە زانستی ئابووری. پسپۆڕی دارایی گشتی




**"بەشێکی زۆر لە زانایانی سیاسی و لێکۆڵەرانی بواری فیدرالیەت، پێیان وایە کە حکومەتی فیدراڵی تەنها بۆ ئەو سیستمە سیاسییانە گونجاوە کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دامەزراون"**

**بەرایی**

پازدە ساڵە بەپێی دەستوورێکی فیدڕالی و لەژێر ناوی یەکگرتنی ئارەزوومەندانە عێراقی نوێ دامەزرێنراوەتەوە، بەڵام تاکوو ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، لە ناویشیاندا پەیوەندییە داراییەکان، ناتەندروست و ناسەقامگیرن و نەگونجاون لەگەڵ پرەنسیپەکانی فیدڕالیەتی دارایی.

پرسی دابەشکردنی داهاتە جۆراوجۆرەکان و چۆنیەتیی بەشداریکردن لە پێکهێنانی ئەو داهاتانە، یەکێکە لە کێشە هەرە بنەڕەتییەکان، ئەمەش بووەتە گرێکوێرەیەکی گەورە و تەواوی لقوپۆپەکانی کێشەی پەیوەندییە داراییەکانی لێ بووەتەوە، کە سەرەکیترینیان بریتین لە: نەناردنی بڕی شایستە لە پشکی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، ڕادەستنەکردنی نەوت و داهاتە فیدڕالییەکان لەلایەن هەرێمەوە بەو جۆرەی کە بەغدا داوایان دەکات، سوودمەندنەبوونی هەرێم لە داهاتە فیدڕالییە نائاساییەکانی قەرز و یەدەگ.

ئەم پرسانە کە وەك هۆکاری ڕاستەخۆی کێشەکان دەردەکەون، خۆیان زادەی چەند هۆکارێکی ڕیشەیین کە بریتین لە ناسازیی زەمینەی سیاسی و کولتووری و یاسایی و دامەزراوەیی. بەبێ خوێندنەوەی هۆکارە ڕاستەوخۆ و ڕیشەییەکان لە یەك کاتدا، نە دەتوانین لە کرۆکی کێشەکە بگەین و نە پەی بە ڕێگەکانی چارەسەر و سیناریۆکانی ئایندە ببەین.

ئەم باسە خوێندنەوە بۆ هۆکارە ڕیشەیی و ڕاستەوخۆکانی ئەو کێشەیە دەکات و لەوێوە سیناریۆ جیاوازەکانی ئایندەی پەیوەندییەکان دەخاتە ڕوو.

## هۆکارەکانی کێشە و ئاڵۆزی لە پەیوەندییە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا

### هۆکارە ڕیشەییەکان

١- ناسازیی زەمینەی سیاسی و کولتووری بۆ بنیاتنان و سەرکەوتنی فیدڕالیەت

هەرێم و بەغدا بە درێژایی مێژوو لە پەیوەندییەکی ناتەندروستدا بوون، هیچ کات یەکگرتن و پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە بنەمای پێکەوەبوونیان نەبووە، لەپاش ساڵی (٢٠٠٣)یشەوە ئەوەی کە ناو نراوە یەکگرتنی ئارەزوومەندانە (الاتحاد الاختیاری)، لە ڕاستیدا یەکگرتنێکی ناچاری (الاتحاد الاجباري)ی ناکاملە.

داڤید کامیرون (David Cameron) شارەزای جیهانیی بواری فیدڕالیەت، لە توێژینەوەیەکدا لە بارەی فیدڕالیەتی عێراقەوە دەڵێت[1]: بەپێی تیۆری کلاسیکی و باوی فیدڕالیزم، کۆمەڵگە سیاسییە سەربەخۆکان بە شێوەی ئارەزوومەندانە یەك دەگرن بۆ پێکهێنانی سیستمێکی نوێ، کە چاوەڕوانیی لێ دەکرێت بۆ هەمووان بەسوود بێت و هەموانیش پێوەی پابەند بن، دەستوورەکەش دەکرێتە گرێبەستی کۆمەڵایەتیی فیدڕالیزم.

بەڵام لە مۆدێلی بنیاتنانی فیدراڵیزمی عێراقدا چەند کۆمەڵگەیەکی ناکۆك و نەگونجاو لە لوتکەی کێشمەکێش و دژایەتیدا بوون، لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی سیاسیی دیاریکراودا لە بۆتە درابوون کە نەیاندەتوانی لێی دەرباز بن. ئەگەر بە ویست و ئارەزوو بووایە، ئەوا بژاردەی یەکەمی لایەنەکان فیدراڵیەت نەدەبوو، بەڵکوو بۆ هەندێکیان سەربەخۆبوون و جیابوونەوە و بۆ ئەوانی تریان ناوەندگەرایی و تواندنەوە دەبوو، بەڵام لەبەر نەبوونی دەرفەتی جێبەجێکردنی ئەو بژاردانە، ئیدی بۆ هێنانەکایەی چارەسەرێکی هاوسەنگ، بەناچاری فیدراڵیەت پەسەند کرا.

فیدراڵیەت وەك سیستەمێکی سیاسی بۆ پێکەوەهەڵکردنی پێکهاتە و ئاراستە جیاوازەکان و رێکخستنی شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی و ئابووری و کارگێڕی و سیاسی، پێشمەرجی سەرەکیی بریتییە لە بوونی ئاستێکی شیاو لە دیموکراسیەت و کولتووری یەکدی قبووڵکردن و پێکەوەژیان و سەروەریی یاسا و سەقامگیریی سیاسی[٢].

بەشێکی زۆر لە زانایانی سیاسی و لێکۆڵەرانی بواری فیدراڵیەت، پێیان وایە کە حکومەتی فیدراڵی تەنها بۆ ئەو سیستمە سیاسییانە گونجاوە کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دامەزراون، ئەوان فیدراڵیەت بە فۆرمێکی کامڵی دیموکراسی دەزانن، بەو پێیەی کە لەگەڵ هیچ سیستمێکی حوکمی ڕەها وێك نایەتەوە، جا حوکمی زۆرینە بێت یان کەمینە.

لەم بارەیەوە ویلیام لیڤیستۆن دەڵێت: "سەرجەم ئامرازەکانی حکومەتی فیدراڵی بریتین لەو دامەزراوانەی کە ئامانجیان بریتییە لە ڕێگریکردن لەوەی زۆرینەیەکی ڕەها لە کۆمەڵگا گەورەکەدا بەرژەوەندییەکانی خۆی بەسەر بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگادا بسەپێنێ، دەوڵەتی فیدراڵی بەپێی پرەنسیپی زۆرینە کار ناکات، بەڵکوو شێوازێکە لە پاراستنی کەمینە لە هەرێمێك یان چەند هەرێمێکدا، لەبەرامبەر زۆرینەی هەرێمەکانی تر[٣]".

بەهۆی ناسازیی ئەو پێشمەرج و زەمینانەوە لە عێراق، هەر لەپاش قبووڵکردنی فیدراڵیەتەوە، کێشەی هاوبەشیکردن (المشارکة) سەر هەڵدەداتەوە و بە هۆی نەبوونی چارەسەری بنەڕەتییەوە، پاڵنەرەکانی بژاردەی دڵخوازی یەکەم و ڕێپێنەدراو جڵەوی کێشەکە دەکەنەوە، کێشەکەش لە بنەڕەتدا زادەی دوو ئاراستە و دوو دیدگای جیاوازە بۆ سیستمی حوکمڕانی:

ئاراستەی یەکەم، ئاراستەیەکی ناوەندخواز و هەژموونگەرایە، کە لە کولتووری سیاسیی دەیان ساڵەی دەوڵەتێکی ناوەندی و فەرهەنگی پانخوازیی قەوارە و گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی عێراقی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتووە و بووەتە هۆی تێنەگەیشتن و پەسەندنەکردنی هەموو سیستم و ڕێکارێکی

جیاواز و کراوە. سەرەنجامی ئەمە لە عێراقی نوێشدا بەغدا لەبەرامبەر هەرێم لە باشترین و نەرمترین هەڵوێست و هەنگاویدا بە فشاری سیاسی و ئابووری، لە ڕێگەی زۆرینەی پەرلەمانی و تێپەڕاندنی یاسا بنەڕەتییەکان و بەجێنەگەیاندنی ئەرك و پابەندییەکانیەوە، هەوڵی سەپاندنی ناوەندگەرایی دەدات و لە توندترین هەنگاویشدا ڕوو دەکاتە بەکارهێنانی هێزی سەربازی.

ئاڕاستەی دووەم، کە هەرێم نوێنەرایەتیی دەکات، بە پێچەوانەی ئاڕاستەی یەکەمەوە، دیدێکی نەرێنیی بۆ هەموو جۆرێك لە یەکگرتوویی هەیە و وەك هاوتای ناوەندێتی لێی دەڕوانێت و هەموو هەوڵێك دەدات بۆ خۆڕاپسکاندن لێی، بە جۆرێك کە هەموو لێخۆشبوونێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی؛ بۆ حکومەتی فیدراڵی و هەموو پابەندبوونێکی بەو یاسا فیدراڵییانەی کە بە زۆرینە و بەبێ هەمئاهەنگی تێپەڕێنراون، بە ملکەچبوون و گەڕانەوە بۆ ناوەندێتی دەزانێ، ئەگەر بەشێکی ئەم هەڵوێستە دەستگرتنی هەرێم بێت بە مافە دەستوورییەکانیەوە، ئەوا بەشێکی زۆری پەیوەستە بە مەیلی سەربەخۆخوازی و دڕدۆنگیی کوردەوە لە هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندی.

سەرەنجام هەرێمیش بۆ خۆڕاپسکاندن لە ناوەند، لە باشترین و نەرمترین کاردانەوەیدا کار لەسەر پابەندنەبوون بە بڕیار و سیاسەت و یاسا ناوەندییەکانی بەغدا دەکات و لە توندترین هەڵوێستیشدا ئەگەر دەرفەتی هەبێت هەنگاو بۆ جیابوونەوە لە عێراق دەنێت. بەم جۆرە لە ئەنجامی بەردەوامیی ئەو جۆرە تێگەیشتن و مامەڵە دژیەکانەوە، هیچ کات زەمینەی لەبار بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی هاوبەشی نەڕەخساوە، ئەوەش لە داڕشتنی زۆربەی یاسا و ڕێککەوتنەکانی بواری دارایی و جێبەجێکردنیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**٢- ناسازیی زەمینە یاسایی و دامەزراوەییەکانی فیدراڵیەتی دارایی**

لەپاڵ نەبوونی ئاستی شیاوی دیموکراسیەت و کەشی سیاسیی گونجاو، نەبوونی ئاستی پێویستی بنەما دەستووری و یاسایی و دامەزراوەییەکان و پێوەر و ڕێسا گونجاوەکانی پرۆسەی بەشکاریی سامان و داهاتەکان لە عێراق، هۆکارێکی ڕیشەیی تری کێشەکەن.

دەوڵەتانی فیدراڵی لە جیهاندا، جگە لەوەی کە پشت بە بنەما دەستوورییەکان دەبەستن، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی دانانی یاسای تایبەت و ڕێسا و پێوەری ورد و گونجاوەوە، کار بۆ دابەشکردنی داهات و سامانەکان و بەڕێوەبردنی ئابووری دەکەن. لەپاڵ ئەوەی کە پەرلەمانەکانیان لە دوو ئەنجوومەن پێك هاتوون و یەکێکیان تایبەتە بە نوێنەری هەرێمەکان کە دەسەڵاتی تایبەتیی لەو بارەیەوە هەیە، لە هەمان کاتدا چەندین دامەزراوە و کۆمسیۆنی هاوبەش و

پسپۆڕی تایبەت بە ڕێکخستن و سەرپەرشتی و چاودێریی پەیوەندییە داراییەکان هەن و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن[٤] و کارەکان بەتەنها جێ ناهێڵن بۆ ویستی زۆرینەی پەرلەمانی و میزاجی سیاسیی حکومەتەکانی ناوەند و هەرێمەکان و پارتە سیاسییەکان.

بەڵام لە فیدراڵیزمی عێراقدا، بنەما دەستووری و یاسایی و دامەزراوەییەکان بە جۆرێکی ترن و مامەڵەکردن لەگەڵیشیان جیاوازە، وەك لە خوارەوە چەند سەرنجێکی تایبەت دەخەینە سەر هەندێکیان:

**٢-١- دەستوور:** دەستووری عێراق یەکێکە لەو دەستوورە فیدراڵییانەی کە هەم وەك پێویست نەچووەتە ناو وردەکارییەکانی پەیوەندییە داراییەکانەوە و بابەتەکانی یەکلایی نەکردوونەتە[٥].

هەمیش چەند گرێوگۆڵێکی لە ناواخنی تێکستەکانیدا هەڵگرتووە، کە ڕێخۆشکەرن بۆ دروستکردنی بەربەست لەبەردەم فیدراڵیەتی داراییدا:

أ- وەك داڤید کامیرۆن دەڵێت دەستووری عێراق بناغەکانی فیدراڵیزمی وەك پێویست دانەڕشتووە، لە سەروبەندی پەسەندکردنی دەستوورەکەوە تاکوو ئێستا، زۆرینەی دامەزراوە سەرەکییەکانی فیدراڵیزم دروست نەکراون، تاکوو ئێستاش یەك هەرێم بوونی هەیە کە ئەویش بەر لە پەسەندکردنی دەستوورەکەوە هەبووە، دەستوور هەریەك لە ئەنجوومەنی فیدراڵی و دادگای باڵای فیدراڵی و دەستە و دامەزراوە هاوبەشەکانی بواری دارایی و ڕێکاری پێکهێنانی هەرێمەکانی بە چەند تێکستێکی ناڕوون بەجێ هێشتوون بۆ دەسەڵاتی یاسادانان تاکوو یاسای تایبەتیان بۆ دەربکات[٦].

ب- بەپێی ڕای شارەزایان، دەستووری عێراق لە کاتێکدا کە ڕێگەی لامەرکەزیەتی ناچوونیەکی (غير متماثلة - asymmetrical) گرتووەتە بەر، بەو مانایەی کە هەندێك لە ئاستە پێکهێنەرەکان دەسەڵات و سەربەخۆیی زیاتریان هەیە لەوانی تر، بەڵام بەگشتی تێکستەکانی دەستوورەکە لەو بارەیەوە هەمئاهەنگ نین، بەپێی مادەی (١١٧) و بڕگەی یەکەم و دووەم و پێنجەم لە مادەی (١٢١)، هەرێمی کوردستان تایبەتمەندییەکی دەستووری و سیاسیی هەیە و ئاستی سەربەخۆیی و پێگە و دەسەڵاتی لە پارێزگاکان زیاترە، بەپێی مادەی (١٢٢) دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان لەسەر ئاستی کارگێڕییە. بەڵام سەرەڕای ئەو جیاوازییە بنەڕەتییە، کەچی لە تەواوی مادەکانی تری دەستوورکەدا هیچ جیاوازییەك نەکراوە لەنێوان هەرێم و پارێزگا نەبەستراوەکان بە هەرێمەوە، لە بابەتی دانانی یاسا بنەڕەتییەکان و تەواوی بابەت و بوارە گرنگەکاندا وەك یەك ئاماژەیان پێ دراوە و مامەڵەیان لەگەڵ کراوە[٧]، وەك ئەوەی لە مادەکانی ٦٥ و ١٠٥ و ١٠٦ و

١١٢ و ١١٥ و... هتد هاتووە[٨]، بەم جۆرە دەستوور دەرفەتێکی دروست کردووە بۆ داڕشتنی یاسا بنەڕەتییەکان و دامەزراندنی دەستە و دامەزراوە هاوبەشەکان و زۆر بواری تر لەسەر بنەمای زۆرینە و مامەڵەکردنی حکومەتی فیدڕالی لەگەڵ هەریم وەك پارێزگایەك.

ت- هەر چەندە لە مادەی (١١٢)دا بە چەند ئاماژەیەك هێڵە گشتییەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز و دابەشکردنی داهاتەکانیان دیاری کراون، بەڵام ئەوەی لە مادەی (١١١)دا هاتووە (نەوت و گاز موڵکی گشت گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا) ناڕوون و مایەی لێکدانەوەی جیاوازە. شارەزایانی یاسا پێیان وایە کە گەلی عێراق کەسێتیی مەعنەویی نییە و موڵکیەتیش مافێکی عەینییە، بۆیە هەر دەبێت ئەو مافە بۆ دەوڵەت بێت بەو پێیەی کە کەسێتییەکی یاسایی مەعنەویی هەیە[٩]، دیارە کە دەوڵەتیش لێرەدا گوزارشتە لە دامەزراوە دەستووری و فەرمییەکان لە ئاستە جیاوازەکاندا، بەڵام بەغدا هەمیشە حکومەتی فیدڕالی بە تاکە نوێنەری گەلی عێراق دەزانێت لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان، کە ئەمەش لەگەڵ پرەنسیپی سەربەخۆیی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدڕالی ناگونجێت.

**٢-٢- یاسا و دامەزراوەکانی بواری فیدڕالیەتی دارایی**

کەلێنەکانی بواری یاسا و دامەزراوەکانی فیدڕالیەتی دارایی لە عێراق دوو جۆرن: یەکەمیان دەرنەچوونی چەند یاسایەکی بنەڕەتییە تاکوو ئێستا، وەك یاسای ئەنجوومەنی فیدڕالی و یاسای نەوت و گازی فیدڕالی، دووەمیش دەرچوونی بەشێك لە یاسا بنەڕەتییەکانە بە شێوەی ناوەندگەریانە و دوور لە ڕێسا و پرەنسیپەکانی فیدڕالیەتی دارایی وەك: یاسای دەستەی گشتیی تەرخانکردنی داهاتە ئیتیحادییەکان (٢٠١٧)، یاسای دەستەی گشتیی دەستەبەرکردنی مافی هەرێم و پارێزگاکان (٢٠١٦)، یاسای کارگێڕیی دارایی ئیتیحادی (٢٠١٩)، یاسای دەروازە سنوورییەکان (٢٠١٦)، یاسای کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق (٢٠١٨).

یاسا و دامەزراوە و دەستە هاوبەشەکان لە دەوڵەتانی فیدڕالیدا ئەرکی سەرەکیی ڕێکخستنی پەیوەندییە داراییەکان و دابەشکردنی سامان و داهات لەئەستۆ دەگرن و ڕێسا و ڕاسپاردەکانیان لەو بارەیەوە یەکلاکەرەوەیە، بەڵام لە عێراق بە هۆی ئەو کەلێنەوە پرسی پەیوەندییە داراییەکان و دابەشکردنی سامان و داهات بەتەنیا بەجێ هێڵراوە بۆ میزاجی سیاسیی حکومەت و لایەنە سیاسییەکان و فیدراسیۆنە پەرلەمانییەکان و بەردەوام لە بازاڕی ڕێککەوتنە کاتییەکان و یاساکانی بودجەی ساڵانەدا مەمەڵەی پێوە دەکرێت[١٠].

### هۆکارە ڕاستەوخۆکان

**١- پرسی ڕادەستنەکردنی نەوت و داهاتە فیدڕاڵییەکان لەلایەن هەرێمەوە.**

هەر لەپاش ساڵی ٢٠١٣، پاساوی بەغدا بۆ نەناردنی پشکی بودجەی هەرێم بریتییە لە ڕادەستنەکردنی نەوت و داهاتە فیدڕاڵییەکان لەلایەن هەرێمەوە.

سەبارەت بە پرسی نەوت، هەرێم بە مافی خۆی دەزانێت بە پشتبەستن بە مادەی (١١٢)ی دەستوور و یاسای نەوت و گازی هەرێم؛ پڕۆسەی نەوتی هەرێم بەڕێوە ببات، بەڵام بەغدا تێڕوانینێکی تری هەیە و پێی وایە کە بەپێی مادەی (١١١)ی بەڕێوەبردنی سامانی نەوت؛ لە گشت عێراق بۆ حکومەتی فیدڕاڵییە. بە هۆی نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵییەوە، تاکوو ئێستا ئەم بابەتە یەکلایی نەکراوەتەوە و ڕێسایەکی ڕوون و یەکلاکەرەوەش نییە بۆ چۆنیەتیی بەشداریکردنی هەرێم بە داهاتەکانی نەوت لە پێکهێنانی داهاتە فیدڕاڵییەکان.

نەیاری و تەنگپێهەڵچنینی پڕۆسەی نەوتی هەرێم لەلایەن بەغدا هەر لە سەرەتاوە، لەپاڵ نەبوونی توانای دارایی هەرێم بۆ دابینکردنی تێچووی گەڕان و پشکنین و وەبەرهێنان، وایان کرد کە هەرێم بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیا جیهانییەکان پشت بە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم ببەستێت، کە بۆ کۆمپانیاکان لە یەك کاتدا ڕیسك و قازانجی زیاتر و بۆ هەرێم ڕیسك و قازانجی کەمتری هەیە لەچاو گرێبەستی جۆری خزمەتگوزاری کە لە عێراق پشتی پێ دەبەسترێت[١١]. جگە لەوەش هەڵوێستی نەیارانەی بەغدا هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی کە هەرێم بۆ ساغکردنەوەی نەوتەکەی لە بازاڕ، ناچار بێت بە کەمتر لە نرخی خۆی بیفرۆشێت. لە هەرێم تێچووی پڕۆسەکانی بواری خزمەتگوزارییەکان و پاراستن و گواستنەوەی نەوت تا ڕادەیەك بەرزە و ڕاستەوخۆ لە داهاتی نەوتی هەناردەکراو دەدرێت.

هەموو ئەمانە وایان کردووە کە تێچووی پڕۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بەرز بێت و پوختەی داهاتەکەشی کەمتر، ئەمەش لەپاڵ داننەنانی بەغدا بە مافی هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی سامانی نەوت، هەمیشە بەربەستێکی تر بووە لەبەردەم ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

سەبارەت بە داهاتە فیدڕاڵییە بەدەستهاتووەکان لە هەرێم، باج و ڕسومات و گومرگەکان، تاکوو ساڵی ٢٠١٣ بارتەقای ئەو داهاتانە لە پشکی بودجەی هەرێم بە شێوەی داشکاندن (المقاصة) لەلایەن بەغداوە دەبڕدرا، مادەی ٢٩-ی یاسای کارگێڕیی دارایی ٢٠١٩ بناغەیەکی بۆ دابەشکردنی ئەو داهاتانە داناوە، بەڵام کێشەی سەرەکی لەم ڕووەوە چ بۆ ئەو داهاتانە و چ بۆ ڕادەستکردنی داهاتەکانی نەوتیش بریتییە لە ڕێکاری جێبەجێکردنەکەی، چونکە سەرەڕای بەشداریکردنی هەرێم بەو

داهاتانە لە ڕێگەی شێوازی لەبریی داشکاندن تاوەکوو ٢٠١٣ بۆ باج و گومرگەکان و لە ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ بۆ ئەو داهاتانە و داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە، بەڵام هەمیشە وا ڕادەگەیەنرێت کە هەرێم بە هیچ جۆرێك بەشداریی نەکردووە لە پێکهێنانی داهاتەکانی عێراق، ئەمەش کراوەتە پاساو بۆ نەناردنی بڕی شایستە لە پشکی بودجەی هەرێم، هەر چەندە لە ڕاستیدا ئەو شێوازەش هەر جۆرێکە لە بەشداریکردن لە پێکهێنانی داهاتە گشتییەکان[١٢].

ڕاستە بەشداریکردنی هەرێمەکان لە پێکهێنانی داهاتە فیدڕاڵییەکان بە شێواز و بڕ و ڕێژەی جۆراوجۆر، یەکێکە لە بنەماکانی فیدڕاڵیەتی دارایی، بەڵام لە دەوڵەتانی فیدڕاڵیدا مۆدێلێکی هاوبەش نییە بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ شێوازی بەشداریکردنەکە و پرسی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی سامان و داهاتەکان بەگشتی. ئەوەی کە زۆربەی دەوڵەتانی فیدڕاڵی لەسەری کۆکن و پرەنسیپێکی گرنگی فیدڕاڵیەتی داراییە، ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتانە لەلای هیچ یەك لە حکومەتی فیدڕاڵی یان حکومەتی هەرێمەکان قۆرغ ناکرێن و کۆی داهاتەکانیش تەنها ناچنە ناو گەنجینەی لایەنێکیان.

بەغدا بەر لەوەی پرسی نەوتیش وەك کێشەیەك لەو نێوەندەدا سەر هەڵبدات، هەمیشە پێی وا بووە کە پێویستە هەموو داهاتەکانی هەرێم ڕاستەوخۆ یان بە خەملاندن و چاودێریی خۆی بخرێنەوە سەر گەنجینەی ناوەندی، هەر لە ساڵی ٢٠٠٦-ەوە لە هەموو یاساکانی بودجەی عێراقدا بڕگەیەك هەیە کە تێیدا هاتووە پێویستە پاکتاوی شایستەی نێوان هەردوولا لە ٢٠٠٤-ەوە بکرێت[١٣]. سەبارەت بە نەوتیش، ئەو ساڵانەی کە بەپێی ڕێککەوتن یان تاك لایەنە لە یاسای بودجەی عێراقدا بڕێك نەوت دیاری کراوە بۆ ئەوەی هەرێم پابەند بێت بە ڕادەستکردنی، هەر لە هەمان یاسادا بە بڕگەیەکی تر جەخت لەوە کراوەتەوە کە هەر زیادەیەکی بەرهەمی نەوت لەو بڕە دیاریکراوە، پێویستە داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی فیدڕاڵی[١٤]. بەو جۆرە بەغدا هەمیشە پێی وا بووە کە هەر کات بۆی لوا، پێویستە گشت سامان و داهاتەکان بگەڕێنرێنەوە بەغدا و لەوێوە مەرکەزیانە بەسەر گشت پارێزگاکاندا دابەش بکرێن، ئێستاش هەمان ویستی هەیە[١٥]، ئەم جۆرە ویست و مامەڵانەش لەگەڵ فیدڕاڵیەتی داراییدا وێك نایەنەوە.

**٢- پرسی نەناردنی بڕی شایستە لە پشکی بودجەی هەرێم**

ڕێژەی پشکی هەرێم و پرسی خەرجییە سیادییەکان و حاکیمە و بودجەی پێشمەرگە لەو پرسانەن کە هەر لە (٢٠٠٧)ەوە بابەتی ناڕەزایی و ناکۆکین، میدیا و لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا بەردەوام دەنگیان لێ بەرز بووەتەوە

بەوەی کە ڕێژەی ١٧٪ بۆ هەرێم زۆرە و هەرێم بەشداری لە داهاتەکان ناکات، هەرێمیش هەمیشە گازندەی ئەوەی کردووە کە پشکی فیعلیی تەرخانکراو بۆ هەرێم نزیکەی ١١٪[١٦] بووە نەك ١٧٪، چونکە بەشێکی زۆر لە بودجەکە بە ڕێژەی زیاتر لە ٣٥٪-ی بۆ خەرجییە سیادییەکان تەرخان کراوە کە هەرێمی کوردستان لێی بێبەش کراوە، بەشێکی تریشی بە ڕیژەی زیاتر لە ١٠٪ بۆ خەرجییەکانی حاکیمە تەرخان کراوە کە بڕی شایستەی هەرێم لەویش وەك پێویست خەرج نەکراوە، وەك پارەی جووتیاران و دەرمان و... هتد. جگە لەوەش هەر لە ٢٠٠٧-ەوە تاکوو ئێستا، لە یاسای بودجەی زۆربەی ساڵانی عێراقدا مادەیەك هەبووە بۆ خەرجکردنی مووچە و چەك و تەقەمەنی و مەشقی پێشمەرگە، بەڵام هیچ کات ئەو مادەیە جێبەجێ نەکراوە و هیچ بڕە پارەیەك بۆ پێشمەرگە لە بودجەی عێراق خەرج نەکراوە[١٧].

پاش سەرهەڵدانی پرسی نەوت لە ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٣)، چەند ڕێککەوتنێك لەنێوان هەرێم و بەغدا لەو بارەیەوە کرا، هەر چەندە ڕاسپاردەی ڕێککەوتنەکان لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە پەسەند کران، بەڵام وەکوو خۆیان نەخرانە ناو تێکستەکانی بودجەی ساڵانەوە و جێبەجێ نەکران[١٨].

ڕەوشەکە بەو جۆرە بەردەوام بوو تاکوو سەرەتای ٢٠١٤ کە پشکی هەرێم بەتەواوی لەلایەن بەغداوە بڕا، بە پاساوی ڕادەستنەکردنی نەوت و داهاتە ئیتیحادییەکان، لە کاتێکدا تاکوو ئەو دەمە هەرێم بەفەرمی نەوتی هەناردەی دەرەوە نەکردبوو، چەند مانگێك پاش ئەوە هەرێمیش دەستی کرد بە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ دەرەوە، دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر چوو، پاشتریش لە یاساکانی بودجەی عێراق بە بڕیاری تاك لایەنە و بەبێ پشتبەستن بە سەرژمێریی دانیشتووان و هیچ پێوەرێکی بابەتیی تر لە ساڵی ٢٠١٨-ەوە پشکی هەرێم دابەزێنرا بۆ ١٢,٦٧٪، لەگەڵ ئەوەشدا کار بە یاساکانی بودجەش نەدەکرا.

لە کۆتایی ٢٠١٨، پاش ئەوەی عادل عەبدولمەهدی بووە سەرۆکوەزیرانی عێراق، هەردوو لا ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە هەرێم ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل ڕادەست بکات بەرامبەر بە خەرجکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق، یان لەبریی ئەو بڕە نەوتە و داهاتە فیدڕاڵییەکانی هەرێم لە پشکی بودجەکەی ببڕێت و بەشەکەی تری بۆ خەرج بکرێت، بڕێکی دیاریکراویش بۆ پێشمەرگە تەرخان بکرێت لە خەرجییە سیادییەکان، ئەوەش لە یاسای بودجەی ٢٠١٩ جێگیر کرا، بڕگەی تایبەت بە پێشمەرگە جێبەجێ نەکرا، بەشەکەی تری ڕێککەوتنەکە لە ٢٠١٩ جێبەجێ کرا، لە ساڵی ٢٠٢٠ یاسای بودجەی عێراق پەسەند نەکرا، بۆیە پێویست بوو بەپێی

یاسای کارگێڕیی دارایی بە هەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو؛ کار لەسەر بەشکاریی تەرخانکراوەکان بکرێت، بەڵام هەر لە مانگەکانی سەرەتاوە عێراق خۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لا دا، بەتایبەتییش کە دۆخی داراییەکەی بەرەو خراپییەکی زۆر ڕۆیشت.

هەموو ئەوانە گوزارشت لەوە دەکەن کە پشکی بودجەی هەرێم لە عێراق لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا ماوەیەك لەژێر ڕەحمەتی پەیوەندییە سیاسییەکان و ماوەیەکیش لە سایەی میزاجی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی فیدڕاڵی و پارت و قەوارە سیاسییەکانی پەرلەمانی عێراقدا بووە، ئەمەش ڕەچاونەکردنی بنەما دەستوورییەکان و باوەڕنەبوون بە فیدڕالیزم دووپات دەکاتەوە.

**٣- پرسی سوودمەندنەبوونی هەرێم لە قەرزە گشتییەکان و یەدەگی نەختی**

قەرز ساڵانە بەشێکی زۆر لە داهات و خەرجییەکانی عێراق پێك دەهێنێت، واتە عێراق هەموو ساڵێك بڕێکی زۆر قەرز دەکات بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەکەی و بڕێکی زۆریش تەرخان دەکات بۆ دانەوەی قەرز و سووی سەر قەرزەکان، ئەم پرسە چەند ساڵێکە بەشێکە لە بابەتی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەرێم پێی وایە کە لە هەموو بارێکدا مافی سوودمەندبوونی لە قەرزەکان هەیە و لە دانەوەیاندا بەشدارە، بەڵام بەغدا لە سوودەکەیان بێبەشی دەکات، بەغداش هەموو شتێك دەبەستێتەوە بەوەی کە هەرێم نەوت و داهاتەکانی تری ڕادەستی بەغدا ناکات.

تەنها لە ٢٠١٤-ەوە قەبارەی قەرزە ناوخۆییەکانی عێراق زیاتر لە ٦٥ ترلیۆن دینار و قەرزە دەرەکییەکانیش بە نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار زیادیان کردووە، یەدەگی نەختییش زیاتر لە ٣٥ ملیار دۆلار کەمی کردووە[١٩]، ئەمەش لە پێناوی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ مووچە و خەرجییەکان بووە، کە هەرێمی کوردستانیان لێ بێبەش کراوە.

ئەو قەرزانەی ساڵانە لە عێراقدا دەکرێن؛ زۆربەیان ناوخۆیین، یان لە ڕێگەی قەواڵە و حەواڵەی جۆراوجۆرەوەن، یان قەرزی ڕاستەوخۆی بانکە بازرگانییەکان و بانکە تایبەتمەندەکانن کە بە دەستپێشکەری و ئاسانکارییەکانی بانکی ناوەندی ئەنجام دەدرێن، زۆرینەی قەواڵە و حەواڵەکانیش هەر لەلایەن بانکی ناوەندیە دەکڕدرێنەوە، واتە بۆ وەرگرتنی قەرزە ناوخۆییەکان بە ناڕاستەوخۆ سوود لە نەختینەی دیناری بانکی ناوەندی وەردەگیرێت و بۆ ڕاگرتنی نرخی دیناری خراوەڕووش ڕاستەوخۆ سوود لە یەدەگی نەختی بیانی وەردەگیرێت[٢٠].

پاشتر قەرزەکانی سەر عێراق لە تەرخانکراوەکانی خەرجییە سیادییەکان دەدرێنەوە، کە بەدەرن لە هاوکێشەی هەژمارکردنی پشکی بودجەی هەرێم، واتە لەسەر حسیابی هەموو بودجەکە و پێش

هەژمارکردنی پشکی هەرێم بڕێك تەرخان دەکرێت بۆ دانەوەی قەرزەکان، بەمەش ڕاستەوخۆ و پێش پرۆسەی دابەشکاری لە پشکی هەرێمیش دەبڕدرێت بۆ دانەوەی قەرزەکان، واتە هەرێم لە ڕێگەی تەرخانکراوەکانی بودجەی سیادییەوە بەشدارە لە دانەوەی قەرزەکان.

سەرچاوەی پارەی دانەوەی قەرزەکانیش لە فرۆشتنی نەوتی باشوور و داهاتە ئاساییەکانی ترەوە نییە وەك ئەوەی کە گوزارشتی لێ دەکرێت، چونکە قەرزکردن لە عێراق پرۆسەیەکی سالانەی بەردەوامە، واتە هەر لە ڕێگەی قەرزکردنەوە بەشی زۆری پشك و سووی سەر قەرزەکان دەدرێنەوە، هەر بۆیە سووڕی قەرزاری لە عێراق بەردەوامە، ئەمەش بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی قەرزەکان کە لە داهاتوودا دەبێت لەسەر حیسابی هەموو عێراق، بە هەرێمیشەوە، بدرێنەوە.

سەبارەت بە یەدەگی نەختینەش، دەبێ ئەوە بزانرێت کە سەرچاوەی یەدەگی نەختینەی عێراق ڕاستەوخۆ و تەنها لە داهاتی نەوت و داهاتەکانی تری باشووری عێراقەوە کەڵەکە نابێت، بەڵکوو بوونی دراو و سیاسەتی نەختی و بازرگانیی دەرەکی ئەو دەرفەتە دەدەنە دەوڵەتان کە بە بڕی جیاواز و لە کاتی جیاوازدا خاوەنی یەدەگی نەختی بن.

ڕاستە لە عێراقدا دەسەڵاتەکانی قەرزی گشتی و سیاسەتی نەختی و بەکارهێنانی یەدەگ لە دەسەڵاتە فیدڕالییەکانن، بەڵام یەکێك لە پرەنسیپەکانی فیدڕالیەت و پێکهاتنی ئاستە جیاوازەکانی حوکم و یەکە پێکهینەرەکان لە دەوڵەتانی فیدڕالیدا ئەوەیە کە کاتێك هەرێمەکان دەستبەرداری دەسەڵاتەکانی قەرز و دراو و سیاسەتی نەختی دەبن بۆ حکومەتی فیدڕالی، لەسەر ئەو بنەمایەیە کە حکومەتی فیدڕالی حکومەتی تاکە هەرێمێك نییە و هیی هەمووانە و پێویستە ئەو دەسەڵات و ئیمتیازاتانە بەهاوسەنگی بۆ بەرژەوەندیی هەمووان بەکار بهێنێت. کەچی بەغدا بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ پرسی قەرز و یەدەگی نەختی ناکات.

## سیناریۆ ئایندەییەکانی پەیوەندییەکان

لە سۆنگەی ئەو هۆکارە ڕاستەوخۆ و ڕیشەییانەی لە سەرەوە باس کران، سیناریۆکانی ئایندە و چارەسەری پەیوەندییە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

### سیناریۆی یەکەم: بنیاتنان و کارکردن بە سیستمی فیدڕالیەتی دارایی

واتە بەرقەرارکردنی هاوبەشی و سەربەخۆیی و یەکگرتوویی وەك سێ بناغەی سیستمی فیدڕالیەت، بە جۆرێك کە هەرێمەکان سەربەخۆیی داراییان هەبێت، لەسەر بنەمای دەستووری و یاسایی و بابەتی بەشدار بن لە پێکهێنانی داهاتە فیدڕالییەکان، سوودمەند

بن له‌ بودجه‌ی گشتی و قه‌رزه‌ گشتییه‌کان و سوودوه‌رگرتن له‌ یه‌ده‌گی نه‌ختی و سیاسه‌ته‌ دارایی و نه‌ختی و بازرگانییه‌کانی حکومه‌تی فیدڕالی و پابه‌ند بن به‌ به‌جێگه‌یاندنی ئه‌رکه‌کانیان. ئه‌مه‌ پێویستی به‌ گۆڕان و چاره‌سه‌ری هۆکاره‌ ڕیشه‌ییه‌کانه‌، پێگه‌یشتنی کولتووری دیموکراسی و بڕواهێنان به‌ فیدڕالیه‌ت و په‌سه‌ندکردنی سه‌ربه‌خۆیی و یه‌کگرتوویی و هاوبه‌شی له‌ چوارچێوه‌ی یه‌ك ده‌وڵه‌تدا، پێداچوونه‌وه‌ و گۆڕانکاری له‌ بنه‌ما ده‌ستووری و یاساییه‌کان و بره‌وسه‌ندنی کولتووری دامه‌زراوه‌سازی و کارپێکردنی؛ مه‌رج و پێویستی سه‌ره‌کیی ئه‌و گۆڕانه‌ن، ئه‌مه‌ش له‌ مه‌ودای نزیك و مامناوه‌ندیدا بۆ عێراق ئه‌سته‌مه‌، واته‌ ئه‌م سیناریۆیه‌ ئه‌گه‌ری جێبه‌جێبوونی له‌ مه‌ودای نزیك و مامناوه‌ندیدا زۆر لاوازه‌.

**سیناریۆی دووه‌م: گه‌ڕانه‌وه‌ی عێراق بۆ سیستمی ناوه‌ندی و حوکمی ڕه‌ها**

ئه‌مه‌ ویستی به‌غدا و به‌شی زۆری هێزه‌ عیراقییه‌کانه‌، به‌ڵام ته‌نیا به‌رامبه‌ر هه‌رێمی کوردستان، چونکه‌ ده‌زانن که‌ گه‌ڕانه‌وه‌ی حوکمی ڕه‌ها و ناوه‌ندگه‌رایی توند بۆ دۆخی ئێستای عێراق ده‌ست نادات و عێراق ئه‌و قۆناغه‌ی تێپه‌ڕاندووه‌، ئه‌م بژارده‌یه‌ له‌لایه‌ن هێزه‌ ناوچه‌یی و نێوده‌وڵه‌تییه‌کانیشه‌وه‌ په‌سه‌ند کراو نییه‌، سه‌باره‌ت به‌ هه‌رێمی کوردستانیش نه‌ك هه‌ر قبووڵنه‌کراوه‌، به‌ڵکوو ته‌نها له‌ ڕێگه‌ی ڕوودانی کاره‌ساتێکی گه‌وره‌وه‌ ئه‌گه‌ری هاتنه‌دیی هه‌یه‌، که‌ ئه‌ویش ده‌بێته‌وه‌ به‌ سه‌رچاوه‌ی ئاژاوه‌ و کاره‌ساتی به‌رده‌وام، واته‌ چانسی ئه‌م سیناریۆیه‌ش ته‌واو لاواز و دووره‌.

**سیناریۆی سێیه‌م: هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی عێراق و جیابوونه‌وه‌ی هه‌رێم**

کاتێك ئه‌گه‌ری به‌رقه‌راربونی فیدڕالیزمی ڕاسته‌قینه‌ زۆر لاواز بێت و چانسی گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ناوه‌ندگه‌راییش به‌و شێوه‌یه‌ بێت، ئیدی ته‌نها دوو ڕێگه‌ ده‌مێنن، ئه‌وانیش یان هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی عێراق و جیابوونه‌وه‌ی هه‌رێم، یان پێکه‌وه‌هه‌ڵکردنی کاتی تا ماوه‌یه‌کی تر.

سه‌ره‌ڕای شکستخواردوویی ده‌وڵه‌ت و حکومه‌تی فیدڕالی له‌ عێراق له‌ هه‌موو ڕوویه‌که‌وه‌، به‌ڵام هه‌روه‌ك سه‌روبه‌ندی ڕووخانی ڕژێمی پێشوو و دامه‌زراندنی عێراقی نوێ، چ لایه‌نه‌ ده‌ره‌کییه‌کانی ناوچه‌یی و نێوده‌وڵه‌تی، چ هێز و لایه‌نه‌ عێراقییه‌کان، به‌تایبه‌تییش لایه‌نی عه‌ره‌بی، له‌گه‌ڵ بژارده‌ی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌دا نین و پرسی جیابوونه‌وه‌ و سه‌ربه‌خۆبوونی هه‌رێمیش په‌سه‌ندکراو نییه‌ و زۆربه‌ی لایه‌نه‌کان له‌ دژی ئه‌و بژارده‌یه‌ن، به‌پێی زۆرینه‌ی پێدراوه‌کان ئه‌م ڕه‌وشه‌ تاکوو ئێستا به‌و جۆره‌یه‌ و مه‌گه‌ر به‌ هۆی گۆڕانکارییه‌کی گه‌وره‌ی ناوچه‌یی و نێوده‌وڵه‌تیی چاوه‌ڕواننه‌کراوه‌وه‌ گۆڕانی به‌سه‌ردا بێت. به‌ واتا چانسی به‌دیهاتنی ئه‌م سیناریۆیه‌ش له‌ مه‌ودای نزیکدا، چانسێکی زۆر لاوازه‌.

**سیناریۆی چوارەم: بەردەوامیدا بە پێکەوە هەڵکردن**

لە سۆنگەی هەڵسەنگاندنی چانسی ئەو سیناریۆیانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین لە مەودای نزیکدا جارێکی تر سیناریۆی پێکەوەهەڵکردن تا ماوەیەکی تر لە هەموو سیناریۆکانی تر؛ چانسی بەهێزتری هەیە. تا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان بەشێك بێت لە عێراق، پێویستە پەیوەندییە داراییەکان بەشێکی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێك بهێنن، لە ڕووی ئابوورییەوە قسەکردن لە بابەتی پشتبەخۆبەستنی تەواو و دەستبەردان یان بێباکبوونی هەرێمێك لە حکومەتی فیدڕالی؛ قسەکردنێکی بابەتی و ورد نییە، ئەمەش لانی کەم لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتەکانی دراو و یەدەگ و سیاسەتی نەختی و قەرزوقۆڵە و بەشێکی زۆری ئامرازەکانی سیاسەتی دارایی و بانکداری و بازرگانیی دەرەکی "کە گرنگترین ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی ئابووری و شادەماری بزاوتی ئابوورین"، قۆرغی دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدڕالین.

هەریەك لە ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا و دەیان دەوڵەتی تریش، لە ناویاندا تەواوی دەوڵەتانی فیدڕالی، لە کاتی قەیرانەکاندا هەر لە ڕێگەی قەرزی گشتی و پشتبەستن بە یەدەگی نەختییەوە، کورتهێنانە گەورەکانیان پڕ دەکەنەوە و کاشی پێویست بۆ حکومەت و بازاڕ دەستەبەر دەکەن، هیچ یەك لە حکومەتی هەرێمەکانی ئەو دەوڵەتانەش بەبێ سوودمەندبوون لە قەرزی گشتی و یەدەگی نەختی و سیاسەتە نەختی و داراییەکانی ناوەند ناتوانن کاروبارە داراییەکانیان وەك پێویست بەڕێوە ببەن.

یەکێك لە کێشە تایبەتەکانی هەرێم ئەوەیە کە ڕادەی پشتبەستنی بە بەغدا لە ڕووی داراییەوە زۆرە و هەڵوێست و مامەڵەی بەغدایش بەو شێوەیەیە کە لە سەرەوە باس کرا، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم بە دوو هەنگاوی هاوتەریب کار بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، هەنگاوێك بە ئاڕاستەی چاکسازی لە داهات و خەرجییەکان و هەر ڕێگەیەکی شیاوی تر کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی پشتبەستن بە بەغدا، هەنگاوێکیش بە ئاڕاستەی توندوتۆڵکردنی بەرەی ناوخۆیی و یەکخستنی گوتاری سیاسی بەرامبەر بەغدا و بەدەستهێنانی شایستە داراییەکان و سوودمەندبوون لە سیاسەتە نەختی و دارایی و بازرگانییەکانی حکومەتی فیدڕالی لە بەغدا.

چانسی سەرخستنی ئەم بژاردەیە و پێکەوەهەڵکردنێکی ئارامتر و سوودلێوەرگرتنی، پەیوەستە بە کۆمەڵێك هەنگاوەوە کە پێویستە لەسەر هەرێم کاریان بۆ بکات و عێراق تێگەیشتن و بەدەمەوەهاتنی بۆیان هەبێت، بۆ ئەوەی تەنها گەڕانەوە نەبێت بۆ چوارگۆشەی یەکەم، لەوانە:

**سەرچاوەی پارەی دانەوەی قەرزەکانیش لە فرۆشتنی نەوتی باشوور و داهاتە ئاساییەکانی ترەوە نییە وەک ئەوەی کە گوزارشتی لێ دەکرێت، چونکە قەرزکردن لە عێراق پرۆسەیەکی ساڵانەی بەردەوامە**

أ- ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی ڕوون لەسەر چەند خاڵێك، تاکوو بۆ ماوەی چەند ساڵێك بتوانرێت لە سایەیاندا پەیوەندییە داراییەکان سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بەخۆوە ببینن، بۆ ئەمەش زۆر پێویستە ئەم ڕێککەوتنە سەرەڕای حکومەتی هەردوو لا، ڕای زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی هەردوو لای لەسەر بێت، بۆ ئەوەی لە یاساکانی بودجەدا جێگیر بکرێت و لە پەرلەمانی عێراق کێشەی بۆ دروست نەکرێت، وە پێویستیشە کە لایەنی سێیەم لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان دەوڵەتانی کاریگەر لە ناوچەکە وەك چاودێر لە ڕێککەوتنەکە بونیان هەبێت یان ئاگادار بن.

ب- پێویستە هەرێم واز لە پەیرەوکردنی شێوازی (مقاصة) لە بەشدرایکردن لە پێکهێنانی داهاتەکانی عێراق بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە بە هەر جۆرێك بێت بڕێك لە نەوتەکەی ڕادەستی بەغدا بکات بۆ هەناردەکردنی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە، باشترە ئەو بڕە بە ڕێژەیەك لە نەوتی هەرێم دیاری بکرێت، بۆ نموونە ٥٠٪ یان ٦٠٪-ی بڕی هەناردەی نەوتی هەرێم، یان داهاتەکەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بانکەوە بخرێتە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی یان وەزارەتی نەوتی عێراق، خەرجییەکانی بواری تەشغیلیی ئەو بڕە نەوتە لەناو خەرجییە سیادییەکان خەرج بکرێت، وەك تەواوی خەرجییەکانی نەوتی عێراق. سەبارەت بە داهاتەکانی تری باج و گومرگەکانیش، بە هەمان شێوە واز لە لەبریی داشکاندن بهێنرێت و ئەو بڕە داهاتەی لە سەریەتی، مانگانە یان لە کاتی پێویست بگوازێتەوە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی عێراق. ئەمە بەتەواوی لەگەڵ دەستووری عێراق و پرەنسیپە فیدراڵییەکاندا دەگونجێت و کۆتایی بەوە دەهێنێت کە دەوترێت هەرێم بە هیچ بڕ و بە هیچ جۆرێك بەشداری لە پێکهێنانی داهاتەکانی عێراق ناکات، بەڵام ڕادەستکردنی دۆسیەی نەوت و گشت داهاتەکان بۆ بەغدا و لەوێوە دابەشکردنەوەی لەسەر بنەمای پارێزگاکان وەك ئەوەی بەغدا دەیەوێت، واتە سەرەتای گەڕانەوەی بۆ حوکمی ناوەندگەرایی.

ت- پێویستە بەجددی کار لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو پرەنسیپە، یان ئەو تێگەیشتنە بکرێت کە قەرزی گشتی و سوودوەرگرتن لە یەدەگی نەختی بابەتێکی تایبەتە و جیاوازە لە داهاتی ئاسایی، پێویستە لە دەرەوەی هاوکێشەکانی تایبەت بە نەوت و داهاتە ئاساییەکان بێت، وەك ئەوەی لە هۆکارە ڕاستەوخۆکاندا ڕوونمان کردەوە. هەرێمیش سوود لە قەرزە گشتییەکان وەربگرێت، وەك تەواوی هەرێمەکان لە دەوڵەتانی فیدڕالیی دنیا.

ث- هەژمارکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتووان، لە بودجەی بەگەڕخستن و وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان و تەرخانکراوەکانی خەرجیی حاکیمە. سەبارەت بە خەرجییە سیادییەکانیش، پێویستە بە سێ ڕێگە کار بۆ سوودمەندبوونی هەرێم بکرێت: یەکەمیان کەمکردنەوەی خەرجییە سیادییەکان، بە جۆرێك تەنها ئەو بابەتە سیادییانە بگرێتەوە کە پەیوەندیدارە بەتەواوی عێراقەوە، دووەمیش هەژمارکردنی بودجەی پێشمەرگە و تێچووی پرۆسەکانی نەوتی هەرێم بەو برانەی لەسەری ڕێك دەکەون لەسەر خەرجییە سیادییەکان، سێیەمیش هەوڵدان بۆ سوودمەندبوونی هەرێم لەو کار و چالاکی و پرۆژانەی کە دامەزراوە فیدڕاڵییەکان بە خەرجیی سیادی ئەنجامی دەدەن.

١- داڤید کامیرون، "انجاح الفدراليه فی العراق":
http://www.forumfed.org/pubs/iraqfed-dc-ara.pdf

٢- بۆ زیاتر لەو بارەیەوە، بڕوانە: فوزيه خداكرم عزيز، الفدراليه فی العراق بين اسس الدستوريه والواقع السياسی الاقتصادی، مجله الباحث الاعلامی العدد ٩-١٠، حزيران-ايلول ٢٠١٠. هەروەها سەرچاوەی ژمارە (٣)ی خوارەوە.

٣- چواس حسن(٢٠١٩/٢/١٣)، "پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە دووڕیانی یەکیەتیی فیدڕالی و کۆنفیدڕالیدا"، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، ١٩ http://rudawrc.net/?p=351.

٤- بڕوانە: جۆرج اندرسون (٢٠٠٩)، الفيدراليه الماليه مقدمه مقارنه، ترجمه مها تكلا، منتدى اتحادات الفدراليه، ص٦٩-٧٤.

٥- وەك دەستووری ئەڵمانیا، بڕوانە: کونستانت بروجيكت (٢٠٢٠): https://www.constituteproject.org/constitution/German_Federal_Republic_2014?lang=ar

٦- اللجنه الاقتصاديه والاجتماعيه لغربی اسيا(الاسكوا)(٢٠١٧)، اللامركزيه فی العراق نظرة اخرى، الامم المتحده، بيروت.

٧ - المصدر نفسه.

٨- بڕوانە: دستور جمهوريه العراق، قاعده التشريعات العراقيه
http://iraqld.hjc.iq/LoadLawBook.aspx?page=1&SC=290320063592085

٩- د. هادی علی الشكراوی و اخرون(٢٠١٣)، التنظيم القانونی للامركزيه الماليه فی الدول الفدراليه (دراسه مقارنه مع قانون العراقی)، مجله المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، المجلد ٥، العدد ٢، ص٢١٣.

١٠- بڕوانە ئەو دوو سەرچاوەیەی خوارەوە:

١١- جیهانگیر سدیق گوڵپی(٢٠١٧/٧/١٩)، "شکستی فیدڕالیەتی دارایی لە عێراق"

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/458-2018-09-02-18-56-38?fbclid=IwAR0VJo-k8JsNh-5eGWnd-QV32EElz3c9RJ-tGOP0WwStnHG7ESjB3P-TAEsm جیهانگیری سدیق گوڵپی، (16/5/2020)، "کاروانی ڕێکنەکەوتن، چیرۆکی ڕێککەوتنەکانی نەوت "و بودجە لەنێوان هەرێم و بەغدا https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/0a65bad7-6b20-4020-95db-88b23585351b.

١٢- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی جۆری گرێبەستە نەوتییەکانەوە، بڕوانە: طارق کاکەڕەش محی الدین(٢٠١٤)، العقود النفطية وخلافات الحكومة الاتحادية واقيم كردستان حولها، جامعه التنميه البشرية:

https://www.researchgate.net/publication/326096927_alnft_wanwa_alqwd_alnftyt.

١٣- بڕوانە: جیهانگیر سدیق گوڵپی(٢٠٢٠/٩/٢١)، پرسی مووچە لەنێوان هەرێم و بەغدا:

https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/35d903b9-045d-4c52-9bcf-67cc2f552eb8.

١٤- بڕوانە یاساکانی بودجەی گشتیی عێراق، ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٩.

١٥- بڕوانە یاساکانی بودجەی گشتیی عێراق، ساڵانی ٢٠١٥-٢٠١٩.

١٦- بەپێی ئەو زانیارییانەی کە میدیاکان لە بارەی گفتوگۆکانی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ لەنێوان وەفدی هەرێم و بەغدا لە بارەی جێبەجێکردنی یاسای کورتهێنانی دارایی عیراق بڵاویان کردووەتەوە، بەغدا هەمان ویستی بەڕاشکاوی دەربڕیوە.

١٧- بڕوانە: جیهانگیر سدیق گوڵپی(٢٠٢٠)، گرفتەکانی داهاتی گشتی لە هەرێمی کوردستان و ڕێگەکانی چارەسەرکردنیان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە٢: https://www.centerfs.org/725000-public-revenue-problems-in-the-kurdistan-region-and-ways-to-solve-them/?fbclid=IwAR2o7Qhs8lhGXHPuqU0TGi_30ePHB4W86AA4JhA7NO1XyVYHhZKlrvbF4nI.

١٨- ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان عێراق ساڵی ٢٠١٣، هەولێر، کانوونی یەکەم، ٢٠١٢.

١٩- حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق، ئەنجوومەنی وەزیران، هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە حکومەتی ناوەندی، هەولێر، کانوونی یەکەم، ٢٠١٢.

٢٠- بڕوانە ئەو دوو سەرچاوەیەی خوارەوە:

The irrefutable logic of numbers and the inevitability of reform in Iraq, Ahmed Tabaqchali.

https://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/the-irrefutable-logic-of-numbers-and-the-inevitability-of-reform-in-iraq/

جیهانگیر سدیق گوڵپی (1/9/2020)، "عێراق؛ گەمەی قەرز و خەرج و یەدەگ":

،https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/b68e05cb-2e96-4202-9f85-389ffee53cfd.

- بڕوانە: جیهانگیر سدیق گوڵپی(٢٠٢٠/٦/١٨)، بەغدا چۆن مووچە دابین دەکات:

https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/8e1e758c-63f5-4208-9a0a-044f0df52c5e.

# ستراتیژی بەڕێوەبردنی میدیا لە هەرێمی کوردستان

## شرۆڤە و سیناریۆ ئایندەییەکانی



د. کارزان محەمەد
پسپۆڕی بەڕێوەبردنی میدیایی



**بەرایی**

لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، ستراتیژ و شێوازی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان بەپێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هاتنەئارای میدیای ئازاد و ئۆپۆزسیۆن و ململانێکانی لەگەڵ میدیای حیزبی و سێبەردا، کاریگەریی لەسەر بەئاراستەدابردنی پەیامەکانی بۆ ڕای گشتی و بیروبۆچوونی جەماوەری هەبوو، لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی میدیا لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە شەنوکەو و هەڵسەنگاندنە بۆ خستنەڕووی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی. پێشنیارکردنی مۆدێلێکیش بۆ ئایندەی ستراتیژی میدیا، هەنگاوێکی بایەخدارە بۆ گەڵاڵەکردنی چوارچێوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ڕووداوەکاندا.

بایەخی توێژینەوە لەم بابەتە، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە بوونی چەندین دۆخی گرنگ، بەتایبەت دۆسیەکانی (جەنگ و تیرۆریزم، قەیرانی دارایی، هەڕەشەی تەندروستی، کەموکوڕییەکانی سیستم و بەڕێوەبردن)، تەوەری گەرموگوڕی میدیای کوردستانیین، لە ڕێی ستراتیژێکی بەرپرسیارانەوە دەتوانرێ دیسپلین و ئامانجەکانی میدیاییەکی دروست بە ئاراستەدا ببەین. بە مانایەکی تر، جەماوەر لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی و میدیاوە دەرفەتی دەستەبەری هەواڵ و زانیاری و تەنانەت پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونیشیان بۆ ڕەخسا، لە هەمان کاتدا زاڵبوونی ڕەوشی سیاسی بەسەر هەلومەرجی هەرێمی کوردستان، ستراتیژی بەڕێوەبردنی میدیاکان و پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەردا خستووەتە بەردەم کۆمەڵێك مەترسی، لە لایەکەوە گرفتی سەروەریی یاسا بۆ گەرەنتی ئازادیی ڕادەربڕین بووە مایەی داخستنی چەندین کەناڵ و ئامرازی تری میدیا، هەم دۆخەکەش لەلایەن هەندێ میدیاوە خراپ بەکار هێنرا بۆ ئامانجی نادروست و نایاسایی.

ئێستا گرنگترین مەسەلەی ستراتیژی میدیا، شەنوکەوکردنی هەلومەرجەکە و پاشان خستنەڕووی پێشنیارە بۆ ئۆرگانیزەکردنی پەیوەندیی نێوان میدیا و کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان لەسەر هەردوو بنەمای بەرپرسیارێتیی ئاکار و یاسا، بەو پێیەی پرەنسیپە ئاکارییەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسانیش وەك پاشکۆیەکی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ پەسەند کراوە، ئەو پرەنسیپانە وەك مادە و بڕگەی یاسایی، ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانی میدیایە کە لە پڕۆسەی گەیاندنی پەیام و مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا؛ لەبەرچاوی بگرن.

لەم شرۆڤەیەدا هەوڵ دەدەین دۆخی ئێستای میدیای کوردستانی و پێشنیار بۆ چاکسازی لە ستراتیژیی مۆدێلەکانی میدیادا؛ بۆ ئایندەیەکی باشتر بخەینە ڕوو.

**تەوەرەی یەکەم: چەمکی ستراتیژ، تایبەتمەندی و ئاستەکانی**

بایەخ و قووڵایی مەسەلەی ستراتیژ لە کۆی بوارە گرنگەکانی ژیاندا، بووەتە مایەی فرەچەشنی لەو پێناسانەی بۆ ئەم چەمکە خراونەتە ڕوو.

زاراوەی ستراتیژی یەکەمین جار لە سەردەمی یۆنانی کۆندا لە زانستی سەربازییەوە ڕۆچووەتە بوارەکانی تر، چەمکی "Strategos" پێك هاتووە لە دوو دەستەواژەی "Stratus" بە مانای سوپا و "Ego" بە واتای ڕێبەرایەتی دێت، کە ئاماژەیە بۆ سەرکردایەتیکردنی سوپا .

گەشەسەندنی دەوڵەتان لەدوای سەدەکانی ناوەڕاست و فراوانبوونی سنوورەکانی هەژموونی کۆلۆنیالیزم بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، بایەخی داڕشتن و کارکردن لەسەر بنەمای "ستراتیژ" لە کۆی ڕەهەندەکانی تردا هەستیارتر کرد. بەکارهێنانی ئەم زانستە لە بوارەکانی تری مرۆڤایەتی، بە بڕوای "بێرنارد تایلۆر"، بە ئامانجی ڕەخساندنی دەرفەت و بەرەو پێشبردنی گۆڕانکاریی بنچینەییە، لە پێناو باشترکردنی پرۆسەی ئەنجامدانی کاروبارەکان .

لێرەدا بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکی ستراتیژی و ڕەهەندەکانی، پێویستمان بەو پێناسانەیە کە لە دیدگای جۆراوجۆرەوە خراونەتە ڕوو.

بە بڕوای "مەك دانێل"، ستراتیژ بریتییە لە: کۆمەڵێك ڕێسای بەرنامەڕێژی و بڕیاردان لە پێناو بەئاراستەدابردنی کار و مامەڵەی دامەزراوەیەك. بەپێی بۆچوونی "بۆفەر ئەندرێ"، ستراتیژ واتە: شێوازی بیرکردنەوە کە ئامانجەکەی ڕێکخستن و داڕشتن و پۆلێنی سیستماتیکانەیە، بە ئامانجی بەرنامەڕێژی بۆ هەر جووڵە و هەنگاوێك کە پێویستە بەپێی گرنگی و بایەخ ڕیزبەند بکرێن، پاشان بەپێی ئەم بەرنامەڕێژییە کاریگەرترین ڕێبازیش بۆ هێنانە دیی ئامانجەکان دەستنیشان بکرێت .

لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین ستراتیژ بووەتە پرۆسەیەکی سەرەکی لە ڕێڕەوی هەر دامەزراوەیەکی فەرمی و نافەرمی کە بە شێوەیەکی گلۆباڵی یاخود لۆکاڵی بیەوێ بەرنامە و ئامانجەکانی بە شێوەیەکی زانستی بە ئاراستەدا ببات.

خاڵی گرنگی ستراتیژیش تایبەتە بە داڕشتنی بەرنامەی درێژمەودا و دیاریکردنی ڕێکارە گشتییەکان بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی

**"باشترین سیناریۆ بۆ ئەم جۆرە میدیایە کارکردنە بە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، واتا ئازادیی لە ڕەخنە و بڵاوکردنەوە بەو مەرجەی پرەنسیپە یاسایی و ئەخلاقییەکان بپارێزێت"**

دامەزراوەیەك یاخود دەوڵەتێك، ئەم بەرنامەڕێژییەش دەبێ (٣) تایبەتمەندی لەخۆ بگرێت:

ا- بەرنامەڕێژی لە کرۆکی خۆیدا پێشبینییە، لە بنەڕەتدا بەر لەوەی پرۆسەیەك ئەنجام بدرێت، پێویستە جۆری کارەکە و چۆنیەتیی ئەنجامدانی بزانرێت.

ب- بەرنامەڕێژی واتە بڕیاردان، ئەم پرۆسەیەش سەبارەت بەو مەسەلانەیە کە پێویستە لە ئایندەدا ئەنجام بدرێن، هەروەها ڕێکخستنی پرۆژە جێبەجێکارییەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان لەخۆ دەگرێت.

ج- بەرنامەڕێژی جەخت لەسەر کۆمەڵێك ئەنجامی پێویست دەکاتەوە کە بڕیارە لە ئایندەدا دەستەبەر بکرێن. بە مانایەکی تر، بەرنامەڕێژی ئامرازێکە بۆ دڵنیابوونەوە لە دابینکردنی ئامانجە سەرەکییەکانی دامەزراوەیەك .

لە هەنگاوی یەکەمدا کە گەڵاڵەکردنی ستراتیژە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەنگاوی دووەمەوە هەیە ئەویش شێواز و ئاستەکانی پراکتیزەکردنیەتی، واتە ئەو کاراکتەر و دامەزراوانەی ستراتیژ جێبەجێ دەکەن بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ستراتیژ لەلایەن سێ ئاستەوە پراکتیزە دەکرێت:

١- خاوەن بڕیار و داڕێژەرانی ستراتیژ

٢- بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە پێویستە ستراتیژ ورد بکەنەوە بۆ ئامانج و ڕێکار و بەرنامەی کار.

٣- بەڕێوەبەرانی بەرپرسی بەشە جۆراوجۆرەکان، کە پێویستە ستراتیژ بگۆڕن بۆ ئامانجی ساڵانە و ستراتیژی کورتمەودا، ئەویش لە پێناو دارشتنی بەرنامەیەکی پراکتیکی کە شیاوی جێبەجێکردن بن .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، ستراتیژی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی میدیایە، ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهان لە وڵاتە زلهێزەکانەوە تا کۆمپانیا مەزنەکانی کەرتی تایبەت، بودجەیەکی گەورەیان بۆ خستنەگەڕی میدیا بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان تەرخان کردووە.

هەرێمی کوردستانیش لەدوای دەرچوونی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) و گەشەسەندنی میدیای ئەهلی و ئۆپۆزسیۆن، ململانێیەکی توند لەنێوان میدیای دەسەڵات و ئەهلی و ئۆپۆزسیۆندا هاتە ئارا، لە چەندین تەوەرەی گرنگدا قەیرانی ستراتیژ یاخود کەموکوڕییەکانی لە پراکتیزەکردندا، ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی کۆمەڵگا هەبوو کە پێویستی بە شەنوکەوێکی زانستی و ئەکادیمییانە هەیە، هەر کام لەو میدیایانە خاوەنی ئاراستە و خەسڵەتی تایبەت بە خۆیانن، هەر بۆیە هەوڵ دەدەین وێڕای دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکان، کۆمەڵێك پێشنیاریش بۆ چاکسازی لە ئایندەی ستراتیژییان بخەینە ڕوو.

**تەوەرەی دووەم: ستراتیژ و مۆدیلی بەڕێوەبردنی میدیا لە هەرێمی کوردستان**

لە سەرجەم وڵاتانی جیهاندا، مۆدیلی حکومڕانیی وڵات کاریگەریی لەسەر دەستنیشانکردنی ستراتیژ و سیستمی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی میدیاش هەیە، واتە لە وڵاتانی تۆتالیتار و دیکتاتۆردا کە دەبێ میدیاکان ڕەنگدانەوەی دەسەڵات بن، کار بە سانسۆری پێشوەخت و مۆڵەتی بەر لە بڵاوبوونەوە دەکرێت و جۆری ستراتیژ و بەڕێوەبردنەکەشی لەسەر هەمان چەشنە، لە هەمان کاتدا وڵاتانی دیموکراسییش کە سانسۆری پاشوەخت و دوای بڵاوبوونەوەیە، دیموکراسییەکی شیاو لە بەڕێوەبردندا بەرچاو دەکەوێت.

لەسەر ئاستی جیهان، بەگشتی سێ جۆر بەڕێوەبردن و خاوەندارێتیی میدیا هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

١- لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی دەوڵەتدا: ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە پتر پەیوەندیدارە بە ڕژێمە دیکتاتۆری و تۆتالیتارییەکانەوە، هەرسێ دەسەڵاتە یاساییەکەی دەوڵەت هەوڵ لە پێناو دەستبەسەرداگرتنی دەزگا و ئامرازەکانی میدیا دەدەن، تا هەمیشە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاریان بهێنن. بێگومان لەم مۆدیلی بەڕێوەبردنەدا ڕەخنەگرتن زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر ڕەخنەش هەبێ؛ ئەوا بۆ چاوبەستەکییە و مەبەستی دەوڵەتی لە پشتەوەیە.

٢- لەژێر پشتیوانی و سێبەری دەوڵەتدا: بەڕێوەبردنی میدیا لەم سیستمەدا، لە وڵاتانی دیکتاتۆری و نادیموکراسی پیادە دەکرێت، دەوڵەت پشتیوانیی میدیایەك دەكات، بەڵام سانسۆرێکی توندی دەخاتە سەر تا هێڵە سوورەکان نەبەزێنێت.

٣- بەڕێوەبردنی لیبڕال: دەستەبەرکردنی زانین و ئازادیی بیروباوەڕ بە مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان دادەنێت، ئەم جۆرە سیستمە تەنها لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا پیادە دەکرێت و دەتوانین بڵێین "تیۆری لیبڕالی"یە .

بەپێی بۆچوونێکی تر، پۆلێنی گشتی بۆ دامەزراوەکانی میدیا لەسەر ئاستی جیهان لە ڕووی جۆری خاوەندارێتی و دۆخی یاساییەوە بۆ سێ جۆر دابەش دەبن:

دەستەی یەکەم دامەزراوە حکومییەکانن کە سەرچاوە و بودجەکەیان لە دەوڵەت وەردەگرن. لە ڕووی سیاسەتی کار و بەرنامەوە، سەر بە دەوڵەتن و دەسەڵاتیش هەوڵی دابینکردنی خواست و کارەکانیان دەدات.

دەستەی دووەم دامەزراوە میدیاییە گشتییەکان یاخود نیشتیمانییەکانن، وێڕای وەرگرتنی یارمەتی لە حکومەت و دەوڵەت، بودجەکەیان لە ڕێگەی هاریکاریی جەماوەری و ئابوونەوە دابین دەکەن. میکانیزمی کارەکانیان بریتییە لە چاودێری.

دەستەی سێیەم دامەزراوە میدیاییەکانی کەرتی تایبەتن، بە میدیای بزنسیش ناو دەبرێن.

ئەم دامەزراوانە وێرای بایەخدان بە بەرژەوەندیی کۆمەڵگا، لە کارەکانی خۆیان بەرپرسیارن و بودجەیان لە ڕێی بەرهەم و خزمەتگوزاری و کارە بازرگانییەکانەوە دابین دەکەن .

هەر کام لەو سێ جۆرە میدیایەی ئاماژەمان پێ دا، وێرای جیاوازی لە سپۆنسەری ماددی و مەعنەوی و ئاراستەی کارەکانیان، پێویستیان بە سێ ئاست کاری میدیایی هەیە. بە مانایەکی تر، بەڕێوەبردنی ستراتیژێکی سەرکەوتوو، پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنی ورد و هەمەلایەنە و دروستی ژینگەی کار لە سێ بواری سەرەکیدا کە بریتین لە:

١- بواری پیشەیی

لە بواری پیشە و کاری میدیادا، گرنگترین ئەو کەسە سەرەکییانەی ڕۆڵ دەگێڕن بریتین لە:

ا- خوێنەر و بەردەنگ (بەربێژ)

ب- ڕکابەر و خاوەن سپۆنسەرەکان

ج- کۆمەڵگا و دەوڵەت

د- خاوەندارانی دامەزراوەکان، پشکداران و هاوبەرژەوەندەکان

٢- ژینگە و هەلومەرجی گشتی: ئەوانەی ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەیە بریتین لە کۆمەڵێك فاکتەری: (ئیکۆلۆژی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، کولتووری، کارگێڕی، ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆجیا یاخود تەکنەلۆجیای زاڵ).

٣- بواری نێودەوڵەتی: (٤) فاکتەر ڕۆڵی سەرەکییان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی میدیا هەیە وەك:

ا- پرۆسەی گلۆباڵیزم

ب- پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی

ج- هەرەسی ڕژێمە کۆمۆنیستی و دیکتاتۆرییەکان و ململانێی ئایدۆلۆجی

د- قەیرانەکان (بۆ نموونە ژینگە)

لەم تەوەرەیەدا ئەوەی جێی بایەخە، لە هەرێمی کوردستاندا پشتبەستن بە یاسای ژمارە (٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧)، سیستمی ئاگاکاری بۆ میدیا پەیڕەو دەکرێت کە خاوەنی خەسڵەتێکی دیموکراسییانەیە و پشت بە هەردوو تیۆری لیبراڵیزم و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. بە مانایەکی تر، هیچ جۆرە سنوورێك (جگە لەو مەسەلانەی لە یاسادا هەن) بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەوانی نییە، هاوڵاتیان و کۆمپانیا و گرووپەکان دەتوانن بەئازادی یا تەنها بە جاڕنامەیەك یا داوای تۆماری ناوی بڵاوکراوەیەك، ڕۆژنامە جێمەبەستەکەی خۆیان بڵاو بکەنەوە . واتە کار بە سیستمی ئاگاداری دەکرێت کە بریتییە لە ئاگادارکردنەوەیەکی نووسراو، کەسێك پێشکەشی ئەو لایەنی پەیوەندیدارەی دەکات کە یاسا دیاریی کردووە، ئاگاداری دەکاتەوە کە دەیەوێت ڕۆژنامەیەك دەربکات و بڵاوی بکاتەوە .

لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، میدیا لە هەرێمی کوردستاندا سەرەتا بە مۆدێلی حیزبایەتی و پشتیوانیی دەسەڵات؛ دەستی بە پرۆسەی گەیاندنی پەیامەکانی خۆی کرد، هاوکاتی گەشەسەندنی دیموکراسی و دەرکردنی چەند

**بڵاوکردنەوەی درووشم و هەواڵ و زانیاریی وروروژێنەر و هاندان بۆ توندوتیژی لە میدیادا، بەشێکن لە دیاردەی پۆپۆلیزمی میدیایی، ئەمەش زیان بە ستراتیژی میدیایی و متمانە و بەرپرسیارێتییان لە کۆمەڵگادا دەگەیەنێ**

یاسایەکی پەیوەست بەو بوارە، لەلایەن کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی خەمخۆر و دەستەبژێرەوە مۆدیلی لیبڕالی میدیایی و بزنسیش هاتە ئارا، دەستوەردانی حیزبەکان و ململانێی توندی ئەو دوو مۆدیلە، جۆری سێیەمیش کە میدیای سێبەر و نیمچەئەهلی بوو، بە پشتیوانیی حیزبەکان لە بوارەکەدا کەوتە گەڕ.

ئەم میدیایانە کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی هەبوو بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکان و ساتە هەستیارەکانی نموونەی پرۆسەی هەڵبژاردن، لە ڕووی ستراتیژەوە بە مەبەست بێ یاخود بێ مەبەست، کەموکوڕی و خاڵی نێگەتیڤیان هەیە کە زۆر جار سنوورەکانی یاسا و ئاکاری پیشەی پیرۆزی ڕۆژنامەگەرییان بەزاندووە.

بە ئامانجی بەرەو پێشبردنی ستراتیژی میدیایی و چارەسەری گیروگرفتەکانی، لە تەوەرەی سێیەمدا (٣) ڕێکار بۆ چارەسەری گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم ستراتیژی ئەو میدیایانە دەخەینە ڕوو:

**تەوەرەی سێیەم: ڕێکارەکانی گەشەپێدانی ستراتیژیی میدیا لە هەرێمی کوردستان**

دامەزراوەکانی میدیا لە پێناو هەنگاونان بەرەو دەسەڵاتی چوارەم لە هەرێمی کوردستان، پێویستە هاوشانی گۆڕانکارییەکان کار بۆ داڕشتنی ستراتیژێکی مۆدێرن بکەن کە وێرای گەیاندنی پەیام، بەرپرسیارێتی لەهەمبەر چارەنووسی میللەتەکەیان بگرنە ئەستۆ.

ئەزموونی سێ دەیەی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە هەرسێ مۆدیلی میدیا (دەسەڵاتداری و حکومی، ئۆپۆزسیۆن و سەربەخۆ و کەرتی تایبەت، نیمچەئەهلی یاخود میدیای سێبەر) ناتوانن ببنە ئەلتەرناتیڤی یەکتر، بەڵکوو دەشێ تەواوکاری پرۆسەی کاری میدیایی بن بە مەرجێك لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە سنوورەکانی ئازادیی ڕادەربڕین و سەروەریی یاسادا بێت.

چەند فاکتەرێکی پەیوەندیدار بە ستراتیژی کاری میدیایی هەن (دەشێ بە چاودێری و هاندانی پەرلەمان بێت) کە پێویستە میدیاکان لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاوی بگرن:

فاکتەری یەکەم: سەرجەم دامەزراوەکانی میدیا، لەو ڕوانگەیەوە کە خاوەنی مۆڵەتی فەرمین و ئاراستەی پەیامەکانیان لە جەماوەری کوردستانە، پێویستیان بە چوارچێوەی کاری هاوبەش هەیە (بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکانی وەك: کێشەی دارایی و تیرۆریزم و مەترسییە

تەندروستییەکان). واتە وێڕای جیاوازیی بیروبۆچوونیان، مادام گریمانەی کاری میدیایی بۆ خزمەتی وڵاتەکەیە، بە سەرپەرشتیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی، دەشێ لە ڕێگەی (دیدار و چاوپێکەوتن، ڕاپرسی) لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی کەناڵەکان، بەرنامەی کۆنفرانسێکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەری گرفتە ستراتیژی، کارگێڕی، داراییەکانیان ساز بدرێت، هەڵوێستیشیان لە ئاست مەسەلە نیشتمانییەکان ڕۆشنتر بێت.

فاکتەری دووەم: بۆشایی یاسایی لەدوای سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی ڕێژەی کەناڵە ئاسمانییەکان، بووەتە مایەی گرفتی یاسایی و خراپ بەکارهێنانی ڕێنوێنییە فەرمییەکان دەرهەق بە میدیاکان. لەم ڕوانگەیەوە لە پێناو پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین کە پرەنسیپێکی گرنگی دیموکراسییە، پێویستە دەستەبەری ئەرك و مافەکانیان بەپێی یاسا بێت، هیچ کەس و لایەنێکی نموونەی هێزی سەربازی، مافی دەستوەردانی لە ستراتیژ و کاری بەڕێوەبردنیاندا نەبێ. پەسەندکردنی یاسای تایبەت بە میدیای نوێ، بە مەرجێك لەسەر بنەمای دیموکراسی و لەبەر ڕۆشنایی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی بواری ئازادیی میدیادا بێت، قازانجی بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی میدیا هەیە بە هۆی گرەنتیی مافەکانیان، هەم دەسەڵاتیش لەبریی بەکارهێنانی هێز؛ دەتوانێ بەپێی یاسا مامەڵە بکات.

فاکتەری سێیەم: داواکاری گشتی و سەروەریی یاسا ئەکتیڤتر بکرێت، ئەرکی سەرشانیەتی لە پێناو پاراستنی مافە گشتییەکانیش لێپێچینەوە لە میدیاکان بکات، هەم سزای هەر لایەنێکیش بدات کە دەستدرێژی بۆ سەر میدیاکان ئەنجام دەدات.

لە هەرێمی کوردستان ستراتیژی میدیاکان بە هەموو ئاراستەکانەوە (حکومی، حیزبی، ئەهلی و ئازاد و سەربەخۆ)، بەپێی تایبەتمەندییەکانیان و لە کاتی پراکتیزەکردنی بەرنامەکانیان، کەموکوڕیی تایبەت بە خۆیان هەیە کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەدەین:

**ستراتیژی میدیای لیبڕاڵ و ئەهلی و کەرتی تایبەت**

لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ئامارەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕێژەیەکی زۆری میدیا (چاپکراو و ئەلیکترۆنی، کەناڵ و ڕادیۆی لۆکاڵی و ئاسمانی) هەن کە بە خاوەندارێتیی سەربەخۆ تۆمار کراون، لە هەمان کاتدا زۆر جار ململانێکان بە چەشنێ توندوتیژ بوون کە ئەو میدیایانە ڕووبەڕووی هەڕەشە و داخستن بوونەتەوە. لە پێناو پاراستنی ئازادیی کار و مافی زانین و بڵاوکردنەوە بۆ ئەم میدیایانە وەك پرەنسیپێکی دیموکراسی، هەروەها پاراستنیشیان لە هەر جۆرە ململانێیەکی توندوتیژ و ڕێزگرتن لە سنوورەکانی ئازادی، چەند پێشنیارێك دەخەینە ڕوو:

- پەیڕەویی لە تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی: ئەم تیۆرە دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، لیژنەیەك لەژێر ناوی ئازادیی ڕۆژنامەوانی لەلایەن (١٢) ئەکادیمی پێك هێنرا و پرۆفیسۆر "ڕۆبەرت هۆتشنز" سەرپەرشتیی دەکردن، ئەرکیان تاوتوێی ڕۆژنامەوانی ئەمەریکی بوو کە لەلایەن گۆڤاری "تایم"ی ئەمەریکی و ئینسایکلۆپیدیای بەریتانییەوە پشتیوانییان لێ دەکرا، سەرەنجام لە ساڵی (١٩٤٧)دا ڕاپۆرتێکیان لە دووتوێی کتێبێدا بە ناوی "ڕۆژنامەوانی ئازاد و بەرپرسیار" بڵاو کردەوە . ئامانجی ئەم تیۆرە، دانانی کۆمەڵێك پرەنسیپی ئەخلاقی بوو بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان میدیا و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا لیبڕاڵەکاندا . لەم مۆدێلەدا هەوڵ دراوە لەنێوان هەرسێ بنەمای "ئازادیی تاکەکەس" و "ئازادیی ڕاگەیاندنەکان" و "ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لەهەمبەر کۆمەڵگادا"، جۆرە هەماهەنگییەك دروست بکات .

بایەخی تیۆرەکە بۆ میدیای ئەهلی و کەرتی تایبەت لەوەدایە کە سەرەڕای فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، دەبێ بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکانی کۆمەڵگادا بکات، چونکە ئامانجی سەرەکیی؛ خزمەتە نەك ورووژاندن و دنەدان بۆ توندوتیژی و تاوان.

- شەفافیەت لە بودجەدا: سەرجەم میدیا لیبڕال و نیمچەسەربەخۆکانیش کە هەمیشە ڕەخنەی نادیاری سەرچاوە و بەکاربردنی داهات لە حکومەت دەگرن، پێویستە لە یەکەمین قۆناغدا و ساڵانەش سەرچاوەکانی داهات و مەسرەفی خۆیان بخەنە ڕوو لە پێناو دڵنیایی لە سەربەخۆبوونیان.

- مامەڵەکردن لەگەڵ ڕای گشتی: پەیوەندییەکی هەستیار لەنێوان میدیا و جەماوەردا هەیە، ئەرکی سەرشانی میدیا لیبڕالەکانە لەسەر بنەمای بەرچاوڕوونی و ڕێنوێنیی جەماوەر، نەك ورووژاندن و هاندان بۆ توندوتیژی پەیامەکانیان بگەیەنن، چونکە پەرەسەندنی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا زۆر جار زیانی بە خودی میدیاکان و ڕۆژنامەنووسانیش گەیاندووە، ئاماری ساڵانەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەمیشە جەخت لەسەر کوژران و برینداربوون و دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان لەو ناوچانەدا دەکەنەوە کە توندوتیژیی تێدا ڕوو دەدەن.

- پاراستنی متمانە: بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست یاخود گوماناویی بە ئامانجی سەرنجڕاکێشان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەردەنگ، کێشەیەکی گەورەی میدیایە کە زۆر جار بووەتە مایەی قەیرانی متمانە لەناو جەماوەردا، لەم ڕوانگەیەوە بەرپرسیارێتی لە پرۆسەی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، پارێزگاری لە متمانەی میدیا دەکات.

- بایەخدان بە ئاسایشی نەتەوەیی: هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی جۆرەها

مەترسیی ئاسایشی نەتەوەیی بووەتەوە (بۆ نموونە تیرۆریزم و جەنگ)، ئەرکی میدیاش قورستر و هەستیارە، بڵاوکردنەوەی هەر پەیام و زانیارییەك دەبێ بە فلتەری ئاسایشی نەتەوەیی تێپەڕ ببێ، تا خودی میدیاکان لەو هەڕەشانە پارێزراو بن.

- ڕێزگرتن لە پرەنسیپەکانی ئاکاری پیشەیی: گیروگرفتێکی گەورەی ئەم جۆرە میدیایە، بایەخنەدانی تەواوەتییە بە یاسا و ئاکاری پیشەیی. ئێستا لەناو میدیای ئەهلی و ئۆپۆزسیۆندا ڕێژەی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە لە بەرزترین ئاستدایە، بە جۆرێك چەندین هەواڵ و وتار و زانیاری هەن زیان بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنن. بەپێی یاساکانی پەیوەندیدار بە میدیا لە هەرێمی کوردستان و پرەنسیپە ئاکارییەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان کە پاشکۆی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ە، جێبەجێکردنیان ئەرکێکی یاسایی و گلۆباڵییانەیە.

- بەرپرسیارێتی لە ساتی قەیراندا: قەیران کاریگەریی لەسەر بوارە گرنگەکانی کۆمەڵگا و کەرتە جۆراوجۆرەکانی حکومەت جێ دەهێڵێت، لەم ڕوانگەیەوە هەر ستراتیژ و پلانێك بۆ بەگژداچوونەوەی قەیران، هەنگاوێکی گرنگە لە پێناو گەشەپێدانی مرۆیی. هەرێمی کوردستانیش کە لە ماوەی یەك دەیەی ڕابردوو بە سێ قەیرانی گەورەدا تێپەڕی (جەنگی تیرۆریزم، گرفتی دارایی، هاتنەئارای کۆڤید-١٩ و کێشەی تەندروستی)، ئەرکی سەرشانی میدیای لیبڕال و ئەهلییە کە ڕۆڵی ڕێنوێنی و فێرکاریی جەماوەر ببینێ بە ئامانجی کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی قەیران.

- خۆپارێزی لە پۆپۆلیزم: بڵاوکردنەوەی درووشم و هەواڵ و زانیاریی وروژێنەر و هاندان بۆ توندوتیژی لە میدیادا، بەشێکن لە دیاردەی پۆپۆلیزمی میدیایی، ئەمەش زیان بە ستراتیژی میدیایی و متمانە و بەرپرسیارێتییان لە کۆمەڵگادا دەگەیەنێ، بۆیە خۆپارێزی لەم جۆرە ئاراستەیە، خزمەت بە پەیامی ڕاستەقینە و مرۆیی میدیا دەکات.

- چاودێریی ڕاستەقینەی حکومڕانی و کۆمەڵگا: هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی دانەبڕاو لە وڵاتانی خۆرهەڵات، جۆرەها دیاردەی تاوان و سەرپێچیی تیادایە، ئەرکی میدیایە کە چاودێریی بارودۆخی کۆمەڵگا بکات بە مەبەستی برەودان بە خەسڵەتە جوان و باشەکان و بنەبڕکردنی دیاردە نیگەتیڤەکان.

### ستراتیژی میدیای دەسەڵات و حیزبی

هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین میدیای سەر بە دەسەڵات و حیزبییە، بەگشتی لەناو ئەو وڵاتانەی کە حیزبی تێدایە، سانسۆری سیاسی بەسەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە کاتی دەرچوونیاندا دەسەپێنن، ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی هەر حیزبێك ناتوانن ڕەخنە ئاراستەی حیزبەکەیان بکەن.

میدیای حیزبی بەگشتی ستراتیژی خۆیان لەسەر بنەمای تیۆری دەسەڵاتداریتی دارشتووە، کۆنترین جۆری تیۆرە و دەسەڵات هێندە بە پیرۆز سەیر دەکات کە شیاوی رەخنەلێگرتن نییە. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تیۆرەش دەگەرێتەوە بۆ فەیلەسووفی دێرینی یۆنان (ئەفلاتوون)، لە کتێبی "کۆمار"دا بنەمای فەلسەفیی سیستمی حکومرانیی ئەم تیۆرەی دارشتووە و ئەمرۆش میدیای حیزبی دەسەڵاتدار ئەم تیۆرە بۆ بواری میدیا بەکار دەهێنن، واتە: دەوڵەت بریتییە لە بەرژەوەندیی باڵا و بەرژەوەندیی تاکەکەسیش دەخرێتە خزمەتی .

سانسۆر یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە، موڵکایەتیی میدیا دەبێ لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی حکومەت یاخود دەسەڵاتدا بێت .

ستراتیژی ئەم جۆرە میدیایانە، چەندین کەموکوریی تێدایە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە جەماوەرەوە هەیە و پێویستی بە چارەسەرە، گرنگترینیان بریتین لە:

- زاڵبوونی بەرژەوەندیی حیزبی و تەشریفاتی.

- پشتگوێخستنی خواستەکانی جەماوەر بۆ خزمەتگوزاری و چاکسازی.

- بیرۆکراتیەت لە ستراتیژ و دەستنیشانکردنی پۆستە میدیاییەکان.

- قۆرغکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی حکومی لەلایەن میدیای حیزبی دەسەڵات.

- گرفتی راستگۆیی لە بڵاوکردنەوەی بابەت سەبارەت بە داتا و داهات و دۆسیە گرنگەکانی تری وڵات.

وێرای ئەم کەموکورییانەی سەرەوە، هەر حیزبێك ئەگەر بەرنامەی حکومرانییەکی جەماوەریی هەبێت، بەدڵنیاییەوە پێویستی بە ستراتیژێکی میدیایی هەیە کە پشتیوانی لە خواستی جەماوەری و دەستەبەری مافی زانین و بەدیهێنانی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بکات.

**ستراتیژی میدیای نیشتمانی**

تا ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان خاوەنی گرنگترین مۆدیلی میدیا نیین کە ئەویش میدیای نیشتیمانییە.

ئەم مۆدیلە لەسەر بنەمایەکی ستراتیژیی خزمەت بە نیشتمان دادەمەزرێت، پەیامێکی روون و ئاشکرای بۆ جەماوەر هەیە، ئەویش پاراستنی دەستکەوتی نەتەوەیی و چارەسەری کەموکورتییەکانی بەرێوەبردنە کە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە ژیان و گوزەرانی خەڵك هەیە.

پرەنسیپێکی تری میدیای نیشتمانی، راستگۆیی و بێلایەنییە لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان، ئەمەش فاکتەرە بۆ بونیادنانی جەماوەرێکی هۆشیار لە ئاست دۆسیەکانی کۆمەڵگا و چۆنیەتیی پەروەردە و رێنوێنییان بۆ هەنگاونان بەرەو چەسپاندنی دیموکراسی و خۆشگوزەرانی لە هەرێمی کوردستان.

هەروەها شرۆڤەی دروست بۆ پێشهات و دۆسیە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی

کوردەواری، بنەمایەکی تری میدیای نیشتیمانییە کە لە هیچ کام لە مۆدێلەکانی تردا نابینرێت.

دامەزراندنی میدیای نیشتمانی، ئەگەر لە ڕووی بودجەوە ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ، ئەوا لە پراکتیکدا پێویستی بە خەمخۆری و هاتنەپێشەوەی ڕووناکبیرانی دەستەبژێر و ڕاستەقینە هەیە.

ئامانج لەو سێ پێشنیارەی سەرەوە بۆ چاکسازی لە ستراتیژی میدیاکان، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە ئێستا هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی پڕ لە قەیران و هەستیاردا تێدەپەڕێت، پێویستی بە پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە ستراتیژی میدیاکاندا هەیە، ئەو ئاستانگانەی لە بەردەمدا هەن، چارەسەرکردنیان دەبێتە فاکتەرێك بۆ گەشەپێدان و ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی جەماوەر لە میدیادا، هەر ئەمەش گرەنتیی سەرکەوتنی ستراتیژییان بۆ فەراهەم دەکات.

### سیناریۆکانی ئایندە بۆ چاکسازی

سیستەمی میدیا لە هەرێمی کوردستان، بەپێی جۆری خاوەندارێتی و ڕەوشی سیاسی، ستراتیژ و ئاراستەی پەیامیان بۆ کۆمەڵگا لەیەکتر جیاوازە، لەم ڕوانگەیەوە کە سەرجەم میدیاکان دەیانەوێت لە ڕێگەی کاریگەرییەکانیانەوە کۆمەڵێك ئامانج بهێننەدی، لێرەدا بەگوێرەی جۆری میدیا کوردستانییەکان، چەند سیناریۆیەك بۆ چاکسازیی سیستەمی بەڕێوەبردنیان دەخەینەڕوو:

**سیناریۆی یەکەم:** میدیای حیزبی کە پشت بە تیۆری دەسەڵاتدارێتی دەبەستێت، واتا کەمترین دەرفەتی بۆ ڕەخنە لەخۆگرتن هەیە و خۆپارێزە، پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە مۆدێلی ئەم میدیایە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ ناتوانێت کاریگەری دروست بکات و خۆری ئاوا بووە، باشترین ڕیفۆرمیش بریتییە لە چاکسازی لە ستراتیژیی کار و شێوازی بەڕێوەبردن بەرەو میدیایەکی نیمچەکراوە، بەمانایەکیتر هەر حیزبێك خۆی بە جەماوەریی بزانێت، پێویستی بە میدیایەکی جەماوەریش هەیە.

حیزبەکان لە کوردستان بۆ پشتڕاستکردنەوەی پرۆگرامی پەسەندکراوی خۆیان کە پێداگرییە لە خزمەت بە خەڵك، چارەسەرێکی ڕیشەیی لە میدیاکانیاندا، تەنیا گەڕانەوەیە بەرەو بونیادنانی میدیایەکی نیشتیمانی.

**سیناریۆی دووەم:** بەپێی ئامارە فەرمییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دامەزراندنی دامەزراوەی میدیایی (کەناڵ، پێگەی ئەلیکترۆنی، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤار) لە لایەن کەرتی تایبەت بەڕێژەیەکی بەرچاو گەشەیسەندووە، هەندێکیشیان بەهۆی قەیرانی دارایی، ڕووبەڕووی داخران بوونەوە. ئەم میدیایە هەرچەندە وەك ئامرازی ڕیکلام و پروپاگەندە بۆ دامەزراوەکانیان بەکارهێنراون، بەڵام بۆ خزمەتێکی زیاتر بە کۆمەڵگە، پێویستە هەر ٥ ڕۆڵە سەرەکییەکەی میدیا لەبەرچاو بگرن کە بریتین لە:

١. ڕۆڵی چاودێری (Surveillance Role)

٢. ڕۆڵی فێرکاری و ڕاهێنان (Training Role)

٣. ڕۆڵی ڕێبەرایەتی (Leadership Role)

٤. ڕۆڵی گواستنەوەی کولتوور (Transmission Role)

٥. ڕۆڵی سەرگەرمی و کاتبەسەربردن (entertainment Role)

سیناریۆی سێیەم: لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بەتایبەت لەدوای دەرچوونی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ساڵی ٢٠٠٠، دەرفەتێکی نوێ بۆ کاری میدیای ئازاد هاتەئارا، باشترین خەسڵەتی میدیای ئەهلی، بڕەودان بە کولتووری ڕەخنە و چاودێریی میکانیزمی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی بوو. لایەنی نەرێنی ئەم میدیایە، هەندێکجار ئەنجامدانی تاوانی بڵاوکردنەوە بووە کە خۆیان و کەسانی تریان دووچاری گرفت کردووە.

باشترین سیناریۆ بۆ ئەم جۆرە میدیایە کارکردنە بە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، واتا ئازادیی لە ڕەخنە و بڵاوکردنەوە بەو مەرجەی پرەنسیپە یاسایی و ئەخلاقییەکان بپارێزێت، بۆ نمونە پرەنسیپەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئاستی جیهان پەسەند کراوە و ئێستا پاشکۆی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە ٣٥-ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان. ئەم پرەنسپانە وێرای پاراستنی سنورەکانی ئازادیی ڕادەربرین، دەبێتەمایەی دوورخستنەوەی میدیا لە خراپ بەکارهێنان و تاوانەکانی بڵاوکردنەوە.

سیناریۆی چوارەم: میدیای ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بەشداریی حیزبەکانیان لە دەسەڵاتی حکومڕانی، ڕێژەی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرەو داکشانە. گرفتی ئەم میدیایە لە ڕاگرتنی باڵانسە لەنێوان خواستی جەماوەر و ڕەخنە و نارەزایەتییەکانیان بۆ چاکسازی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە لەناو دەسەڵات، جۆرە تێکەڵاوییەك لە پەیامەکانیاندا هەیە، باشترین هەنگاویش بەرهەمهێنانی میدیای نیشتیمانییە کە پتر لەسەر بایەخدان بە چەمکەکانی ڕیفۆرم و چاکسازی بێت تا دنەدان بۆ توندوتیژی.

لە کۆی سەرجەم سیناریۆکاندا، لێرەدا لەپێناو باشترکردنی ستراتیژیی میدیای کوردستانی، کۆمەڵێك هێڵی گشتی بۆ مۆدیلە جۆراوجۆرەکانی میدیا پێشنیاز دەکرێت:

-بەرهەمهێنانی میدیایەکی نیشتیمانی، بەئامانجی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و بایەخدان بە کۆی کەرتەکانی کۆمەڵگە.

-بەجێهێنانی ٥ ئەرکەکەی میدیا کە لە سیناریۆی دووەمدا ئاماژەمان پێداوە، ئەرکی سەرەکی سەرجەم میدیا کوردستانییەکان بێت، بە ئاراستەی خزمەتی پرسە نیشتیمانییەکان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

-پابەندبوون بە پرەنسیپەكانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان.

-خۆپارێزی لەو تاوانانەی لە یاسا بەركارەكانی هەرێمی كوردستاندا ئاماژەیان پێدراوە.

-دامەزراندنی دادگایەكی سەربەخۆ و پسپۆڕ بۆ چاودێریی میدیاكان.

.............................................

**سەرچاوەكان:**

-Bracker, Jeffrey (1980); "The Historical Development of the Strategic Management Concept", Academy of Management Review 5:P 219

-Gray, Colin S. (1999); Modern Strategy, New York: Oxford University Press, P 16-17.

- مك دانل و انسف (١٣٧٥)، استقرار مديريت استراتژيك، ترجمه: عبدالله زنديه، چاپ اول، انتشارات سمت، ص٩٦.

- بوفر اندره (١٣٦٦)، مقدمه اى بر استراتژى، ترجمه: مسعود كشاورز، دفتر مطالعات سياسى و بين المللى، ص١٣.

- د. رضا تويسركان منش، دوره أموزشى برنامه‌ريزى استراتژيك، شركت اعتباربخشى رسالت رازى، ص١٤.

- پيرس و رابينسون (١٣٧٧)، برنامه‌ريزى و مديريت استراتژيك، ترجمه: دكتر سهراب خليلي‌شوريني، انتشارات يادواره كتاب، ص٢١.

- سيد محمد دادگران (١٣٨١)، مبانى ارتباط جمعى، تهران: انتشارات فيروزه، ص١٥٨.

- طاهر روشندل اربطانى (١٣٨٦)، چيستى مديريت رسانه، فصلنامه رسانه، شماره ٧٠، ص٦-٧.

- على اكبر فرهنگى (١٣٩٠)، رهبرى استراتژيك در سازمان¬هاى رسانه¬اى، فصلنامه پژوهش هاى مديريت راهبردى، سال هجدهم، شماره ٤٩، ص٣٦.

- كاظم معتمد نژاد و رويا معتمد نژاد (١٣٨٦)، حقوق ارتباطات، جلد يكم، تهران: دفتر مطالعات و توسعه رسانه‌ها، ص١٥٨.

- عبدالله اسماعيل البستانى (١٩٥٠)، حريه الصحافة، القاهره، ص١٥١.

- Denis McQuail(1987), Mass Communication Theory: An Introduction, London: Sage Publication, P 116.

-احمد بريدى (٢٠٠٠)، حرية الصحافة، دمشق، ص٥٠.

-هرمز مهرداد (١٣٨٠)، مقدمه‌ى بر نظريات¬ و مفاهيم ارتباط¬ جمعى، تهران: مؤسسه فرهنگى فاران، ص١٠٩-١١٠.

- محمد سيد محمد (١٩٧٩)، الصحافة سلطة رابعة كيف؟، القاهرة: دارالشعب، ص٢٦.

- جيهان مكاوى (١٩٨١)، حرية الفرد و حرية الصحافة (دراسه مقارنه)، الهيئة المصرية العامه للكتاب، ص١٣.

# هەرێمی سوننە
# هەل و تەگەرەکانی بەدیهاتنی




یاسین تەها
توێژەر

### بەرایی

لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی جۆ بایدن لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا، جارێکی تر پرسی دابەشکردنی کارگێڕی و سیاسیی عێراق لەسەر بنەمای هەرێم؛ بووە جێگەی مشتومڕی پاڵپشت و نەیارەکانی پڕۆژەکە. ڕیشەی ئەم گفتوگۆیە دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیارێکی جۆ بایدن، کە ساڵی ٢٠٠٦ خستوویەتیە ڕوو بۆ دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ هەرێمی فیدراڵدا بۆ هەر سێ پێکهاتەی: شیعە، سوننە، کورد. لەم توێژینەوەیەدا باس لە "هەرێمی سوننە" دەکەین وەك ئەگەرێکی گریمانکراو، لە کاتێکدا هەندێ لە سیاسییەکانی ئەم پێکهاتەیە سەرکەوتنی "جۆ بایدن"یان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بە دەرفەت زانی تا جارێکی تر داوای زیندووکردنەوەی فیدرالیزمی سوننە بکەن[١].

### پێگەی عێراق لە دنیای سوننەگەریدا

لە خەیاڵدانی زۆرینەی جەماوەری عەرەبی سوننەدا، عێراق قەڵای سوننەگەریی عەرەبییە، زۆر جاریش وتەزایەك بە بەڵگە دەهێننەوە کە دەدرێتە پاڵ عومەری کوڕی خەتاب: "عێراق کەللەسەری عەرەب و ڕمی خوایە..."[٢]، جگە لەمەش ئەم وڵاتە بەکردەیی بۆ پێنج سەدە (٧٥٠-١٢٥٨ز) لانکەی خەلافەتی عەبباسیی سوننە بووە کە پانتاییەکی گەورە لە کولتووری سوننەگەری داگیر دەکات و دوژمن و بەرهەڵستکاری سەرەکیی عەلەوییەکان بوون. لە کۆی چوار مەزهەبی سەرەکیی سوننە (مالیکی، حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی)، سیان لەوانە لە عێراقدا چەکەرەیان کردووە و پەلیان هاویشتووە، تەنها ئیمام مالیك نەبێت کە لە شاری مەدینە ژیاوە. لە مێژووی نوێشدا عێراق بووەتە پاشکۆ و جێگە نفوزی دەوڵەتی




**بە هۆی ئەوەی لە ئایینزای سوننەدا حوکمڕان پاڵپشتیکراو و قبوڵکراوە، مەگەر کوفری گەورەی لێ دەربکەوێت، زۆر جار تای تەرازوو بەلای سوننەکاندا شکاوەتەوە**

عوسمانی (١٥٣٤-١٩١٨ز) کە تورکی سوننەی حەنەفی بوون و نزیکەی نیوسەدەش حوکمڕانی بەغدای پایتەخت بوون (١٨٣١-١٩١٧ز)، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو عوسمانییەکان عێراقیان وەکوو بنکەیەکی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی شیعە سەفەوییەکانی ئێران بەکار هێناوە و هێڵی بەرگریکردنیان بووە بەرامبەر پەلکێشانی سیاسی و جوگرافیی شیعەی سەفەوی بەرەو عێراق[٣]، بەو پێیەی دەیان مەزارگە و زیارەتگای پیرۆزی شیعەی تێدایە و لە ئێستادا بە ١٧٠ مەزار تۆمار کراون[٤]، ئەمانەش هۆکارێکن بۆ جۆشدانی گیانی شیعەگەری و هەمیشە جێگە بایەخی شیعە ئێرانییەکان و سەفەوییەکان بووە[٥].

بە هۆی ئەوەشی لە ئایینزای سوننەدا حوکمڕان پاڵپشتیکراو و قبوڵکراوە، مەگەر کوفری گەورەی لێ دەربکەوێت[٦]، زۆر جار تای تەرازوو بەلای سوننەکاندا شکاوەتەوە کە لە دەسەڵاتدارانی عێراقەوە نزیك بوون. لە مێژووی نوێی ئەم وڵاتەدا و لە سەردەمی پاشایەتی کە بنەماڵەی هاشمی بوون، لە کۆی ٥٧ کابینەی وەزاریی کۆی قۆناغەکە (١٩٢١-١٩٥٨)، تەنها چوار جار چانس بەر کەسایەتییە شیعەکان کەوتووە کە سەرۆکایەتیی حکومەت بکەن (ساڵح جەبر، حسێن سەدر، فازڵ جەمالی، عەبدولوەهاب مەرجان)، ئەو ٥٣ کابینەکەی تر لایەن کەسایەتییە سوننەکانەوە سەرۆکایەتی کراون[٧]. لە ماوەی چل ساڵی سەردەمی کۆمارییشدا (١٩٦٣-٢٠٠٣) کە دەوروبەری ٢٠ کابینەی وەزاریی پێك هاتووە، تەنها حەوت سەرۆکوەزیران بە ڕەچەڵەک لە تایفەی شیعە بوون (ساڵح جەبر - ١٩٤٧، محەمەد سەدر - ١٩٤٨، فازڵ جەمالی - ١٩٥٣، عەبدولوەهاب مەرجان - ١٩٥٤، ناجی تالب - ١٩٦٧، سەعدون حەمادی - ١٩٩١[٨]، لەگەڵ محەمەد حەمزە زوبەیدی - ١٩٩٣[٩]. هیچ لەم سەرۆکوەزیرانانەش باکگراوەندی مەزهەبی و تایفییان نەبووە و تەنها بە ڕەچەڵەک و تایفە لەسەر شیعە ئەژمارن. ئەگەر ئەمە ورد بکەیتەوە، بۆ جومگە گرنگەکانی دەوڵەتیش لە خوارەوە، کۆنترۆڵی گیانی سوننەگەریی زۆر ئاشکراتر و زەقتر بووە، تێکڕای ئەمەش وای کرد شوناسی عێراق بە پێچەوانەی واقیعە دیمۆگرافییەکەی لە بەرژەوەندیی سوننە یەکلایی ببێتەوە و ئەم تایفەیە شەرعیەتێکی مێژوویی بۆ خۆیان دروست بکەن لەمافی حوکمڕانیکردنی وڵات، بەتایبەت پاش ئەوەی سەددام حسێن بەزەبروزەنگ زۆر لە هێما و سیمبول و لانکە شیعییەکانی لە عێراقدا کاڵ کردەوە، بەتایبەت سرووتە ئایینییەکان کە مەترسی بوون لەسەر وێناکردنی شوناسێکی شیعی بۆ وڵاتەکە[١٠].

### دژایەتیی عەرەبی سوننە بۆ پڕۆژەی فیدراڵی

لە ٩ نیسانی ٢٠٠٣، لەگەڵ کەوتنی ڕژێمی سەددام حسێندا، سوننەی ناوچە عەرەبنشینەکان لەپڕدا لە حوکمڕانیی سەردەمی

بەعسەوە بوونە کەمینەیەکی "بێزراو"، لە ڕێکخستنەوەی بارودۆخی وڵاتدا بەپێی پێوەرە ئەمەریکییەکان (CPA)، بەبێ بوونی هیچ ئامارێکی دانپێدانراوی ورد و دانپێدانراو، ڕێژەی نوێنەرایەتیی عەرەبی سوننەی لە ئەنجوومەنی کاتیی فرمانڕەوادا بە ٢٢٪ی خەڵکی عێراق دیاری کرد، بەرامبەر بە ٥٥٪ بۆ شیعە و ١٩٪ کورد و ٣٪ بۆ تورکمان و پێکهاتەکانی تر[١١]، بەم پێیەش سوننەکان لە حوکمڕانەوە بوونە کەمایەتی، لە کاتێکدا بەر لە ٢٠٠٣ سیما و پایەکانی دەوڵەت لەژێر هەژموونی ئەم تایفەیەدا بوو، دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکاش ڕێژەیانی بە ٣٢٪ بۆ ٣٧٪ خەمڵاندبوو[١٢]. لەو کاتەشی سوننەکان لە گێژاوی داڕمان و لەژێر کاریگەریی لێکەوتەی گۆڕانی سروشت و ماکی دەوڵەتدا بوون، هەروەها یاساکانی لە چەشنی "ڕیشەکێشکردنی بەعس" بڕستی لێ بڕیبوون، کورد کەوتنە پێداگریکردن لەسەر چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی (٢٠٠٥)، شیعەکانیش بە هۆی ئەو هەستی ستەملێکردن و خۆخواردنەوەی هەیانبوو، ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێشوو بە هەر نرخێك بووە، بەم پێیەش سوننەکان بەتەنها و تەریك دژ بە گۆڕانکارییە گەورەکان مانەوە، کە سەرەکیترینیان دابەشکردنی دەوڵەت بوو لەسەر بنەمای هەرێمی جیاجیا[١٣]، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسی زۆری ئەم پێکهاتەیە لە پەراوێزخستن و پووکانەوە لەژێر دەست و پێی زۆرینەی شیعە و کورد کە لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆن و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕژێمی سەددامەوە لە ساڵانی نەوەدەکان پلان و درووشم و پێداگرییان لەسەر بەفیدراڵیکردن و بەهەرێمکردنی دەوڵەت هەبوو[١٤]. جگە لەوەش پرۆسەی سیاسی پاش ٢٠٠٣؛ لەسەر ململانێ و ناکۆکیی توندی نێوان شیعە و سوننە بنیات نرا[١٥]، لەمەشدا سوننەکان خۆیان بەبێ پشتوپەنا و لاواز دەبینی، بەتایبەت کە بە فەرمانی بریمەر ٤٠٠ هەزار کارمەندی دەزگا ئەمنییەکانی سەددام کە زۆرینەیان لەوان بوون؛ نێردرانە ماڵەوە[١٦]، ئەمە جگە لەوەی زۆر جار ئۆباڵی سەردەمی دیکتاتۆریەتیان دەخرایە ئەستۆ. هەر لە میانەی نکوڵیکردن و هەوڵی بەرگرتن لەم دۆخە نوێیەش، بەشێکی زۆری وزە و توانا مرۆییەکانی ناوچە سوننەنشینەکان چوونە ڕیزی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و گرووپە چەکدارە یاخییەکانی تر، بەنیازی ڕاگرتنی میلی گۆڕانکارییەکان. ناوچە سوننەکان ڕق و تووڕەیی زۆری خۆیان بەسەر ئەمەریکییەکاندا ڕژاند کە هۆکاری داڕمانی پێگە و شکۆی ئەوان بوون، بەتایبەت لە فەلوجە و ئەنبار و ڕۆژئاوای عێراق و پشتێنەی بەغدا کە بەشێکی ناو نرابوو "سێگۆشەی مەرگ"[١٧]

## پرۆژەی داعش و پرۆژەی سوننە

لە ساڵی ٢٠١٤ کە داعش ٣/١-ی خاکی عێراقی گرت، ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق لە موسڵ و سەلاحەدین و ئەنبار بەم جۆرە

پەرتەوازە و دابەش بوو، هەندێکی بوو بە ناوچەی قەڵەمڕەوی داعش، هەندێکی تری بوو بە سەربازگەی حکومەت و میلیشیا چەکدارە پاڵپشتەکانی، هەندێکی تری بوون بە ناوچەی ڕووبەڕووبوونەوە و خەڵکەکەی ئاوارە بوون و ژێرخانەکەی داڕما[١٨]، ئەمەش سوننەکانی خستە بەردەم بارودۆخێکی نوێ. سەرەتا بەشێکی بەرچاو لە سوننەکان وەک هۆیەک بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی تایفەی شیعە مامەڵەیان لەگەڵ داعش کرد و هەندێ لە سەرکردەکانی ئەم پێکهاتەیەش پەلکێشانی داعشیان بە "شۆڕش" دایە قەڵەم[١٩]، بەڵام بە ڕاگەیاندنی پڕۆژەی خەلافەت لە لایەک و کارە نامرۆیی و پڕ وەحشیگەرییەکانی ڕێکخراوەکە لە ناوچە سوننەکان، دەریخست پڕۆژەی داعش پڕۆژەی سوننەگەری نییە بەو ستایلەی جموجووڵی جەماوەریی سوننەکان دەیویست (خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی ٢٠١١ لە پارێزگا سوننەکان، بەتایبەت ئەنبار)، بەڵکە پڕۆژەی حوکمێکی ئایینیی خۆسەپێنی توندوتیژی شمولییە کە جێگای نوێنەرایەتیی تایفیی تێدا نابێتەوە و بەکەڵکی ژیانکردن نایەت[٢٠]. هاوتەریب لەم بێهیوابوونە لە داعش، ناوچە سوننەکان یەخانگیری زۆر ئاڵۆزی و لەمپەڕی تر بوونەوە کە زەقترینیان زیادەڕۆییەکانی حەشدی شەعبی و وێرانبوونی شارەکانیان بوو کە لە زۆر ڕاپۆرتی نێودەوڵەتیدا تۆمار کراوە[٢١].

**هەرێمی سوننە وەک بژاردە**

باوترین بژاردە کە زۆر جار وەک چارەسەرێک بۆ دۆخی سوننەی عێراق دەخرێتە ڕوو، دروستکردنی هەرێمێکە بۆ ئەم پێکهاتەیە لەسەر بنەمای ئیداری یان سیاسی و هەندێک جاریش دەوترێت تایفی لە شێوەی هەرێمی کوردستان. ئەم هەرێمە گریمانکراوەش کە باس دەکرێت و هەڵهێنجراوی خوێندنەوەی مادەکانی ١ و ١١٧-١١٩ دەستووری ساڵی ٢٠٠٥-ی عێراقە، بەشێک بوو لە پڕۆژەکەی بایدن(٢٠٠٦)، بۆ یەکەم جاریش لە ٢٠٠٤ لەلایەن پارێزگاری ئەنبارەوە بانگەشەی بۆ کرا، پاشان ڕێبەری ناسراوی سوننە عەدنان دلێمی لە زنجیرەوتارێکدا لە ساڵی ٢٠١٠ کەوتە بانگەشە بۆ کردنی، بەدوای ئەوەشدا لە ساڵانی ٢٠١١ بەدواوە هەر سێ پارێزگای دیالە، نەینەوا، سەلاحەدین بە شێوەی کردەنی لە ڕێگای ئەنجوومەنەکانیانەوە هەوڵی دروستکردنی هەرێمیان دا[٢٢]، بەڵام ئەم هەوڵانە و هەوڵی تری هاوشێوە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بەتوندی لەلایەن نووری مالیکیی سەرۆکوەزیرانەوە بە پاساوی سیاسی ڕەت کرانەوە[٢٣]، لە کاتێکدا ئەرکی یاسایی سەرۆکوەزیران ڕەوانەکردنی ئەو داواکارییانەیە بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان تا ڕاڕەوی دەستووری خۆی وەربگرێت، بە مەرجێک لە ٣/١ ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا یان ١٠/١ دەنگدەرانی پارێزگاکەوە سەرچاوەی گرتبێت و لە هیچ حاڵەتێکدا سەرۆکوەزیران مافی ڕەتکردنەوە یان ڕاگرتنی نییە[٢٤].

### هاندەرە نوێیەکانی هەرێمی سوننە

لەپاش دەرچوونی بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە دەستپێکی ٢٠٢٠ و لەژێر کاریگەریی لێکەوتەکانی کوشتنی قاسمی سلێمانی و ئەبو مەهدی، بەبێ ڕەچاوکردنی خواست و هەڵوێستی سوننە یان پرس پێکردنیان لە بارەی ئەو بڕیارە چارەنووسسازە، جارێکی تر باسکردن لە دروستکردنی هەرێم وەک چارەسەر دەرکەوتەوە[٢٥]، بەتایبەت هێزەکانی ئەمەریکا زیاتر بنکە و بارەگاکانیان لە ناوچە سوننەکاندایە، هەندێک لایەنیش هەرێمی سوننەیان بۆ ئەوە دەوێت ببێتە گەرەنتی بۆ ڕێگرتن لە گەیشتنی ئێران بە دەریای سپیی ناوەڕاست[٢٦]، یان ببێتە ڕاڕەوێک بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازی وڵاتانی کەنداو بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەورووپا[٢٧]، ئەمە جگە لە بێزاریی سوننەکان لە خۆسەپاندنی هێزە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەکانی جەماوەرەکەیان[٢٨] کە زۆر جار قەسابخانەی لە چەشنی ئەوەی گوندی "فرحاتیە"ی لێ دەکەوێتەوە لە سەلاحەدین کە ٨ کەسی تێدا بووە قوربانی(ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠) و هەندێ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بزووتنەوەی عەساییبیان تۆمەتبار کرد بە ئەنجامدانی[٢٩]. هەر کاتیش پرسی باسی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بێتە گۆڕێ، مەترسییەکان لە پەرەگرتنی نفوزی ئێرانی پاڵ بە داواکارییەکانی هەرێمی سوننەوە دەنێت[٣٠].

### لەمپەر و ڕێگرییەکان

بژاردەی هەرێمی سوننە کە وەک چارەسەر باس دەکرێت و لەگەڵ هاتنی بایدندا زیاتر ژیاوەتەوە، بژاردەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و گرفتە، هەر لەبەر ئەمەش لەلایەن هەندێ لە چالاکانی سوننە خۆیانەوە زیاتر بە "وەهم" لەقەڵەم دەدرێت تا ئەوەی ئەگەری بەدیهاتنی هەبێت[٣١]، هەندێک لەو ڕێگرییانەش جێگەی هەڵوەستە و ئاماژەپێکردنن و بەم جۆرەی خوارەوەن.

**- ڤیتۆی شیعە**

باوەڕێکی زاڵ هەیە کە شیعەکانی عێراق، لەسەروو ئەوانیشەوە دەسەڵاتدارانی ئێران، ڕێگر بن لە دروستکردنی هەرێمێک لەسەر بنەمای شوناسی تایفی بۆ سوننە لەسەر خاکی عێراق، ئەمەش پاساو و هۆکاری زۆری هەیە، لەوانەش: ترس لە پێکدادانی سەربازیی هەرێمی سوننە و دراوسێ شیعەکانیان، ئەگەری پەلکێشانی سعودیە و ئیمارات بۆ هەرێمەکە کە دوو دەوڵەتی نەیاری شیعەن، ئەمە جگە لە خواستی هەندێ لە لایەنە شیعەکان، بۆ هێشتنەوەی عێراق بە ناوەندی لەژێر هەژموونی شیعەدا. بەو پێیەشی ئەم بیرۆکەیە پێشتر لەلایەن جۆ بایدنەوە پاڵپشتی کراوە، تابۆیەکی ڕەش و بێزراو دەبێت بۆ ئێرانییەکان کە دژایەتیی هەموو بژاردەیەکی ئەمەریکی لە لایان بووە بە نەریت، لەم میانەیەشدا میدیاکانی سوپای پاسداران گرنگی بەو لێدوان

و شیکارانە دەدەن کە پڕۆژەی هەرێمی سوننە بە "جێگرەوەی داعش" و "پڕۆژەیەکی تایفی" وێنا دەکەن[٣٢].

- **سنوور و ناوەڕۆکی هەرێمەکە**

هێزە سوننەکان زۆر جار لە گوتارەکانیاندا هێز و سەنگی خۆیان پەیوەست دەکەن بە شەش پارێزگاوە (نەینەوا، سەلاحەدین، دیالە، ئەنبار، کەرکووک، بەغدا)، لە سەردەمی مالیکییشدا لە ئەدەبیاتی سوننەکاندا بە "شەش پارێزگا ڕاپەڕیوەکە" دەناسران[٣٣]، بەڵام نەخشەی جوگرافی دەریدەخات سەرجەم ئەم پارێزگایانەش سنووری تێکەڵ و کێشەلەسەریان هەیە لەگەڵ کورد و سوننە، هەشیانە وەک کەرکووک، سەراپا پارێزگای کێشەلەسەرە و بەر مادەی ١٤٠ دەستوور دەکەوێت[٣٤].

ـ **سەرکردایەتی و پایتەخت**

زۆر باس دەکرێت کە ئەنبار شیاوە بۆ ئەوەی ببێتە چەقی هەرێمی سوننە، لەم پارێزگایەشدا گاز و سامانی سروشتیی زۆر هەن (٥٣ ترلیۆن مەتر سێجا گاز) کە دەشێت قەرەبووی کێشەی سەرچاوەی دارایی ئەم هەرێمە بکەنەوە[٣٥]، بەڵام لە ئێستادا لە نەینەواش جموجووڵ و داوکاریی هەیە بۆ ئەوەی هەرێمی کارگێڕی دروست بکەن لەسەر بنەمای کارگێڕی نەک مەزهەبی و شوناسی پێکهاتەیی[٣٦]، جگە لەمەش پەرتەوازەیی سیمایەکی زاڵی سوننەی عێراقە و لە ئێستادا سیمای سەرەکیی ژیانی سیاسی لەناو سوننەی عێراق؛ دوو خاڵی سەرەکییە: بزربوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی و ئاوابوونی کێشەی هاوبەش کە بزاوتی عەرەبی سوننە ئاراستە بکات، لەگەڵ دابەشبوون و کەرتبوونی سەرکردایەتی و شوناسی هێزە سوننەکان بۆ هێزی لۆکاڵی کە هەریەك گوزارشت لە پارێزگایەك یان دەڤەرێکی جوگرافی دەکات و هەریەك لەو هێزانەش یان سیاسیی ناسراو یان سەرۆکهۆز یان سەرمایەدار ئاڕاستەیان دەکات[٣٧].

عەرەبە سوننەکان چەندین جەمسەرگیری ناوچەیی و خێڵەکییان هەیە، بەتایبەت لەناو هۆزەکانی ئەنبار و سەلاحەدین و نەینەوا. هەر چی عەشایەری ئەنبارە خۆیان بە شیاوتر دەزانن بۆ ڕێبەرایەتیی سوننە، بەو پێیەی یەکەم پارێزگان خۆیان ڕزگار کردبێت لە ئەلقاعیدە و خاوەن قەوارە و ناوبانگی تایبەتی خۆیانن و پڕۆژەی سەحوەکانیان هەبووە، تەواوی پارێزگاکەشیان سوننەیە. بەو پێیەشی پێشتر تکریت پایتەختی حوکمڕانیی سوننە و پایتەختی بەعس بووە، عەشایەری سەلاحەدینیش پێداگرن لەسەر ئەوەی دەمڕاستی هەر لەنێوان ئەواندا بمێنێتەوە، پارێزگای نەینەواش پاساوی خۆیان هەیە و باس لەوە دەکەن ئەوان یەکەم پارێزگان سەربەخۆیی خۆیان لە بەغدا ڕاگەیاندووە[٣٨]، لەسەر ئاستی سیاسی و پەرلەمانیش لەدوای ٢٠١٨ سوننەکان لە چەشنی شیعە و کورد، نەیانتوانی لەم خولەی پەرلەماندا (٢٠١٨-

٢٠٢٢) هاوپەیمانێتییەکی یەك ڕیز پێك بهێنن، باوەڕ وەهایە ئەم پەرتەوازەییەش درێژە بکێشێت بۆ هەر پرسێکی چارەنووسساز کە بێتە ڕێگەیان.

- **سوننە نارازییەکان**

ئەو سوننانەی لە بەغدا و پارێزگا تێکەڵەکان یان باشووری عێراق دەژین، بژاردەی هەرێمی تایبەت بەم پێکهاتەیان بەدڵ نییە، لەوانەش "جماعة علماء العراق فی الجنوب" کە داکۆکیکاری یەکێتیی خاکی عێراق و دۆست و شەریکی سیاسیی شیعەکانن و زۆر جار بە پاشکۆیەتیی شیعە تۆمەتبار دەکرێن، چونکە سەرۆکەکەیان لە لیستە شیعەکانەوە نزیکە[٣٩]، هەڵوێستی ئەمانەش تیشك دەخاتە سەر کێشەیەکی گەورەتر کە چارەنووسی ئەو خەڵکە سوننەن کە لە پارێزگا شیعەکانی وەك بابل و بەسرەدا هەن، یان ئەو شیعانەی دوجەیل و دەوروبەری سامەڕا کە لە بندەستی پارێزگای سەلاحەدینی سوننەدان و ئەم تێکەڵوپێکەڵییە تایفییە ڕێگرە لە جیاکردنەوەی سنووری مەزهەبیانە و تایفیانەی شیعە و سوننە.

- **سیناریۆکانی ئایندە**

**سیناریۆی یەکەم:** دروستکردنی هەرێمی سوننە بەپێی برگە و مادەکانی دەستووری عێراق، لەگەڵ دروستبوونی مشتومڕی زۆر لەسەر شوناسی ئەو هەرێمە لەنێوان ئیداری و سیاسی و تایفی، ئەم هەرێمە فیدراڵییە نەشازەی عێراق ڕێك دەکاتەوە کە ئێستا تەنها یەك هەرێمی هەیە (کوردستان)، دەرگاش بۆ دروستبوونی هەرێمی تری لە چەشنی بەسرە یان فوراتی ناوەڕاست دەکاتەوە لە ئایندەی دووردا.

**سیناریۆی دووەم:** لەبەر ڤیتۆی هێزە شیعەکان و لەمپەرە زۆرەکان، هەرێمی سوننە دەگۆڕێت بۆ هەرێمی پارێزگا سوننەکان لە چەشنی هەرێمی ئەنبار یان هەرێمی نەینەوا، ئەمەش سەرباری هەبوونی زەمینەی سەرکەوتن، ڕێگر و لەمپەری زۆرە لە چەشنی فرەیی پێکهاتەکانی نەینەوا، گرنگیی ئەنبار بۆ هیلالی شیعە و پەیوەستبوونەوە بە سووریا، مەترسیی شیعە لە پەلکێشانی سعودیە و ئوردن بۆ هەرێمی ئەنبار و لەمەش ترسناکتر بۆ شیعە، ئەو دەنگۆیانەیە کە هەندێ سەرکردەی شیعە بڵاوی دەکەنەوە و باس لەوە دەکەن ئیسرائیل بەنیازە ڕۆژئاوای عێراق بکاتە نیشتمانی جێگرەوە بۆ فەڵەستینییەکان.

**سیناریۆی سێیەم:** ئەگەری زیاتری هەیە کە مانەوەی بارودۆخی سیاسی و کارگێڕیی دەوڵەتی عێراق وەك ئێستا و کەڵەکەکردنی کێشەکان وەك چۆن دەوروبەری سەدەیەکە هەیە، بەتایبەت پێناچێت هیوا هەڵچنین بە جۆ بایدن لە جێگەی خۆی بێت، پاش ئەوەی ناوبراو لە ماوەی هەشت ساڵەی جێگرایەتیی باراك ئۆباما (٢٠٠٨-٢٠١٦) هیچ هەنگاوێکی کردەیی نەنا بۆ پراکتیزەکردنی بیرۆکەی بەهەرێمکردنی عێراق لە کاتێکدا بەرپرسی ڕاستەوخۆی دۆسیەی عێراق بوو.

سەرچاوەکان:

(١) ناس نيوز (٢٠٢٠/١١/٨)، مشعان الجبوري يحتفل بفوز بايدن.. ويدعوه إلى تنفيذ 'خطة تقسيم العراق'!، https://www.nasnews.com/view.php?cat=44675

(٢) الخطيب البغدادي، تاريخ بغداد، حققه، بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي - بيروت، ٢٠٠٢ م، ج١، ص ٣٢٢.

(٣) جامعه بابل (٢٠١١/٤/١٦)، العراق تحت الحكم العثماني، http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeg-es/lecture.aspx?fid=11&depid=2&lcid=4042

(٤) قناة الكوثر (٢٠١٩/٥/٢٠)، حصر أعداد المزارات الشيعية المعترف بها في العراق، https://www.alkaw-thartv.com/news/199227

(٥) نفس المصدر

(٦) عبدالسلام بن برجس: معاملة الحكام في ضوء الكتاب والسنه، مكتبة الفرقان، الرياض، ط٦، ص٦.

(٧) المدى (٢٠١٠/١١/٢٨)، رؤساء وزراء العراق في العهد الملكي ؛ سعودن الثامر: رؤساء الحكومات في العهد الملكي، https://almadasupplements.com/view.php?-cat=785؛ طارق حرب (٢٠١٠/١٢/٢٠)، المالكي رئيس الوزراء العاشر من رؤساء الوزارات العرب الشيعة، ص ٣.

(٨) المسلة (٢٠١٨/١٠/١٦)، تاريخ منصب رئاسة الوزراء في العراق، https://almasalah.com/ar/news/153173/%D8%AA%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE%-- حرب: طارق حرب: المالكي رئيس الوزراء العاشر.. مصدر سابق.

(٩) البوابة نيوز (٢٠٢٠/١٢/٥)، وفاة رئيس وزراء العراق السابق محمد الزبيدي في سجن امريكي، https://www.al-bawaba.com/ar/%D8%A3%D8%AE%D8%A8%D8%A7%D8%B1/%D9%88%D9%81%D8%A7%D8%%

(١٠) حميد عبدالله (٢٠٢٠/١/٢١)، بماذا أجاب صدام حين سألوه: لماذا تكرهون الشيعة؟ https://www.youtube.com/watch?v=Lq8U4F4i-Dw

(١١) الأناضول (٢٠١٩/١١/٨)، العراق.. فسيفساء الديانات والطوائف والقوميات، https://www.aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84-

(١٢) المصدر نفسه.

(١٣) نغم محمد صالح، الفيدرالية في الدستور العراقي عام ٢٠٠٥، الواقع والطموح، مجلة الدراسات الدولية، العدد ٤١، ص ٥٣_٥٤.

(١٤) نجاح محمد علي، (٢٠٠٦/١٠/١٠)، العراق بين الفيدرالية والتقسيم، https://www.swissinfo.ch/ara/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8

(١٥) حارث حسن (٢٣/ ٤/ ٢٠١٤)، الأزمه الطائفية فى العراق: إرث من الإقصاء، https://carnegie-mec.org/2014/04/23/ar-pub-55405

(١٦) ميدل أيست أون لاين (٢٠٠٣/٥/٢٣)، بريمر يعلن حل القوات المسلحة العراقية، https://middle-east-on-line.com/%D8%A8%D8%B1%D9%8A%D9%85%

(١٧) هاوارد جيه شاتز و إيرين إليزابيث جونسون (٢١٠٦)، الدولة الإسلامية التي عرفناها، https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/research_reports/RR1200/RR1267/RAND_RR1267z1.arabic.pdf؛ بسمة فايد (3/11/2019)، خريطة حواضن التطرف والإرهاب... العراق، https://www.europarabct.com/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82

(١٨) سعيد بن حازم السويدي (٢٠١٤/١٢/٢٦)، هل يتشيع العرب السنة في العراق؟، https://middle-east-online.com/%D9%87%D9%84-%D9%8A%D8%AA%D8%B4%D9%8A%D8%B9-

(١٩) عراقي نيوز (٢٠١٧/٣/١٠)، لحظة ظهور خميس خنجر على قناة العربية الحدث وهو يدعو داعش بالثوار، https://www.youtube.com/watch?v=nBGAAT-tJxZ8

(٢٠) هاوارد ضيه شاتز و إيرين إليزابيث جونسون (٢١٠٦)، الدولة الإسلامية التي عرفناها.. مصدر سابق

(٢١) راديو سوا (٢٠١٤/١٠/١٤)، العفو الدولية: ميليشيات شيعية ترتكب جرائم حرب في العراق، https://

www.radiosawa.com/archive/2014/10/14/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%81%D9%88-؛ مروان المعشر (٨/ ٢٠١٤) بين إقصائية المالكي وجاهلية "داعش"، https://alghad.com/%D8%A8%D9%8A%D9%86-

(٢٢) يحيى الكبيسي (٢٠١٦/٣/٢٦)، خرافة الفيدرالية «السنية» وتسويق الوهم، https://www.alquds.co.uk/%D8%AE%D8%B1%D8%A7%D9%81%D8%A9-

(٢٣) غسان علي (٦/٣/ ٢٠١٢)، المالكي يرفض إعلان الأقاليم كرد فعل سياسي، https://www.iraqhurr.org/a/24602335.html

(٢٤) يحيى الكبيسي (٢٠١٦/٣/٢٦)، خرافة الفيدرالية «السنية» وتسويق الوهم، https://www.alquds.co.uk/%D8%AE%D8%B1%D8%A7%D9%81%D8%A9-

(٢٥) محمد مرشد عقابي (٢٠٢٠/١/٢٠)، الاقليم السني في العراق حلم هل سيتحقق، https://www.alwattan.net/news/108262

(٢٦) صوت العراق (٢٠٢٠/٢/٢٥) ضرورة اقليم سني عربي..لكسر تمدد ايران للمتوسط، https://www.sotaliraq.com/2020/02/25/%D8%B6%D8%B1%D9%88%88%

(٢٧) مرصد الشرق الأوسط وشمال أفريقا (٢٠٢٠/١٠/٢٢)، مشروع "الاقليم السني" في العراق يعود إلى الواجهة، https://mena-monitor.org/%D9%85%D8%B4%D8%B1%D9%88%D8%B9-

(٢٨) نشوى الحفني (٢٠٢٠/١٠/٣٠)، بين مطالبات السُنة ورفض الشيعة .. هل يمكن إنشاء "إقليم عربي" سُني يخلصهم من النفوذ الإيراني؟ https://kitabat.com/news/%D8%A8%D9%8A%D9%86-

(٢٩) صحيفة الشرق الأوسط (٢٠٢٠/١٠/٢٣)، تداعيات «مجزرة الفرحاتية» تنذر بتصعيد سياسي، https://aawsat.com/home/article/2580891/%D8%AA%D8%AF%D8%A7%D8%B9%D9%8A%D8%A7%D8%AA-

(٣٠) أحمد السهيل (٢٠٢٠/٢/٢)، مخاوف من تصاعد نفوذ إيران والانسحاب الأميركي تدفع للترويج لإقليم سني في العراق، https://www.independentarabia.com/node/91321

(٣١) يحيى الكبيسي (٢٠١٦/٣/٢٦)،خرافة الفيدرالية «السنية» وتسويق الوهم، https://www.alquds.co.uk/%D8%AE%D8%B1%D8%A7%D9%81%D8%A9-

(٣٢) وكالة تسنيم (٢٠١٦/٢/٤)، سفير النظام السعودي يلتقي مسعود برزاني للتنسيق بشان التحضير الى اقامة اقليم سني، https://www.tasnimnews.com/ar/news/2016/02/04/991353؛ وكالة تسنيم (٢٠١٥/١١/٢٨)، «صمت» حكومة العبادي على «مشاريع التقسيم» يثير غضب الكتل السياسية، https://www.tasnimnews.com/ar/news/2015/11/28/928698

(٣٣) بي بي سي (٢٠١٣/١١/١٥)، العراق: اجراءات أمن مشددة في "المحافظات الست المنتفضة"، https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2013/11/131115_iraq_friday_anti_gov_demos

(٣٤) عبدالغني يحيى (٢٠١٤/٨/٢٦) خرافة المحافظات الست المنتفضة ودلالاتها التوسعية والعنصرية، https://non14.net/53614

(٣٥) صباح ناهي (٢٠٢٠/٨/١٢)، هل بات إعلان الإقليم السني العراقي وشيكا؟، https://www.independentarabia.com/node/142296/%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D8%A9/%D8%AA%D

(٣٦) أثيل النجيفي (٢٠٢٠/١٢/١)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/AthilAlnujaifi/status/1333689845844152321

(٣٧) ريناد منصور (٢٠١٦/٣/٣)، المأزق السنِّي في العراق، https://carnegie-mec.org/2016/03/03/ar-pub-62945

(٣٨) سعيد البكاء (٢٠١٥/١٢/٢٠)، الاقليم السني دخان بلا نار، https://kitabat.com/2015/12/20/%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%82%D9%84%D9%8A%D9%85-

(٣٩) العربي الجديد (٢٠٢٠/١/١٥)، عودة جدل "الإقليم السني": توظيف أميركي - إيراني للورقة الطائفية في العراق، https://www.alaraby.co.uk/%D8%AC%D8%AF%D9%84-

ئایندەناسی

# وەرگێڕان

# ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا

ئامادەکردن و وەرگێڕان: هێمن محەمەد قادر



**بەرایی**

پاش بەبراوە ناساندنی وەک جۆ بایدن لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠دا، وەک چل و شەشەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئێستا یەکێک لەو پرسە گەرمانەی کە لە ناوەندە میدیای و ئەکادیمییەکانی جیهاندا، لەلایەن بەشێک لە توێژەرانەوە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، بریتییە لە پرسی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە ماوەی چوار ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتیی جۆ بایدندا. بەشێک لە توێژەران پێیان وایە لە ماوەی سەرۆکایەتیی بایدندا، ئەمەریکا هەوڵی ئاساییکردنەوەی



پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەکە لە چین و ئێران دەدات، لە هەمان کاتدا کار دەکات بۆ سەرلەنوێ بەهێزکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی ئەمەریکا و هاوپەیمانێتیی ئەتڵەسی باکوور (ناتۆ) لە سەرکردایەتیکردنی دەوڵەتانی جیهاندا.

بە پێچەوانەی هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەک لە چین و ئێراندا، بەشێک لە توێژەران پێیان وایە لە ئەنجامی بەردەوامیی هەندێک لەو پرسانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا هەبووە، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەرەو لاوازی و لێکدوورکەتنەوەی زیاتر هەنگاو دەنێت. لە ساڵانی پێشوودا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا بەرز و نزمیی زۆری بەخۆیەوە بینوە، بەتایبەتی پاش هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و تێکچوونی بارودۆخی نێوخۆی میسر و سووریا. جیاوازیی سیاسەتی دەرەوەی هەریەک لەم دوو وڵاتە و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانیان لە هەندێک لە پرسە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا وای کردووە پەیوەندییەکانی نێوانیان لە پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزەوە بەرەو پەیوەندییەکی پڕ لە کێشمەکێش و ناسەقامگیر هەنگاو بنێت.

لە گرنگترین ئەو پرسانەی کە پێشبینی دەکرێت لە ماوەی چوار ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتیی بایدندا کاریگەرییان بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا هەبێت، بریتییە لە پرسی سووریا و هاوکاریکردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات لەلایەن ئەمەریکاوە، فەتحوڵا گویلەن و کێشەی هالک بانک، کڕینی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێس ٤٠٠-ی ڕووسی، دەستتێوەردانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ هەریەک لە یۆنان و ئیسرائیل، بەردەوامیی تورکیا لە سیاسەتی پشتیوانیکردنی هێزە ئیسلامییەکانی وەک ئیخوان موسلیم لە میسر، حەماس لە فەڵەستین، هێزەکانی سووریای ئازاد و حکومەتی تەرابلوس لە لیبیا. لەم سۆنگەیەوە ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە؛ هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتیی بایدندا، لە ڕێگەی پشتبەستن بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان.

**پێشینەی هەڵوێستی جۆ بایدن بەرامبەر تورکیا**

تێگەیشتن لە ڕابردووی سیاسی، شیکردنەوە و تیشک خستنە سەر هەڵوێست و بۆچوون و لێدوانەکانی سەرۆکی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (جۆ بایدن)، کۆمەکیمان دەکات بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئایندەی پەیوەندییەکانی

نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە ماوەی چوار ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتییەکەیدا. هەر چەندە ئەم هەڵوێست و بۆچوونانە تا ئێستا هەڵوێستێکی سیاسین لە دەرەوەی سیاسەتی فەرمیی ئەمەریکادا. سەرەتای کاری سیاسیی جۆ بایدن لە ئیدارەی ئەمەریکادا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢، بەتایبەتی دوای ئەوەی توانیی وەک شەشەمین لاوترین ئەندامی ئەنجوومەنی پیران ببێتە نوێنەری ویلایەتی دیلاوێر کە ژمارەیەکی زۆر لە کەمینەی یۆنانی و ئەرمەنیی لەخۆ گرتووە. بایدن بۆ ماوەی ٣٦ ساڵ (١٩٧٣-٢٠٠٩) وەک نوێنەری ویلایەتی دیلاوێر لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا درێژەی بە کاری سیاسی داوە و بۆ ماوەیەکی درێژ بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران (سێنات) بووە. جگە لەوە لە ماوەی سەرۆکایەتیی باراک ئۆبامادا، بۆ ماوەی دوو خول (٢٠٠٩- ٢٠١٧) جێگری سەرۆک و بەرپرسی دۆسیەی عێراق بووە لە کۆسکی سپی[١].

لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٩، بایدن ڕایگەیاند وەک نوێنەری پارتی دیموکرات خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بەربژێر دەکات. پاش بردنەوەی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی حیزبەکەی، لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٠دا پارتی دیموکراتی ئەمەریکا بە شێوەیەکی ڕەسمی بایدنی وەک تاکە بەربژێری پارتەکە کاندید کرد. سەرەنجام پاش بەدەستهێنانی دەنگی ٨١ ملیۆن و ٢٨٣ هەزار و ٤٩٥ کەس کە دەکاتە نزیکەی لە ٦,٥٠٪ی دەنگی هاوڵاتیانی ئەمەریکا، توانیی بەسەر دۆناڵد ترەمپی کاندیدی پارتی کۆمارییەکاندا سەر بکەوێت. بەم جۆرە جۆ بایدن لە ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠دا، بە شێوەیەکی فەرمی وەک (٤٦)هەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دیاری کرا[٢].

بایدن بە هۆی ئەزموونی کاری سیاسییەوە، بە یەکێک لە شارەزاترین سیاسییەکانی ئەمەریکا دادەنرێت بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەر لە هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە ماوەی کارکردنیدا چ وەک سیناتۆر یاخود وەک جێگری سەرۆک، بە شێوەیەکی گشتی ٢٤ جار سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە و سێ لەو سەردانانە بۆ تورکیا بووە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەزموونی کاری سیاسی بۆ ماوەیەکی درێژ لەنێو کۆنگرێس و کۆشکی سپیدا، یارمەتیی بایدنیان داوە بۆ ئەوەی تا ڕادەیەکی باش شارەزای سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چۆنیەتیی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ئەنقەرە و واشنتۆن بێت[٣]. جۆ بایدن لە چەند وێستگەیەکی جیاوازدا لێدوانی توندی دژ بە کاربەدەستانی تورکیا و ڕژێمەکەی پارتی داد و گەشەپێدان بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان داوە. بۆ نموونە لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکادا، بایدن بە شێوەیەکی ئاشکرا لەپاڵ هەریەک لە کۆریای باکوور و ڕووسیادا، تورکیای

وەک دەوڵەتێکی ئۆتۆکرات ناساند، لە هەمان کاتدا داوای لە حکومەتی ئەنقەرە کرد پابەندی سیستمی دیموکراسی و بنەماکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بێت(٤).

پاش هەڵوەشانەوەی بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ساڵی ١٩٣٤ تایبەت بە مانەوەی ئایا سۆفیا وەک مۆزەخانە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەریی تورکیاوە، ئەردۆغان لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند لە ٢٤ی تەممووزی ٢٠٢٠دا، ئایاسۆفیا بە ڕووی نوێژخوێناندا دەکرێتەوە. ئەم بڕیارەی دەوڵەتی تورکیا نارەزایی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوای بەدوای خۆیدا هێنا. لەم چوارچێوەیەدا بایدن لە مانگی تەممووزی ٢٠٢٠دا، ڕەخنەی لەم بڕیارەی حکومەتی تورکیا گرت و داوای لە سەرۆککۆماری تورکیا کرد لەم بڕیارە پاشگەز ببێتەوە. بایدن لە مانگی ئابی ٢٠٢٠، لە لێدوانێکی دیکەیدا سەبارەت بە بارودۆخی نێوخۆی تورکیا، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "پێویستە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەردۆغان بهێنین، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانیی تەواوی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕکابەری ئەردۆغان بکەین، پێویستە پشتیوانی لەو پارتە کوردییانە بکەین کە دەیانەوێت بچنە پەرلەمان، پێویستە دەربارەی ئەو شتانە قسە بکەین کە پێمان وایە هەڵەیە، پێویستە باجی هەڵەکانیان بدەن..." وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر وتەکانی بایدن، ئەردۆغان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەرپرسانی ئەمەریکا "ئەوەی لە ڕێگەی کودەتاوە نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، ئێستا دەیانەوێت لە ڕێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە ئەنجامی بدەن"(٥).

بە تێڕامان لە لێدوان و هەڵسوکەوتەکانی بایدن، چ لە ماوەی کارکردنی وەک یاریدەدەری سەرۆکی ئەمەریکا و چ لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، بەشێک لە توێژەران پێیان وایە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا ناسەقامگیریی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت گەر بێتوو بەرپرسانی حکومەتی ئەنقەرە لەسەر سیاسەتەکانی ئێستایان بەردەوام بن. لەم سەربەندەدا هەریەک لە یاشار یاکش وەزیری خانەنشینی دەرەوەی تورکیا و لێکۆڵەری سیاسی سەزین ئۆنەی، لەو بڕوایەدان لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەدا پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە-واشنتۆن، هاوشێوەی سەردەمی ترەمپ پەیوەندیی نێوان کەسی یەکەمی هەردوو وڵات (ترەمپ-ئەردۆغان) نابێت، بەڵکوو پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە چوارچێوەی دامودەزگا باڵاکانی ئەمەریکادا دەبێت و لەم ڕێگەیەوە بایدن دەتوانێت فشاری زیاتر بخاتە سەر دەوڵەتی تورکیا لە پرسە ناکۆکەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا. لە گرنگترین ئەو پرسانەی کە بە ڕای بەشێک لە توێژەران ڕەنگە لە ئایندەدا گرفت بۆ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا دروست بکات، بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لەم پرسانەی خوارەوە.

**پرسی سووریا (هێزەکانی سووریای دیموکرات)**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە بە یەکێک لە بەهێزترین کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ یاخود ناڕاستەخۆ کاریگەریی بۆ سەر سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی ناوەوەی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان هەیە، لە نێویاندا تورکیا. لەم چوارچێوەیەدا بەشێک لە توێژەران پێیان وایە یەکێک لە دیارترین ئەو پرسانەی کە لە ماوەی چوار ساڵی ئاییندەدا گرفت بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە-واشنتۆن دروست دەکات، بریتییە لە پرسی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سووریا و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا، بە هۆی درێژەدان بە پرۆسەی پڕچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات لەلایەن ئەمەریکاوە[٦].

سەرەتای ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا، بۆ ئەو دۆخە نوێیە دەگەڕێتەوە کە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی و لە سووریا بە شێوەیەکی تایبەتی سەری هەڵدا. تێکچوونی بارودۆخی نێوخۆی سووریا و تەشەنەسەندنی ناسەقامگیریی سیاسی، قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان لایەنە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە، سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی جەنگێکی نێوخۆی ماوەدرێژ لەنێوان حکومەتی سووریا و هێزە ئۆپۆسزیۆنەکانی ئەو وڵاتەدا، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بۆ دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی زۆرێک لە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە کاروباری نێوخۆی سووریادا. دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی هەریەک لە ئەمەریکا و تورکیا لە کاروباری نێوخۆی سووریا و هەوڵدان بۆ پاراستنی هەژموون و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان، بە سەرەتای سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دادەنرێت[٧].

پاش کۆنترۆڵکردنی بەشێکی فراوان لە خاکی سووریا و گەمارۆدانی شاری کۆبانێ لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە لە ساڵی ٢٠١٤، هێزەکانی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی بۆردوومانی ئاسمانییەوە، بە درێژایی گەمارۆدانەکە یارمەتیی یەکینەکانی پاراستنی گەلی دا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ڕێکخراوەدا. پاش تێکشکاندنی داعش لە شاری کۆبانێ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتیی باراک ئۆبامادا بە شێوەیەکی ڕەسمی دەستی کرد بە مامەڵەکردن و هاوکاریی یەکینەکانی پاراستنی گەل و ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستان بە مەبەستی تێکشکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لەسەر خاکی سووریا. ئەم هەنگاوە بە سەرەتای پەیوەندیی بایدن دادەنرێت لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان.

ڕۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشدا، وای کرد ئەو هێزانە وەک هاوپەیمانێکی بەهێزی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەربکەون لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە جیهاندا. سەرباری بەفەڕمی ناساندنی هێزەکانی سووریای دیموکرات وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوام بوو لە هاوکاری و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هێزانەدا[٨].

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین پرسی هاوکاریکردن و ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکراتدا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتییەوە بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەرباری ناڕەزایەتییەکانی حکومەتی ئەنقەرە، بە هۆکاری سەرەکیی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا دادەنرێت. سەرباری فشارەکانی حکومەتی ئەنقەرە، بایدن ڕەتی کردەوە یەکینەکانی پاراستنی گەل وەک گرووپی تیرۆریستی بناسێنێت، ئەمەش بوو بە هۆی نیگەرانکردنی بەرپرسانی تورکیا. وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە لێداوانێکیدا لە ساڵی ٢٠١٨-دا ڕایگەیاند: "ئێمە دەزانین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا ئێستا بڕی ٩٠٠,٤ ترێلە هاوکاریی سەربازیی ڕێکخراوی تیرۆریستیی پارتی کرێکارانی کردووە، هاوپەیمانێتی ئاوا نابێت[٩]."

لە ئەنجامی بەردەوامیی هەڕەشەکانی حکومەتی ئەنقەرە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا و پشتیوانیی ئەو وڵاتە لە بەشێک لە هێزە ئیسلامییەکانی سەر گۆڕەپانی سووریا، بوون بە هۆی هێنانەدیی ناڕەزایەتیی بەرفراوان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی تورکیا. وەک کاردانەوەیەک دژ بە هەڕەشەکانی ئەردۆغان، دۆناڵد ترەمپ لە ڕێگەی تویتێکەوە هەڕەشەی لەناوبردنی ئابووریی تورکیای کرد گەر بێتوو تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی لەم شێوەیە لە ناوچەکە ئەنجام بدات. سووربوونی حکومەتی ئەنقەرە و بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا سەرباری ناڕەزایەتییەکانی هەردوو پارتی "کۆماری، دیموکراتەکان" و "کۆنگرێسی ئەمەریکی" لەلایەن ترەمپەوە بە شێوەیەکی لەناکاو، ڕێگەی بۆ تورکیا خۆش کرد تا لە ٩-ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ ئۆپەراسیۆنی "کانی ئاشتی" لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا بۆ سەر هێزەکانی سووریای دیموکرات ئەنجام بدات.

پاش کشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی ئەمەریکا، بایدن ڕەخنەی توندی لەم هەنگاوەی ترەمپ گرت و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ترەمپ ناپاکی لەگەڵ هاوپەیمانێکی ناوخۆیی کرد کە ئازایانە لەپاڵ هێزەکانی ئەمریکادا شەڕیان لە دژی تیرۆر ئەنجام دا، بۆیە ئێمە هەرگیز وەک

ترەمپ پشت لە کورد ناکەین. جگە لەوە هەر لەو کاتەدا ئەنتۆنی بلینکین گەورە ڕاوێژکاری سیاسیی دەرەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی بایدن، نیگەرانیی خۆی دەربڕی لە بەجێهێشتنی کوردانی سووریا[١٠].

بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر خاکی سووریا، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر لاوازکردنی ڕۆڵ و پێگەی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا. بەشێک لە توێژەران پێیان وایە ئەمەریکا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و ڕێگرتن لە بەهێزبوونی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە، پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا و ڕێگریکردن لە سەرکەوتن و باڵادەستیی سیاسەتەکانی ڕووسیا، درێژە بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات و مانەوەی هێزەکانی دەدات لەسەر خاکی سووریا. لەم بارەیەوە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی تورک سەمیح ئیدز، پێی وایە یەکێک لە دیاترین ئەو گرفتانەی کە لە ساڵانی ئایندەدا گرفت بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا دروست دەکات، بریتییە لە پرسی سووریا. سەمیح پێی وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی بایدندا درێژە بە هاوکاری و پشتیوانییەکانی خۆی دەدات بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات، لە کاتێکدا ئەم هێزانە لایەن ئەنقەرەوە وەک تیرۆریست دەناسرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی قووڵترکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

سەبارەت بەم پرسە، یاریدەدەری سەرۆکی تورکیا فواد ئۆکتای لە لێدوانێکیدا دەربارەی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەوڵ دەدەن بۆ بەردەوامیدان و نزیککردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکادا. لە درێژەی لێداوانەکەیدا دەربارەی هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات، ئۆکتای ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەردەوام دەبن لە فشار خستنە سەر ئەمەریکا، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە هاوکارییەکانیان بۆ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە. تورکیا بوونی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا، بە مەترسیی ڕاستەخۆ بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا دادەنێت[١١].

## فەتحوڵا گویلەن و هالک بانک

پاش شکستهێنانی کودەتای ١٥-ی تەمووزی ٢٠١٦، حکومەتی تورکیا بە شێوەیەکی ڕەسمی "فەتحوڵا گویلەن" و گویلەنییەکانی بە ئەنجامدەری ئەو کودەتایە ناساند. بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی ڕەسمی داوای لە ئەمەریکا کرد فەتحوڵا گویلەنی ڕادەست بکاتەوە، کە بۆ ماوەیەکی درێژە لە ویلایەتی پەنسیلڤانیای ئەو وڵاتە دەژی. بێدەنگیی کاربەدەستانی کۆشکی سپی لە کاتژمێرەکانی سەرەتای ڕوودانی کودەتاکەدا، نیشتەجێبوونی فەتحوڵا گویلەن لەو وڵاتە، وای کرد لایەنگرانی

پارتی داد و گەشەپێدان؛ ئەمەریکا بەوە تاوانبار بکەن کە ئاگاداری ئەنجامدانی کودەتای ١٥-ی تەممووز بووە و چاوەڕێی ئەنجامی کودەتاکەی کردووە بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی ڕابگەیەنێت. پاش تێپەڕینی سێ کاتژمێر بەسەر ڕوودانی کودەتاکەدا، باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا لە لێدوانێکیدا پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ حکومەتی ئەنقەرە ڕاگەیاند[١٢].

پاش شکستهێنانی کودەتای ١٥-ی تەممووز، حکومەتی ئەنقەرە بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٠-ی نێوان هەردوو وڵات بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانباران، لە ساڵی ٢٠١٧-ەوە تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕەسمی حەوت جار داوای ڕادەستکردنەوەی فەتحوڵا گویلەن و جارێکیش داوای دەستبەسەرکردنی کردووە بە شێوەیەکی کاتی تا یەکلاییبوونەوەی دۆسیەکەی، بەڵام تاوەکوو ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆی بۆ ڕادەستکردنەوەی فەتحوڵا گویلەن و جێبەجێکردنی داواکەی تورکیا پیشان نەداوە، ئەمەش بووەتە هۆی نیگەرانیی حکومەتی ئەنقەرە بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕادەستنەکردنەوەی فەتحوڵا گویلەن، حکومەتی ئەنقەرە بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە کودەتاچییەکانی ١٥-ی تەممووز، هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەنجامدانی کاری سیخوڕی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦-دا "ڕاهیب ئاندرێ برونسۆن"ی بە ڕەگەز ئەمەریکیی دەستگیر کرد و سزای سێ ساڵ بەندکردنی بەسەردا سەپاند[١٣].

پێداگریی حکومەتی ئەنقەرە لە سزادانی ڕاهیب برونسۆن و ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئازادکردنی، حکومەتی واشنتۆنی ناچار کرد لە ڕووی ئابوورییەوە فشار بخاتە سەر دەوڵەتی تورکیا، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا بەگوێرەی بڕیاری ژمارە ١٣٨١٨، بڕیاری دا سزا بخاتە سەر سەروەت و سامانی وەزیری داد و ناوخۆی ئەو وڵاتە لە ئەمەریکا، لە هەمان کاتدا دۆناڵد ترەمپ بڕیاری دا بە زیادکردنی باجی سەر هەناردەی ئەلەمنیۆم و ئاسنی تورکی بۆ ئەمەریکا. لە ئەنجامی فشارەکانی ئەمەریکا، حکومەتی ئەنقەرە ناچار بوو ڕاهیب برونسۆن ئازاد بکات. پێشبینی دەکرێت دۆسیەی ڕادەستکردنەوەی فەتحوڵا گویلەن لە ماوەی سەرۆکایەتیی بایدندا، کاریگەریی بەرچاوی هەبێت بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن. "ئیبراهیم کالن" وتەبێژی سەرۆککۆماری تورکیا، لە دیداری جێرمان مارشاڵ فەند ئاماژەی بۆ ئەوە کرد سەرەڕای ئەوەی هیوادارن پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمەریکادا هەبێت، لە هەمان کاتدا یەکەم داواکارییان لە ئیدارەی نوێی ئەمەریکا؛ ڕادەستکردنەوەی گویلەنە کە ئێستا لە ویلایەتی

پەنسلڤانیای ئەو وڵاتە ژیان بەسەر دەبات[١٤].

یەکێکی دیکە لەو پرسانەی کە کاریگەریی بەرچاوەی هەبوو لە ئاڵوزکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا، بریتییە لە پرسی دەستگیرکردنی "محەمەد هاکان ئاتێلا"؛ جێگری بەڕێوەبەری پێشووی هالک بانک لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٣/٢٧، لەلایەن هێزەکانی "ئێف بی ئای"ی ئەمریکییەوە لە فڕۆکەخانەی جۆرج کەنەدی لە شاری نیویۆرک، بە تۆمەتی سپیکردنەوەی پارە و شکاندنی سزا سەپێنراوەکانی سەر ئێران. پاش دەستگیرکردنی محەمەد هاکان ئاتێلا، دەسەڵاتی دادوەریی ئەمەریکا سزای دوو ساڵ و هەشت مانگ بەندکردنی بەسەر ناوبراودا سەپاند. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەم هەنگاوەی حکومەتی واشنتۆن، وتەبێژی حکومەتی ئەنقەرە بەکیر بۆزداغ ڕایگەیاند: "ئەم داوایە؛ داوایەکی یاسایی نییە، بەڵکوو داوایەکی سیاسییە و ئامانج لێی سزادانی تورکیایە". وتەبێژی حکومەتی ئەنقەرە و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، گویلەنییەکانیان بەوە تاوانبار کرد کە ئەوان لە پشتی ئەم دۆسیەوەن[١٥].

لە ئەنجامی نارەزایی و فشارەکانی حکومەتی ئەنقەرەوە سەبارەت بەم دۆسیەیە، بەشێک لە میدیاکانی ئەمەریکا ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد ترەمپ دەستتێوەردانی لە کاروباری دادگا کردووە بە مەبەستی ڕاگرتنی یەکلایکردنەوەی دۆسیەکە. بەشێک لە چاودێران پێیان وایە لەگەڵ دەستبەکاربوونی بایدندا، ڕێگە بە دەسەڵاتی دادوەری دەدات بۆ یەکلایکردنەوەی ئەم دۆسیەیە. گەر بێتوو لە یەکلایکردنەوەی ئەم دۆسیەیەدا بڕیارەکانی دادگا دژ بە تورکیا بێت، ئەوا وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا سزای ئابووری بەسەر تورکیادا دەسەپێنێت، بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندیی تورکیا نابێت و کاریگەریی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئابووریی ئەو وڵاتە دروست دەکات، لە کاتێکدا لە ماوەی ئەم ساڵدا ئابووریی تورکیا بە ڕێژەی ٩,٣ پاشەکشەی بەخۆیەوە بینیوە.

## سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێس ٤٠٠ی ڕووسی

یەکێکی دیکە لەو پرسە هەڵواسراوانەی کە لە ماوەی ئایندەدا و لەگەڵ دەستبەکاربووونی ئیدارەی نوێی ئەمەریکادا گرفت بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دروست دەکات، بریتییە لە پرسی کڕین و تاقیکردنەوەی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێس ٤٠٠-ی ڕووسی لەلایەن تورکیاوە. پاش شکستهێنانی هەوڵەکانی حکومەتی ئەنقەرە بۆ کڕینی سیستمی پاتریۆتی ئەمەریکی، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لێکدوورکەوتنەوەی زیاتری بەخۆیەوە بینی. خواستی حکومەتی ئەنقەرە بۆ دەستخستنی سیستمێکی بەهێزی بەرگریی ئاسمانی، پاڵی بەو وڵاتەوەنا تا هەوڵەکانی خۆی چڕ بکاتەوە بۆ کڕینی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێس ٤٠٠ لە وڵاتی ڕووسیا، کە بە

یەکێک لە ڕکابەرە بەهێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانێتیی ناتۆ دادەنرێت. پاش ئەنجامدانی زنجیرەدیدارێک لەنێوان بەرپرسانی باڵای هەردوو وڵاتدا، لە ساڵی ٢٠١٧ ڕێککەوتننامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوو وڵاتدا ئیمزا کرا بە مەبەستی پێدانی ٤ پارچە سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێس ٤٠٠ بە تورکیا، بە بەهای ٢ ملیار و نیو دۆلار. بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکە بڕیار درا لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٩-دا، ئەم سیستمە ڕادەستی تورکیا بکرێت[١٦].

کڕین و تاقیکردنەوەی سیستمی ئێس ٤٠٠ی ڕووسی لەلایەن تورکیاوە، سەرباری هەڕەشە و ناڕەزایەتییەکانی ئەمەریکا، بە یەکێک لە گرنگترین ئەو پرسانە دادەنرێت کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات دروست کردووە. ناڕەزایی و نیگەرانییەکانی حکومەتی واشنتۆن بەرامبەر ئەم هەنگاوەی تورکیا، بۆ چەند هۆیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١. دروستکردنی گرفت بۆ سیستمی ڕاداری دەوڵەتانی هاوپەیمانێتیی ناتۆ، بە هۆی ئەندامبوونی تورکیا لەم هاوپەیمانێتییەدا.

٢. ئەمەریکا بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەگەری شیکردنەوەی نهێنییەکانی فڕۆکەی "ئێف ٣٥"ی ئەمەریکی لەلایەن سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێس ٤٠٠-ی ڕووسی، بە بەکارهێنانی ئەم سیستمە لایەن تورکیاوە. لەم بارەیەوە سکرتێری گشتیی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە دا ئامادە نین فڕۆکەی "ئێف ٣٥" بە تورکیا بفرۆشن و ناهێڵن فڕۆکەکانیان لەلایەن تورکیاوە لەگەڵ ئەم سیستمەدا پێکەوە بەکار بهێنرێت.

٣. کڕینی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێس ٤٠٠ی ڕووسی لەلایەن تورکیاوە، ئەو وڵاتە دەخاتە سەر نەخشەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی چەکی ستراتیجین و پێگەی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا بەهێزتر دەکات، بێگومان ئەم هەنگاوەش لەلایەن ئەمەریکاوە وەک مەترسی بۆ سەر ئیسرائیل دەبینرێت بە هۆی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

٤. پاش کڕینی سیستمی ئێس ٤٠٠-ی ڕووسی لەلایەن تورکیاوە، کۆنگرێسی ئەمەریکی بڕیاری پێدانی فڕۆکەی "ئێف ٣٥"ی ئەمەریکیی بە تورکیا ڕاگرت و بڕیارەکە لەلایەن دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکاوە پەسەند کرا. بێئومێدبوونی تورکیا لە پێدانی فڕۆکەی "ئێف ٣٥" لەلایەن ئەمەریکاوە، ڕەنگە ببێتە هۆی هاندانی تورکیا بۆ کڕینی فڕۆکەی سوخۆ ٣٥ و سوخۆ ٣٧-ی ڕووسی لە ئایندەدا[١٧].

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا حکومەتی ئەنقەرە هەوڵ دەدات لە یەک کاتدا خۆی لە هەریەک لە ئەمەریکا و ڕووسیا نزیک بکاتەوە و ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بێنێت. ئەمە لە کاتێکدا نزیکبوونەوەی حکومەتی ئەنقەرە لە ڕووسیا و کڕینی سیستمی ئێس ٤٠٠، بووەتە هۆی

زیانگەیاندن بە پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. چاودێرانی سیاسی پێیان وایە لە ماوەی چوار ساڵی ئاییندەدا، جۆ بایدنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگییەکی زۆر بە بەهێزکردنەوەی هاوپەیمانێتیی ناتۆ نادەدات. لەم بارەیەوە سەزین ئۆنای ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتی ئەوە هاتووە تورکیا خۆی یەکلایی بکاتەوە لە چۆنیەتیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا، لەبەر ئەوەی لە ماوەی سەرۆکایەتیی بایدندا، حکومەتی ئەنقەرە ناتوانێت لە یەک کاتدا هەم ئەندامی ناتۆ بێت و هەم خاوەنی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی ئێس ٤٠٠-ی ڕووسی بێت[١٨].

لە هەمان کاتدا کۆنگرێسی ئەمەریکی لە ئامادەکردنی یاسای بەرگریی نیشتمانی بۆ ساڵی ٢٠٢١، جەخت دەکاتەوە لە سەپاندنی سزا بەسەر ڕکابەرەکانی ئەمەریکادا. یاساکە لە هەفتەی ڕابردوودا لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە پەسەند کرا و چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ دەستبەکاربوونی بایدن لە ساڵی ئاییندەدا؛ بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. یاساکە کۆمەڵێک سزا لەخۆ دەگرێت، وەک سەپاندنی سزای بانکی توند بەسەر تورکیادا کە لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە گرفتی گەورە بۆ ئابووریی ئەو وڵاتە دروست دەکات، لە کاتێکدا بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و قەیرانەکانی دیکەوە؛ بەهای لیرەی تورکی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە و ئابووریی ئەو وڵاتە تووشی قەیران بووە. لەم بارەیەوە وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا یاشار یاکش، پێی وایە جۆ بایدن بە پێچەوانەی دۆناڵد ترەمپەوە؛ ڕێگری ناکات لە جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی کە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمەریکییەوە ئامادە کراوە بەسەر تورکیادا. لەم سۆنگەیەشەوە دەتوانین بڵێین سووربوونی تورکیا لە بەکارهێنانی سیستمی ئێس ٤٠٠ و نزیکبوونەوەی لە ڕووسیا، پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەمەریکادا بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەبات لە ماوەی سەرۆکایەتی بایدندا.

### ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست

گرنگیی هەڵکەوتە و پێگەی جوگرافیی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە ڕووی جیۆپۆلەتیک و جیۆستراتیجییەوە، بەتایبەتی بە هۆی بەردەوامیی ڕکابەری و گرژی و ئاڵۆزییەکانی (کێشەی قوبرس، سووریا، لیبیا و ئیسرائیل/فەڵەستین)، دەوڵەمەندیی ناوچەکە بە سەرچاوەکانی وزەی وەک نەوت و غازی سروشتی و کاریگەریی لەسەر ئاسایش و ئابووریی تورکیا، وای کردووە حکومەتی ئەنقەرە لە ئەجێنداکانی سیاسەتی دەرەوەیدا گرنگی و بایەخێکی ئێجگار زۆر بەم ناوچەیە بدات. بەردەوامیی جموجووڵ و چالاکییەکانی تورکیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و کارکردن بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، چ لە ڕووی

دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتانی ناوچەکە وەک ئەنجامدانی لەشکرکێشیی سەربازی بۆ سەر خاکی سووریا، ناردنی هێزی سەربازی بۆ لیبیا، چ لە ڕووی بەردەوامیدان بە کاری هەڵکەندن و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی وزەدا لە ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، بووەتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە لەسەر ئاستی هەرێمی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند ببێتەوە[١٩].

لە ئێستادا ژمارەیەک لە هێزە هەرێمییەکانی وەک ئیمارات، میسر، سعودیە، یۆنان و هێزە نێودەوڵەتییەکان وەک ئەمەریکا، فەڕەنسا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەوتوونەتە جموجووڵ و چالاکی دژ بە خواست و سیاسەتەکانی تورکیا لە ناوچەکە. لە دوایین کۆبوونەوەی دەوڵەتی ئەندام لە هاوپەیمانێتیی ناتۆ، هەریەک لە "مایک پۆمپیۆ"ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و "ژان ئێڤ لۆدریان"ی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی تورکیا گرت لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست[٢٠].

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، پاش قووڵبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان یۆنان و تورکیا لەسەر کێشەی قوبرس، بایدن وەک نوێنەری شاری دیلاوێر لە ئەنجوومەنی سێنات بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەمینەی یۆنانیی شاری دیلاوێر، دژ بە دەستتێوەردانی سەربازیی تورکیا وەستایەوە و داوای کرد تورکیا سزا بدرێت. لە هەمان کاتدا بایدن یەکێک بوو لەو سیناتۆرانەی کە بڕیاری چەک داماڵینی لە دوورگەی قوبرس بردە کۆنگرێسی ئەمەریکا و بڕیارەکە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پەسەند کرا. جگە لەوە یەکێکی دیکە لەو پرسانەی کە دەبێتە بابەتی گەرمی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، بریتییە لە پرسی ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل، پشتیوانیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئیسرائیل لە ماوەی سەرۆکایەتیی بایدندا[٢١].

بە ڕای بەشێک لە چاودێرانی سیاسی، لەگەڵ دەستبەکاربوونی جۆ بایدن وەک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە پرسی ململانێی نێوان کۆماری قوبرسی باشوور و یۆنان، ئیسرائیل لەگەڵ تورکیادا، لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست فشارەکانی ئەمەریکا بۆ سەر تورکیا زیاد دەکات. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەم پرسەش یەکێکی دیکەیە لە پرسە گەرمەکانی نێوان هەردوو وڵات، کە پێشبینی دەکرێت لە ماوەی سەرۆکایەتیی بایدندا کاریگەریی بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا هەبێت.

### جینۆسایدی ئەرمەن

یەکێکی دیکە لەو پرسانەی کە دەکرێت ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن، بریتییە لە پرسی بەڕەسمی ناساندنی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن تورکیاوە. بایدن بە یەکێک لەو سیاسییانەی

ئەمەریکا دادەنرێت کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ لۆبی ئەرمەنەی هەیە لە ئەمەریکا. پاش دەستنیشانکردنی وەک کاندیدی پارتی دیموکرات بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵێنی ئەوەی بە لایەنگرانی دا، گەر بێتوو وەک سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا هەڵبژێردرێت، ئەوا کار بۆ بەڕەسمی ناساندی پرسی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن تورکیاوە دەکات[٢٢].

گەرچی "فواد ئۆکتای" یاریدەدەری سەرۆکی تورکیا، سەبارەت بە لێدوانەکانی بایدن لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لێدوانە توندەکانی بایدن دژ بە تورکیا لەژێر کاریگەریی لۆبی ئەرمەنی و یۆنانییەکاندایە و پاش کۆتاییهاتنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ئاسایی دەبێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەمانە گرنگترین ئەو پرسانە بوون کە پێشبینی دەکرێت کاریگەری بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا دروست بکات لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەدا.

**ئەنجام**

سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی بۆ سەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە، بەو پێیەی ئەمەریکا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهێزترین کارەکتەری نێودەوڵەتییە. بەگوێرەی دەستووری ئەمەریکی، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی تەواوی هەیە لە چۆنیەتیی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا. واتە بە گۆڕانی سەرۆکی ئەمەریکا، سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەش دەکرێت گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێت.

پاش بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەلایەن جۆ بایدنەوە، پێشبینیی ئەوە دەکرێت لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێت. لەم چوارچێوەشدا لەو بڕوایەدان بایدن لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا کار بۆ سەرلەنوێ بەهێزکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی ئەمەریکا دەکات لە جیهاندا. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین سەرباری ئەوەی تورکیا لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە ناوچەیەکی جێ بایەخە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا و بە دەرگای چوونەژوورەوەی ئەو وڵاتە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و هەوڵدانی ئەو وڵاتە بۆ سەپاندنی هەژموون و هەیمەنەی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا، لە ڕێگەی دەستتێوەردانی لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتانی ناوچەکە و پاڵپشتیی گرووپە ئیسلامییەکان، نزیکبوونەوەی لە ڕووسیا، بەرپرسانی کۆشکی سپیی لەو وڵاتە نیگەران کردووە.

سەرباری قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە ماوەی سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپدا، بە هۆی پەیوەندیی کەسیی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغاندا، ترەمپ لە هەندێک دۆسیەدا نەرمیی نواندووە بەرامبەر بە تورکیا. پاش پەسەندکردنی یاسای بەرگریی نیشتمانی بۆ ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە، پێشبینی دەکرێت لەگەڵ دەستبەکاربوونی بایدندا سزا ئابوورییەکانی سەر تورکیا بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەژێر ڕۆشنایی سەرجەم ئەو زانیارییانەی سەرەوەدا، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە هۆی جیاوازیی سیاسەتی دەرەوەی هەردوو وڵات و بەردەوامیی هەندێک لە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان، پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەدا هەوراز و نشێویی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، گەر بێتوو دەسەڵاتدارانی تورکیا بەردەوام بن لە درێژەدان بە سیاسەتەکانی ئێستایان.

...............................

سەرچاوەکان:

1. Mert Yılmaz, "ABD'nin yeni başkanı Joe Biden'ın Türkiye ile yaşadığı gerilimler", https://www.sozcu.com.tr/2020/dunya/abd-nin-yeni-baskani-joe-bidenin-turkiye-ile-yasadigi-gerilimler,(Erişim Tarihi, 10,12, 2020).

2. "2020 Presidential Election Results", https://www.bloomberg.com/graphics/2020-us-election-results, (Date of access, 14, 12, 2020).

3. Feyza Gumusluoglu"Biden's presidency: Implications for Turkey and the Gulf", https://gulfstateanalytics.com/bidens-presidency-implications-for-turkey-and-the-gulf, (Date of access, 10, 12, 2020).

4. Joe Biden'ın ABD Başkanı seçilmesi Ankara'da nasıl karşılandı?, https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye, (Erişim Tarihi, 5, 12, 2020).

5. "Joe Biden'in skandal sözleri ortaya çıktı! 'Erdoğan'ı yenmeleri için onları desteklemeliyiz", https://www.hurriyet.com.tr/dunya/joe-bidenin-skandal-sozleri-ortaya-cikti-erdogani-yenmeleri-icin-onlari-desteklemeliyiz, (Erişim Tarihi, 5, 12, 2020).

6.Muhammet Hadi Medeni, Türkiye-ABD İlişkilerinde Yaşanan Krizler ve Türk Siyasi Elitinin Yeni Strateji Arayışları, El-Beyan Araştırma ve Planlama Merkezi, 2018.

7. Kanat, Kılıç Buğra; Michalke, Keri Lyn; Hannon, Jackson, Türkiye-ABD ilişkileri ve Yeni ABD Yönetimi, Seta, Analiz, Ocak 2017, Sayı: 187.

8.Muharram Ekşi, AK Parti Döneminde Ortadoğu'da Türk-Amerikan İlişkilerinin Jeokültürel Ekseni: İslami Kimlik, Akademik Bakış Dergisi, Cilt 9 Sayı 18 Yaz 2016.

9. "Erdoğan Afrin Operasyonu'nun Yapılacağını İma Etti", https://www.

ve Türk Siyasi Elitinin Yeni Strateji Arayışları, El-Beyan Araştırma ve Planlama Merkezi, 2018.

17. “ABD’den itiraf Tehdidin asıl sebebi”, https://www.haber7.com/dunya/haber/2637811-abdden-itiraf-tehdidin-asil-sebebi, (Erişim Tarihi, 15, 12, 2020).

18. Halil Köylü, “Biden döneminde Türkiye ile ilişkiler nasıl şekillenecek”, https://www.dw.com/tr/biden-d%C3%B6neminde-t%C3%BCrkiye-ile-ili%C5%9Fkiler-nas%C4%B1l-%C5%9Fekillenecek/a-55544602, (Erişim Tarihi, 15, 12, 2020).

19. Yaycı, C. ‘Doğu Akdeniz’de Deniz Yetki Alanlarının Paylaşılma Sorunu ve Türkiye’, Bilge Strateji, 4:6, 2012.

20. “NATO’da Türkiye Tartışması Macron Yeniden Devrede”, https://www.amerikaninsesi.com/a/nato-da-turkiye-tartismasi/5684980.html, (Erişim Tarihi, 14, 12, 2020).

21.Deniz İstikbal ve Hacı Mehmet Boyraz, “Doğu Akdeniz Enerji Kaynaklarına Ekonomi-Politik Bir Yaklaşım”, Kıbrıs Araştırmaları ve İncelemeleri Dergisi, Cilt: 3, Sayı: 5, (2019).

22.Ramsen Shamon, “Biden pledges to recognize 1915 Armenian genocide”, https://www.politico.com/news/2020/04/24/biden-armenian-genocide-207587, (Date of access, 10, 12, 2020).

amerikaninsesi.com/a/erdogan-afrin-operasyonu-nun-yapilacagini-ima-etti, (Erişim Tarihi, 8, 12, 2020).

10. “Trump sold them out’: Joe Biden hits the president over Syria troop withdrawal in Iowa speech”, joe-biden-donald-trump-syria-troop-withdrawal-turkey-kurds-foreign-policy-iowa-caucuses, (Date of access, 9, 12, 2020).

11. Sinan Ülgen, “Türkiye’nin Suriye’de Karşı Karşıya Olduğu Zorluklar”, Süriye Dosyası, 2020: “Biden’ın seçilmesine Türk hükümetinden ilk tepki ”, https://www.dw.com/tr/biden, (Erişim Tarihi, 14, 12, 2020).

12. “ABD’nin üç saat beklettiği darbe açıklaması”, https://www.yenisafak.com/dunya/abdnin-uc-saat-bekletti-gi-darbe-aciklamasi, (Erişim Tarihi, 14, 12, 2020).

13. Muhammet Hadi Medeni, Türkiye-ABD İlişkilerinde Yaşanan Krizler ve Türk Siyasi Elitinin Yeni Strateji Arayışları, El-Beyan Araştırma ve Planlama Merkezi, 2018.

14. “ABD ile ön mutabakat sağlandı”, https://t24.com.tr/haber/abd-ile-on-mutabakat-saglandi, (Erişim Tarihi, 14, 12, 2020).

15. Yücel Hasan, “ABD, Mehmet Hakan Atilla’ya Karşı”, Davasının Hukuki Meşruluğu, Seta Perspektif, Sayı: 184, Aralık 2017.

16. Muhammet Hadi Medeni, Türkiye-ABD İlişkilerinde Yaşanan Krizler



# لە چاوەڕوانیی هەڵگەڕانەوەدا

## پرسی کورد و دەستتێوەردانی سەربازیی تازەی تورکیا لە ناوچەکەدا

**ئەروین ڤان ڤین:** توێژەرە لە بەشی توێژینەوەی ململانێ لە پەیمانگای کلینگەنداڵ و سەرۆکایەتیی تیمێك دەکات کە لە ئابووریی سیاسیی ململانێ دەکۆڵێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. توێژینەوەکانی لە بواری بەکارهێنانی سیاسیی گرووپە چەکدارەکان لە پرۆسەکانی دروستکردنی دەوڵەت و ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکاندایە.
**ئەنگین یوکسەل:** توێژەرە لە بەشی توێژینەوەی ململانێ لە پەیمانگای کلینگەنداڵ کە سەرنجی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها کاندیدی دکتۆرایە لە زانکۆی لیدن کە لێکۆڵینەوە دەکات لە ڕێگە مێژوویی و هاوچەرخەکانی ڕووسیا لە بابەتی شەڕدا.
**هاشم تەکینەش:** پێشتر توێژەر بووە لە بەشی توێژینەوە لە ململانێ لە پەیمانگای کلینگەنداڵ و لە ئێستادا خوێندکارە لە زانکۆی لیدن.

**وەرگێڕان: پەرۆش محەمەد ساڵح**

...............................................

**سه‌رچاوه: په‌یمانگای "کلینگه‌ندال"ی هۆڵه‌ندی بۆ په‌یوه‌ندییه نێوده‌وڵه‌تییه‌کان، خانه‌یه‌کی بیر و ئه‌کادیمیایه‌کی سه‌ره‌کییه له پرسه نێوده‌وڵه‌تییه‌کاندا. له ڕێگای شرۆڤه، ڕاهێنان و دیبه‌یته‌کانه‌وه؛ ئیش له‌سه‌ر تواناداركردنی حکومه‌ت، ئابووری و کۆمه‌ڵگه مه‌ده‌نییه‌کان ده‌که‌ن که به‌شدار بن له هێنانه‌دیی دنیایه‌کی هێمن و دادپه‌روه‌رانه.**

...............................................

**به‌رایی**

ده‌ستتێوه‌ردانه تازه‌کانی تورکیا له به‌شێکی سووریا و ئێراق و تورکیا خۆیشی، له‌وه ده‌چێت زۆر هێزی سیاسی و سه‌ربازیی جیاوازی کوردی به‌ره‌و ڕووخان ببات له ڕێگه‌ی ستراتیژێکی هاوئاهه‌نگی هه‌رێمییه‌وه که کاری سه‌ربازیی زه‌مینی و داپڵۆسین پێکه‌وه گرێ ده‌دات. به‌ڵام ئه‌و چوارچێوه و تاکتیکه "دژه‌تیرۆر"ییه‌ی که تورکیا بۆ چاره‌سه‌ری کێشه‌ی کورد به‌کاری دێنێت، زۆر زه‌بروزۆری تێدایه و که‌م مساوه‌مه و ڕێککه‌وتنی تێدایه بۆ باشکردنی مافه‌کانی کوردی که‌مینه. ئه‌گه‌ری زۆره ئه‌م شێوازه ڕێگری بکات له به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ئاشتیخوازانه و نه‌شتوانێ هاوکاریی بۆ گرووپه چه‌کدارییه‌کانی وه‌کوو په‌که‌که و په‌یه‌ده که‌م بکاته‌وه، سه‌ره‌ڕای کرده‌وه دیکتاتۆری و ده‌سه‌ڵاتخوازییه‌کانی ئه‌م دوو گرووپه خۆیان. زیاد له‌وه‌ش، میلیتاریزمی نوێی تورکیا سه‌رکێشیی ئه‌وه‌شی تێدایه ململانێ له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا زیاد بکات به هۆی ئه‌وه‌ی ده‌ستتێوه‌ردانه‌کانی تورکیا له سیاقێکی نێوده‌وڵه‌تی و سه‌روونه‌ته‌وه‌ییدا ڕوو ده‌ده‌ن.

**زه‌مینه**

ئۆپه‌راسیۆنی داگیرکاریی "کانی ئاشتی"ی مانگی ١٠ی ٢٠١٩، ده‌ستی گرت به‌سه‌ر هێڵێک له باکووری ڕۆژهه‌ڵاتی سووریا که پێک هاتووه له شاره‌کانی گرێسپی و سه‌رێکانی. ئه‌مه وای کرد په‌یه‌ده وه‌کوو هێزی سه‌ره‌کی کوردیی سووریا و یه‌په‌گه وه‌کوو باڵی سه‌ربازیی ئه‌و هێزه په‌نا ببه‌نه‌وه بۆ سووریا و ڕووسیا، بۆ ئه‌وه‌ی بیانپارێزێ له هه‌ڕه‌شه‌ی داگیرکاریی ته‌واوی خاکه‌که‌یان له‌لایه‌ن تورکیاوه. ئه‌م پرۆسه‌یه ئه‌و ئه‌گه‌ره‌ی له‌ناو برد کوردانی سووریا له داهاتوودا به ئۆتۆنۆمی بگه‌ن. ئه‌مه هه‌روه‌ها پێگه‌ی ڕژێمی سووریای له باکووری ڕۆژهه‌ڵاتی وڵاته‌که به‌هێز کرد.

به‌ڵام ئه‌مه ته‌نها ده‌رئه‌نجامی هه‌نووکه‌یی ئۆپه‌راسیۆنه‌که بوو. ئه‌مه دانانی خشتێکی تر بوو له‌سه‌ر ئه‌و دیواره ستراتیژییه‌ی تورکیا له ناوچه‌که‌دا له دژی کورده‌کان ده‌ستی پێ کردووه که پێک هاتووه له "ئازاد"کردنی خاکه سنوورییه‌کانی شاری ئه‌لباب له باکووری سووریا و هه‌روه‌ها داگیرکردنی ناوچه‌ی زۆرینه کوردی عه‌فرین، زنجیره‌یه‌ك هێرشی تری تورکیا دژی په‌که‌که له کوردستانی ئێراق،

هێرشی ئاسمانیی تورکیا دژی ئەو هێزانەی پەیوەندییان بە پەکەکەوە هەیە لە شەنگال و لەگەڵ فراوانکردنی کۆنترۆڵی سەربازیی تورکیا بەسەر شاری شرناخ و هەکاری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی خۆی.

بەکورتی ئەنکەرە دەستی کردووە بە هێرشێکی هەرێمی دژی دوژمنە کوردە سەرەکییەکانی: پەکەکە و پەیەدە کە وەکوو یەک دەیانبینێ. هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیان زاڵبوونی سوپای تورکیای دەرخستووە و جموجووڵی هێزە کوردییەکانی کەمتر کردووەتەوە. خۆسەپاندنە سەربازییەکانی ئەنکەرە کە لەدوای شکستی دانوستانی ئاشتیی ئاکەپە و پەکەکە لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە دەستی پێ کردووە، ڕێگرییەکی گەورەی خستووەتەوە بەردەم "بەهاری کوردی" لە ناوچەکەدا.

**سەرهەڵدانی پەیەدە وەکوو هۆکارێ بۆ میلیتاریزمی نوێ دژی کورد**

لە ساڵی ٢٠١٥دا هێزەکانی یەپەگە لە شەڕی کۆبانێدا دەوڵەتی ئیسلامییان تێک شکاند، پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و هەندێ بەشی سوپای سووریای ئازاد و هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا. لەپێش شەڕەکەوە، یەپەگە/پەیەدە کۆنترۆڵی باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوا (عەفرین)ی سووریای کردبوو. لەدوای شەڕەکەوە، ئەمەریکا یارمەتیی بەردەوامی یەپەگەی دەدا لە شەڕی دژی داعشدا کە ئەمەش کۆنترۆڵی یەپەگەی بەسەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریادا خێراتر کرد. تورکیا بە هۆکارێکی زۆر دەبوو لەگەڵ دەوڵەتۆکەیەکی دەستی پەیەدەدا تەعامول بکات بە درێژایی سنووری باشوری وڵاتەکەی. لە ئەنجامدا تورکیا ئامانجی خۆی گۆڕێ لە ڕووخاندنی دەوڵەتی ئەسەدەوە بۆ وەستاندنی پەیەدەی کوردی.

تورکیا ئەم ستراتیژییەی بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کرد و نەیهێشت ناوچە کوردییەکانی سووریا پێکەوە گرێ بدرێن بە داگیرکردنی سێگۆشەی ناوچەی باکووری شاری ئەلباب لە سووریا لە ساڵەکانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ (هەروەها لەدەست داعش ئازادی کردن)، لەگەڵ داگیرکردنی ناوچەی زۆرینە کوردی عەفرین لە ٢٠١٨ و ناچارکردنی پەیەدە کە بوونی هێزەکانی سووریا و ڕووسیا لە سنوورەکانی سووریا-تورکیادا قبووڵ بکات لە ٢٠١٩. ئەم داگیرکارییانە دوژمنکاری سووریای بۆ تورکیا نوێ کردەوە و لە ڕۆژئاواشدا کاریگەریی خراپی هەبوو لەسەر ناوبانگی تورکیا لە مەسەلەی عەفرین و سەرێکانی و گرێسپی.

**ئەو ئاشتییەی کە نەبوو**

تورکیا هەمیشە بەم شێوازە سەربازییە نزیکی پرسی کورد نەبووەتەوە. لە ڕاستیدا لەنێوانی ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٥دا تورکیا دەیویست پەیەدە بکاتە ڕیزی خۆیەوە لە شەڕی دژی ئەسەد. سەرۆکی پەیەدە ساڵح موسلیم دوو جار سەردانی ئەنکەرەی کرد بۆ پرسوڕا لەگەڵ کەسانی پلە باڵای تورکیا. دەستپێکی بینینی

پەیدە وەکوو هەڕەشەیەک لەلایەن تورکیاوە ئەو کاتە بوو کە پەیەدە تاکلایەنانە ئۆتۆنۆمیی ڕاگەیاند و ڕەتی کردەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکەکە بپچڕێنێ و پەیوەندی بکات بە ئۆپۆزسیۆنی سووریاوە. وەک چۆن بۆ تورکیا، بوونی دەوڵەتۆکەیەک کە پەیەدە بەڕێوەی بەرێت، کێشە بوو، پەیەدەش پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سووریدا بە کێشە دەبینی. لە کۆتاییدا تورکیا دەسەڵاتی بەسەر ئۆپۆزسیۆنی سووریدا دەچێت (کە بەپێی کات و کەسەکان گۆڕاوە) کە ئەمیش لە سەرەتاوە لە بارەی داواکارییەکانی کوردەوە لە مەسەلەی مافە گشتییەکانەوە هەڵوێستی ڕوون نەبوو.

زیاد لەوەش تورکیا لە نیوەی نەوەدەکانەوە پەیوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکراتیی کوردستانی و بارزانیدا لە عێراق دروست کردووە، ئەم پرۆسەیە لەدوای (٢٠٠٥)ەوە زیادی کردووە دوای ئەوەی کە دەستووری ئێراق دانی نا بە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا. پەیوەندیی تورکیا-پارتی، هەتا توانیی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمیش تێپەڕێنێ و هەر بەردەوام بێت و زیاتر پێش بکەوێ تاوەکوو ئەمڕۆ، هەر چەندە لە ئاستی نایەکسان و بە گرژیی زیاترەوە.

لەوەش بترازێ، ئاکەپە دانوستانی چڕی لەگەڵ پەکەکەدا تاوەکوو ٢٠١٥ ئەنجام دا، بۆ ئەوەی پرسی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکات دوای ئەوەی هەوڵەکانی ١٩٩٣ و ٢٠٠٩ شکستیان هێنا. ئاکەپە لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٥دا کۆنترۆڵی سیاسەتی کرد بوو لە تورکیادا، چونکە ئابووریی تورکیا لە گەشەکردندا بوو بۆیە لە پێگەی هێزەوە دانوستانی کرد. سەرۆکی هەردوو لا؛ عەبدوڵا ئۆجالان (سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە) و ئەردۆغان (سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی تورکیا) لە لێدوانە گشتییەکانیاندا پەسەندی پێکەوەژیانی کورد و تورکیان دەکرد لە ڕووە مەدەنی و ئایینییەکەوە لە ماوەی دانوستانەکاندا. ئۆجەلان ئاوای نووسی: خەڵکی تورکیا کە ئاشنای ئەنادۆڵی کۆنن، وەکوو تورکیا دەبێت ئەوە بزانن کە پێکەوەژیانیان لەگەڵ گەلی کورددا دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانی مێژوویی برایەتی و هاریکاری لەژێر ئاڵای ئیسلامدا... ئێستا کاتی دژبەری، ململانێ و ڕق نییە لە یەکتری، بەڵکوو کاتی هاوکاری، یەکێتی و یەکگرتنە. ئەردۆگان خۆی چەند جارێک بەڕوونی ئەوەی گوتووە کە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد؛ شتێکی حەتمییە.

> **تورکیا ئەم ستراتیژییەی بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کرد و نەیهێشت ناوچە کوردییەکانی سووریا پێکەوە گرێ بدرێن بە داگیرکردنی سێگۆشەی ناوچەی باکووری شاری ئەلباب لە سووریا لە ساڵەکانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧**

سەرەڕای هەندێك بەرەوپێشچوون، دانوستانەکان لە کۆتاییدا شکستیان هێنا. بەربەستی کوشندە ناوچانەکانی سووریا بوون کە لەلایەن پەیەدەوە کۆنترۆڵ کرابوون، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە پەکەکەوە هەیە. ئەردۆغان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نابێت دووەم دەوڵەتۆکەی کوردی لەسەر سنوورەکانی هەبێت، لە کاتێکدا ئۆجالانیش سوورتر بوو لەسەر ئەوەی کە دەستکەوتەکانی پەیەدە لە بواری ئۆتۆنۆمیدا نابێت لەناو بچن. محەمەد ئەلاجا کە ڕۆژنامەنووسێکی تورکە لە ئەنکەرە، دەڵێت پەکەکە سووریای وەکوو دەرفەتێکی گرنگ بینی تاوەکوو کیانێکی نیوەیاسایی و دانپێدانراوی نێودەوڵەتی بە هۆی پەیەدەوە دروست بکات، کە ئەمەش پێگەی نایاسایی و ئیدانەکراوی پەکەکە لە تورکیادا بگۆڕێت. ڕاستبینانە بێت یان نا، نوخبەی سیاسیی تورکیا ئەم هەنگاوەیان وەکوو ئەوە بینی کە توانای ئەوەی هەبێت ململانێکانی پەکەکە بباتە پێشەوە و بیگۆڕێت. هۆکارێکی تری شکستی دانوستانەکانی ئاشتی ئەوە بوو پەکەکە ڕەتی کردەوە کە چەک دابنێت و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەک چۆن تورکیاش ڕەتی کردەوە ڕێگە بدات بە خۆسەریی کوردی لە بەڕێوەبردن و پەروەردە بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا. ئەو پرسانەی تریش کە کاریگەرییان هەبوو، ململانێی ئاکەپە-گولەنییەکان و سەرکەوتنەکانی هەدەپە بوون لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ کە خەریک بوو پەکەکە بکات بە نوێنەری بێهاوتای کوردەکان و وای کرد ئاکەپە زۆرینەی پەرلەمانی لەدەست بدات و بە شێوەیەکی کاتییش نەیهێشت ئەردۆغان سیستمی سەرۆکایەتی جێبەجێ بکات.

بەکورتی هەردوو لایەنی دانوستان لەوە دەچێت "ئامانجی باڵاتر"یان هەبێت لە گەیشتن بە ئاشتی لە تورکیادا: پەکەکە ئەولەویەتی دا بە سەرکێشییەکەی لە سووریا و ئاکەپەش بەردەوامی لە دەسەڵاتدا. گۆڕانی ئاکەپە بۆ هێزێکی دەسەڵاتگەر و هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی ڕاستڕەوی نەتەوەپەرستی مەهەپە و گەشەکردن و زیادبوونی دەسەڵاتگەریی پەیەدە

**"گۆڕانی ئاکەپە بۆ هێزێکی دەسەڵاتگەر و هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی ڕاستڕەوی نەتەوەپەرستی مەهەپە و گەشەکردن و زیادبوونی دەسەڵاتگەریی پەیەدە لە سووریا، ڕێگرییان کرد لە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانیان لەو کاتەوە"**

له‌ سووریا، ڕێگرییان كرد له‌ ده‌ستپێكردنه‌وه‌ی دانوستانه‌كانیان له‌و كاته‌وه‌.

**گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ ستراتیژی ئه‌منیه‌تی توركیا**

له‌ هه‌لومه‌رجێكی له‌م جۆره‌دا و له‌ كاتێكدا كه‌ ڕووبه‌ڕووی شه‌ڕی ناو شاره‌ زۆرینه‌ كوردییه‌كانی باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی بوویه‌وه‌ دوای ئه‌وه‌ی گفتوگۆكانی ئاشتی شكستیان هێنا، ئه‌نكه‌ره‌ گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ ستراتیژه‌ مه‌بده‌ئییه‌كه‌ی خۆی كه‌ به‌ئه‌منیكردنی كێشه‌ی كورده‌. ڕه‌گوڕیشه‌كانی ئه‌م ستراتیژیه‌ته‌ له‌ ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی و سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی كۆماری توركیادا به‌دی ده‌كرێت. عوسمانییه‌كان پرسی كوردیان وه‌كوو كێشه‌ی جێبه‌جێكردنی حوكمی ناوه‌ند ده‌بینی له‌ په‌راوێزه‌كانی ئیمپراتۆریه‌تدا و ده‌یانویست به‌ تێكه‌ڵه‌یه‌ك له‌ هێز و ئاسیمیله‌كردن چاره‌سه‌ری بكه‌ن. ئه‌وان به‌گشتی، له‌ گۆشه‌نیگای "ڕۆژهه‌ڵاتناسیی عوسمانییانه‌وه‌"، پرسی كوردیان وه‌كوو عه‌شره‌تگه‌ریی دواكه‌وتوو یان به‌ره‌نگاریی نه‌زانانه‌ی نیعمه‌ته‌كانی ئیمپراتۆریه‌ت ده‌بینی. له‌ دۆخێكدا كه‌ شه‌ڕ، ده‌ستتێوه‌ردانی ده‌ره‌كی و ئیداره‌كردنی كه‌مینه‌ یاخیبووه‌كان به‌ شێوه‌یه‌كی زۆر سه‌خت به‌رۆكی گرتبوو، كۆماری توركیای تازه‌ له‌ ساڵی ١٩٢٣-دا دروست بوو. ئه‌م كاردانه‌وه‌ له‌ پێناوی مانه‌وه‌دا له‌ ده‌یه‌كانی دواتردا به‌دامووده‌زگایی كرا له‌ ڕێگای گه‌شه‌پێدانێكی ناوه‌ندیانه‌ی ده‌وڵه‌تی توركیاوه‌ كه‌ بناغه‌كه‌ی تێگه‌شتنێكی بیرته‌سكانه‌ بوو له‌ ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌یی و حوكمی تاكڕه‌وی به‌ "سیفاتی دیموكراتییه‌وه‌".

به‌م شێوه‌یه‌ لێی بڕوانی، ئه‌ركی توركیا ئه‌وه‌ بوو دانیشتووانه‌ لاسار و له‌یاساده‌رچووه‌كانی سه‌ر سنووری وڵاته‌كه‌ی؛ ئاوێته‌ و ئاوێزانی "كۆمه‌ڵگا خه‌یاڵكرد"ه‌كه‌ی وڵاته‌كه‌ی بكات له‌ دیدێكی كۆلۆنیالانه‌وه‌ به‌ ئامانجی به‌شارستانیكردنیان. تاكه‌ ئامرازی ئاڵوگۆڕیش ته‌نها هێز بوو، چونكه‌ كورده‌كان ڕه‌تیان كرده‌وه‌ ئاوێته‌ بن و بتوێنه‌وه‌. له‌م سیاقه‌دا ده‌وڵه‌تی توركیا زاراوه‌كانی "جوداخواز، جه‌رده‌ و تیرۆریست" به‌كار دێنێت، بۆ ئه‌وه‌ی ناڕازییبوون به‌ نایاسایی بكات. ئه‌م شێوه‌ ناولێنانه‌ ئه‌وه‌ ده‌خاته‌ ڕوو كه‌ ئه‌نكه‌ره‌ هیچ به‌ته‌نگی ئه‌وه‌وه‌ نییه‌ هاوڵاتییه‌ كورده‌كانی كه‌ كه‌م و زۆر به‌ئاشتیانه‌ ته‌عبیر له‌ خه‌م و ناڕازیبوونه‌كانیان ده‌كه‌ن، جیا بكاته‌وه‌ له‌وانه‌ی كه‌ سه‌ربازییانه‌ و تیرۆریستانه‌ ده‌ریده‌بڕن. ئه‌م شێوه‌ ناولێنانه‌ دیسانه‌وه‌ ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ڕه‌تكردنه‌وه‌ی به‌رده‌وامی ئه‌نكه‌ره‌یه‌، بۆ ئه‌وه‌ی پرسی كورد وه‌كوو كێشه‌ی كه‌مینه‌یه‌كی گرنگ ببینێ كه‌ له‌دوای مافه‌كانی ده‌گه‌ڕێ.

له‌ نیوه‌ی ساڵانی هه‌شتا، ستراتیژێكی گه‌شه‌پێدراوی توركیای به‌خۆوه‌ بینی له‌ وه‌ڵامی سه‌رهه‌ڵدانی په‌كه‌كه‌دا كه‌ پێك هاتبوو له‌ به‌كارهێنانی هێز و لادان له‌ ڕێگا باوه‌كان و گه‌شه‌دانی زیاتر له‌و ڕێگایه‌دا به‌ مه‌به‌ستی دامركاندنه‌وه‌ی یاخیبوون و سه‌پاندنی

ئاسیمیلەیشن. بەکارهێنانی ئەمە، دەرئەنجامی هەبوو لە ساڵانی نەوەد دوای ئەوەی پەکەکە شکستی هێنا لەوەی سەرکەوتنەکانی لە شەڕی گەریلایی هەشتاکان بکات بە ڕاپەڕینی جەماوەری یاخود بیکات بە فشاری سیاسی بۆ ئاشتی، هەروەها واشی کرد کە تورکیا ڕێباز و کەرەستەی شەڕکردن و چۆنێتیی ئۆپەراسیۆن بگۆڕێت. ئەدای سەربازیی تورکیا لە نیوەی نەوەدەکان، ئەوەی نیشان دا کە یاخیبوونی سەربازیی کوردەکان بەتەنها بەشی ئەوە ناکات ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی بەدەست بێنن. ئۆپەراسیۆنی ئەم دواییەی "کانی ئاشتی" لە سووریا، دیسانەوە هەمان شتی سەلماندەوە. هەر چەندە ئەمە پەکەکەی نەوەستاندووە لە هەوڵدان و بەرزکردنەوەی تێچوونی شەڕەکە بۆ تورکیا.

ئەم ستراتیژیەتی بەئەمنیکردنە لە ناوخۆی تورکیادا، ئەوەشی لەخۆ گرتووە کە تورکیا پاڵپشتی لە دەستوپێوەندەکانی لە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردیدا دەکات، بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ. لە سەرەتاوە ئەمە ئیشی دەکرد لەسەر دابەشبوونە دینی، ئایدۆلۆژی و خێڵەکییەکان بۆ ڕاکێشانی دەنگدەر و پشتیوانی کوردەکان. بۆ نموونە، بنەڕەتە مارکسییەکەی پەکەکە گرفتئامێز بوو بۆ کوردە ئایینداڕ و پارێزگارەکە کە ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە بۆچی پەکەکە پشتیوانی زۆرتری نییە. هەر چەندە کوردەکان لە سەرەتاوە ئەم تاکتیکی خۆگونجاندنە هەڵیخەڵەتاندن، بەڵام ئەنکەرە فەشەلی هێنا لەوەی وەلائی کوردەکان بەرەو دەوڵەتی تورکیا بە شێوەیەکی درێژخایەن ئاراستە بکات.

خێراکردنی گەشەکردنی ئابووری لە ناوچە کوردییەکان بەگشتی لە کۆتاییدا بیری لێ کراوەتەوە لە ستراتیژیەتی تورکیدا. لە کاتێکدا پاڵپشتییەکی کەمی ناوەند بۆ پڕۆژە ئابوورییەکان؛ هەندێ دەرفەتی ڕەخساند بۆ کوردەکان و بزنسی لۆکاڵیی زیاد کرد، بەڵام هەمیشە بە شێوەیەکی پێویست یارمەتی نەدراون و بەیەکسانی دابەش نەکراون و هەر کاتێ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ویستبێتی ئەولەویەتیان پێ نەدراوە. هەروەها پەکەکەش خووی هێرشکردنە سەر پڕۆژەکانی گەشەپێدانی برەو پێ دا، بەتایبەتی ئەو پڕۆژانەی کە ڕەمزی دەوڵەتبوون وەکوو بەنداو و هێڵی بۆری لەگەڵ بەکارهێنانی هەڕەشەی مافیایی لەو کوردانەی خاوەن بزنسن و ڕۆڵیان لەو پڕۆژانەدا هەبووە.

بە مانایەکی تر، ستراتیژی داپڵۆسین، بەکارهێنان و گەشەپێدانی تورکیا؛ بەئاسانی ڕێگریی کرد لە پەکەکە لەدوای نەوەدەکان، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بە پرسی کوردی بێنێ. بەپێچەوانەوە، ڕێگاچارەی بەئەمنیکردنی تورکیا بە شێوەیەکی زۆر ناسنامە، ئاگایی و چالاکیی سیاسیی کوردیی زیاتر کرد. کردەکانی داپڵۆسین -وەکوو سزادان،

زیندانیکردنی بەرفراوانی نەیاران، ڕاگواستن و گواستنەوەی خەڵکی بەکۆمەڵ-، واقیعی پلە دوو بوونی کوردەکانی تورکیای سەلماند. ئەو ناڕازیبوونانەی لەم کردانەی دەوڵەتەوە کۆ بوونەوە، بوون بە هۆی زیادبوونی مەیلی زیاتر بۆ چالاکیی سیاسیی وەکوو لە سەرهەڵدانی هەدەپە و بەردەوامیبەخۆدانی سەربازیدا دیارە، پەکەکەش باش و زیندوو مایەوە.

**بەکارهێنانەوەی ستراتیژێکی تێکشکاو**

ئەگەر دەیەیەک لە داپڵۆسین و زەبروزەنگ تەنها ئاماژەی بە چارەسەری کێشەی کورد دابێت، مایەی سەرسوڕمانە کە ئەنکەرە هەر هەمان ستراتیژی بەکار هێناوە لە ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦) بە هێز و وزەیەکی تازەوە و خەریکی فراوانکردنیەتی لە ناوچەکەدا. پاڵنەری سەرەکیی ئەم برەوپێدانەش، ئەو ڕەگداکوتانە قووڵەی "دەقی بەئەمنیکردنە" لەناو نوخبەی دەسەڵاتداری تورکیا و گرێدانی ئەمەشە بە چەمکە بنچینەییەکانی ناسنامەی دەوڵەتی تورکیا وەکوو ناوەندی، یەکگرتوو، نەتەوەیی و بەم دواییانەش پەیدابوونی لەناکاوی یەیەدە/ یەپەگە لە سووریا بە یارمەتیی پەکەکە. بە ئەگەری زۆرەوە ئەم بەکارهێنانەوەی هێز و زەبروزەنگە ڕووی داوە، سەرەڕای فەشەلی سیاسیی دەقی بەئەمنیکردنەکە و تێچوونە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی نەک بە هۆکاری ئەو فەشەلە. ڕەتکردنەوەیەکی کەلەڕەقانەی پەکەکە بۆ هەڵوەشانەوە دوای دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی عەبدوڵا ئۆجالان لە ١٩٩٩، ئاماژەیەکی ڕوون بوو کە بەئەمنیکردن عەسای سحری نەبوو. بەڵام ستراتیژیەتی تورکیا دوای ٢٠١٥ لە بارەی پرسی کوردەوە، لەسەر ئەو بۆچوونە وەستاوە کە نەزعەی سەربازی کورد -بەتایبەتی پەکەکە لە تورکیا و ئێراق و پەیەد لە سووریا-؛ شێوەیەک لە تیرۆریزمە کە دەکرێ تەنها بە کامپەینی دژەیاخیبوونی ماوەدرێژ کۆتایی پێ بهێنرێ.

لە ناوخۆدا ستراتیژی ئەنکەرە؛ دژەتیرۆریزمێکی تەواو بەئەمنیکراوە. ئەو ئامرازانەی بەکاری دێنێت؛ قەدەغەی هاتوچۆی ناوشار، ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی لەناکاو، هێزی تایبەت، هێزی ئاسمانی (بەتایبەتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) و ئەگەر پێویستیش بکات کاولکردنی تەواوی ناوچەیەکە. لە ناوچەکەدا ستراتیژی تورکیا لەسەر ئەو مەبدەئە تازەی "دەستتێوەردان بۆ ڕێگریکردن" دامەزرواوە کە هاوشێوەی ڕێبازی "هێرش بۆ ڕێگریکردن"ە کە لە ستراتیژیەتی نەتەوەیی ئەمەریکادا لە ٢٠٠٢ جێگیر کرا. ئەم ستراتیژە بانگەشەی ئەوە دەکات کە مافی ئەوەت هەیە هێرش بکەیت بۆ مەبەستی ڕێگریکردن. ئەمە چیتر ئۆپەراسیۆنی دژەتیرۆر لە دەرەوەی سنوور وەکوو کردەیەکی کاتی تەماشا ناکات، بەڵکوو وەکوو ئامرازی هەمیشەیی بۆ سەقامگیریی ناوچەیی لێی دەڕوانێ. ئەنکەرە پاساوی درێژەپێدانی ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەوە دەداتەوە کە پشتیوانیی

ئەو دەوڵەتانە -سووریا و ئێراق- دەکات لە پاراستی نەزم و یەکگرتوویی خاکەکەیان، ئەڵبەت بەبێ داواکاری و ڕەزامەندیی خۆیان. بەڵام ئەو شێوازەی کە ئەنکەرە "دەستتێوەردان بۆ ڕێگریکردن"ی تێدا بەکار دێنێ -بەکارهێنانی هێزی پاشکۆ (سووریا)، دەرکردن و دروستکردنەوە (سووریا)، بنکەی سەربازیی هەمیشەیی (ئێراق و سووریا) و داگیرکردن (ئێراق و سووریا)-؛ کاریگەریی دوورتر و زیاتری دەبێت بۆ هەرێمەکە، چونکە بنکەی سەربازیی هەمیشەیی و ئیدارەی هەندێ ناوچە دەداتە تورکیا کە سەر بە ئەنکەرە نین.

فراوانبوونی ئۆپەراسیۆنە دژەتیرۆرییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا بۆ ئێراق و سووریا، جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەو کردارانەی تورکیا لە دژی دانیشتووانە کوردەکەی خۆی بەکاری هێناوە لە ساڵانی نەوەدەکان و دوو هەزارەکان. ئەمە جیاوازییەکی زۆر گرنگە، چونکە کێشەی کورد لە پرسێکی ناوخۆییەوە دەکات بە فاکتەری ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا. چەند ڕەگەزێکی جێ سەرنج هەن لەمەدا.

وەکوو سەرەتا، ئەمە شەڕی دژی پەکەکە لە سنووری ئێراق و لە بناری چیای قەندیل -بنکەی سەرەکیی پەکەکە- دەکات بە هەمیشەیی. لە ٢٠١٥-ەوە تورکیا زیاتر لە ٤٠٠ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە باکووری ئێراق ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی هێڵی پەیوەندی پەکەکە بە دەرەوە بپچڕێنێت و نەهێڵێت ئەندامی تازە پەیوەندی بە ڕیزەکانی پەکەکەوە بکەن، بنکەکانیان وێران بکات و پەیوەندیی پەکەکە و پەیەدە لە سووریا و پژاک لە ئێران بپچڕێنێ (تورکیا ئەو دوو ڕێخراوە بە لقی پەکەکە دەزانێ). لە مانگی ٨ی ٢٠١٨، "ئۆپەراسیۆنی سووربوون" زیاتر لە ١٢ بنکەی سەربازیی تورکی لە باکووری ئێراق دامەزراندووە کە ناوچەیەکی دابڕاوی ١٥ تا ٢٠ کیلۆمەتر قووڵی پێک هێناوە لە ئاڤاشین، خواکورک و باسیان وەکوو بەربەستێک لە دژی چەکدارانی پەکەکە کە بیانەوێ بپەڕنەوە ناو تورکیا. تورکیا هەروەها لە شەنگالی باکووری ڕۆژئاوای ئێراق هێرشی ئاسمانی ئەنجام دەدات کە لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدایە. هەم هێرشانە بەم دواییانە فراوان کراوە بۆ مەخموووریش. لە کۆتاییدا ئەنکەرە بوونی سەربازی خۆی لە خواکورکی ئێراقیش فراوان کرد کە دەکەوێتە نزیک سنووری تورکیا و ئێران لە ئۆپەراسیۆنی "چنگ"دا لە ٢٠١٩، لەمەشدا ١٠ بنکەی سەربازیی هەمیشەیی تر زیاد کران. لە مانگی ٦ی (٢٠٢٠)ەوە تورکیا وردە وردە سوود لە یارمەتیی سەربازیی ئێرانیش وەردەگرێت دژی پەکەکە و پژاک و لە بەرامبەردا ئیدانەی سزا ئابوورییەکانی ئەمەریکا دەکات دژی ئێران. هەر چەندە هێڵەکانی یارمەتیی پەکەکە سنووریان بۆ دانراوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر مەترسییان بۆ دروست نەبووە. سەختیی زنجیرەچیای قەندیل وای کردوە ئەگەرێکی

لاواز بێت سەربازانی تورکیا بتوانن بگەن بە جێگایەک بەبێ یارمەتیی هێزی ئاسمانی و بە قوربانییەکی کەمەوە لە شەڕێکی گەریلایی ئیزعاجکردندا دەربچن.

ڕەگەزێکی تری شەڕە هەرێمییەکەی تورکیا دژی کورد، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئەو دەستکەوتانەی پەیەدە/یەپەگە لە شەڕی ناوخۆی سووریادا بەدەستیان هێناوە؛ پێچەوانەیان بکاتەوە. هەر چەندە شەڕی دژی داعش و ئیزعاجکردن ڕۆڵیان هەبوو، بەڵام تورکیا ئۆپەراسیۆنەکانی درعی فورات - ٢٠١٦-١٧، چڵە زەیتوون -٢٠١٨ و کانی ئاشتی - ٢٠١٩ی بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە پەیەدە و یەپەگە دەست پێ کرد. ئەم دەستپێشخەرییانە نەیهێشت پەیەدە ناوچەکانی جەزیرە و عەفرین پێکەوە ببەستێ، دەستی گرت بەسەر تاکە ناوچەی زۆرینە کوردیدا (عەفرین، لەپێش ٢٠١١) لە سووریا و پەیەدەشی ناچار کرد ڕێگە بدات هێزەکانی سووریا و ڕووسیا بڕۆنە هەندێ ناوچەی گرنگی سنووریی تورکیا-سووریا. زیانە مەدەنییەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنانە، ئاوارەکردنی نزیکەی ١٥٠،٠٠٠ کوردی عەفرین و زیاتر لە ٢٠٠،٠٠٠ کورد و عەرەب و ئەوانی تر لە سەرێکانی و گرێسپی. لەپێش ئەمەشەوە پێشکەوتنەکانی پەیەدە/یەپەگە بوو بە هۆی ئاوارەبووی دەیان هەزار لە تەلحەمیس، تەلڕەفعەت و زۆر ناوچەی تر لە ساڵەکانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦. لەدوای کۆتا ئۆپەراسیۆن، ئەردۆگان پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەو ئاوارە عەرەبە سوورییانەی لە تورکیان، جێی کوردە دەرکراوەکان لە سووریا بگرنەوە: "گرنگ ئەوەیە ئەم ڕووبەرە گەورەیە (مەبەستی گرێسپی و سەرێکانییە) لەژێر کۆنترۆڵدا بێ، شێوەژیانی ئەم ڕووبەرە لەژێر کۆنترۆڵدا بێ، گونجاوترین خەڵک بۆ ئێرە عەرەبەکانن، ئەم ناوچە گونجاو نییە بۆ شێوە ژیانی کوردەکان. بۆچی؟ چونکە لە ڕاستیدا ئێرە ناوچەیەکی بیابانییە".

کۆتا ڕەگەزی ستراتیژی دژەتیرۆری هەرێمی تورکیا، ناردنەدەرەوەی کردەی لەمێژینەی دابەشکردنی کۆمەڵگای کوردییە لە ڕێگەی ئیشکردن لەسەر درزە کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە جیاوازەکان لە سەرکردایەتیدا. ئەم پاڵپشتی کردنەی تورکیا بۆ پارتی وەکو دەستوپێوەند زۆر گرنگ بووە بۆ ئەنکەرە بۆ لەتکردنی بەرەی کوردی. لایەنی ناکۆکی ئەمە ئەوەیە بناغەی ئەم پەیوەندییە، ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستانی ئێراقە کە تورکیا لەوە دەترسا ببێ بە پێشینە بۆ خەونی سەربەخۆیی کوردانی ناوچەکە. ئەم پەیوەندییە هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستانی ئێراق بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە فرۆشی نەوت دەبەستێ بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و بەردەوامیی ئەم فرۆشتنە پشت بە تورکیا دەبەستێ، بە هۆی جوگرافیای بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوتەوە. ئەنکەرە زیرەکانە یاری بەم کارتە

دەکات لە ڕێگای هاندانی هاریکاریی نێوان هەردوو حکومەتەوە کە تێیدا نوخبەی پارتی قازانج دەکەن لە ئاڵوگۆڕی زیاتر، ئیمتیازاتی بزنس، فرۆشتنی نەوت، گەندەڵی بە مەکرەمەی تورکیا. ئەردۆگان چەندین جار میوانداریی باڵای سەرکردەکانی پارتیی کردووە ساڵانی ڕابردوو، هەتا دوای ئەوەی بارزانی ڕیفراندۆمی کرد بۆ سەربەخۆیی لە ٢٠١٧. بە مانایەکی تر، سەرکردایەتیی پارتی زۆری هەیە لەدەستی بدات ئەگەر پاڵپشتیی ئەجێندایەکی ئازادیی نەتەوەیی بۆ کورد بکات کە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی تورکیا بێت. سەرەڕای دووربوونی پارتی لە ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە سووریادا، پارتی بووە بە عەمیلی تورکیا زیاتر لەوەی کە خۆی بیەوێ دانی پێدا بنێ کە ئەمەش لە بێدەنگیی پارتیدا ڕوون دەبێتەوە لە ئاست بوونی هێزی سەربازیی هەمیشەیی تورکیا لە باکووری ئێراق.

ئەنکەرە سوود لەو دوژمنایەتییە ئایدۆلۆجییەی نێوان گرووپەکانی سەر بە ئۆجالان و بارزانی دەبینێت لە سووریا، ئێراق و هەتا ناوخۆی تورکیاش بۆ "پەرتکردن و زاڵبوون". هەردوو لایەن ئامانجیانە بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیکردنی مقاومەی کوردی بگرنە ئەستۆ. پارتی پیاوسالار، پارێزگار و خێڵەکییە بە سروشتی خۆی و وابەستەی تەسەوفی نەقشبەندییە و هاوپەیمانی ئەمەریکاشە. پەکەکە هێشتاش مەیلی بۆ مارکسیزم ماوە و پەیوەندیی بە سووریا و ئێرانەوە هەیە و خەونی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی نوێی هەیە کە زیاتر یەکسانیخواز و لەخۆگر بێت –هەڵبەت دەبێت لەژێر سەرکردایەتی خودی پەکەکەدا بێت. ئەنکەرە هێرشی کردووەتە سەر هەر پارتێکی سیاسیی کوردی کە پەیوەندیی بە ئایدۆلۆژیای ئۆجالانەوە هەبێ، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردیی سەر بە بارزانی لە تورکیا خۆشیدا قبووڵ دەکات. بەکورتی، پەیوەندیی تورکیا بە پارتییەوە، وای کردووە بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانی ئێراق ببێ بە ناوچەیەکی ئاڵۆزی بەرخۆدانی کورد.

تورکیا دەیەوێ سوودوەرگرتن لە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق بگوازێتەوە بۆ سووریا بە پشتگیریکردنی ئەنەکەسە -گرووپێک کە پێک هاتووە لە زیاتر لە دوانزە حیزبی کوردیی سووری کە لە هەولێر، قامیشلی و ئەستەنبوڵ کار دەکەن کە نزیکن لە پەدەکەی بارزانییەوە. بە پێچەوانەی پەیەدەوە، ئەنەکەسە دژی ڕژێمی ئەسەدە. هەروەها دەشیەوێ یەکگرتوویی خاکی سووریا بهێڵێتەوە لەسەر بناغەی فیدراڵیزم. بەڵام هیچ زەوییەکی بەدەستەوە نییە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، هیچ هێزێکی بەدەستەوە نییە لەو ناوچە (پەیەدە ڕەتی کردەوە ڕێگە بدات ٦٠٠٠ پێشمەرگەی مەشقپێکراوی پارتی بڕۆنە ناوچەکانی) و کاریگەریی سیاسیی زۆر کەمی هەیە. پشتیوانیی تورکیا بۆ ئەنەکەسە، دەنگی

کوردانی سووریا پەرت دەکات و چیرۆکی تورکیاش بۆ شەڕی دژی تیرۆر (پەیەدە) بەهێز دەکات، چونکە تورکیا ئاماژە دەکات بەوەی کە توانای ئیشکردنی لەگەڵ گرووپە کوردییە میانڕەوەکاندا هەیە. مەولوود چاوشئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا، زۆر بەباشی ستراتیژی تورکیای کورت کردەوە کاتێ وتی: "ئێمە لەگەڵ ئەواندایین (ئەوانەی لەگەڵ ئۆجالان نین)، دژی گرووپە تیرۆریستییەکان. زۆر پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان تیرۆریستەکان و کوردەکانی تر". بەڵام دەبوو ئەوەشی زیاد بکردایە کە تورکیا تەنها ئەم جیاوازییە دەکات لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی.

### هیچ ئەنجامێک بەدی ناکرێت

بۆ چاوێکی نائاگا، خونواندنی سەربازییانەی تورکیا، وا دیارە ئەنجامی هەبێت. پەکەکە لە سووچێکی چیاکانی قەندیلدا گەمارۆ دراوە، چانسی پەیەدە بۆ بنیادنانی ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر؛ دامرکاوەتەوە، هەدەپەی تورکیا لە پەلوپۆ خراوە و دابەشبوونی ناو پارتە کوردییەکان زۆر زۆرە. بەڵام بە ئەگەری زۆر، ئەم دەرئەنجامانە تەمەنیان کورتە لەبەر چەن هۆکارێک:

یەکەم و گرنگترین شت، عەسکەرتاریەتی تورکیا دژی کورد؛ شوێن ڤێرژنی "ڕێوشوێنی جیهانی تیرۆریزم" کەوتووە بەوەی کە وەکوو تیرۆریست مامەڵە لەگەڵ هەر کەسێکدا دەکات کە بە ئاشتییانە یاخود سەربازییانە پشتگیریی ئۆتۆنۆمی، مافی گەلی کورد و نوێنەرایەتیی سیاسیی کوردی بکات. بۆ نموونە زیاد لە ٥٠٠٠ ئەندامی هەدەپە، زۆربەی سەرکردایەتیی ئەو پارتە و زیاتر لە ١٥٠ ڕۆژنامەنووسی کورد، تەنها بە گومانی بوونی پەیوەندییان بە پەکەکەوە دەستگیر کراون و لە زیندانن. شارە زۆرینە کوردییەکانی باشووری تورکیا وەکوو جەزیرە و سوور، نیوەخاپور کراون. بەمەبەست و بەهەڕەمەکی جێبەجێکردنی یاسای دژەتیرۆری تورکیا، ئازادیی ڕادەربڕینی سنووردار کردووە و هەزاران چالاکوان، ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسی تورکی بێدەنگ کردووە. ئەم ڕێکارانە چەندەها ناعەدالەتیی تازەی دروست کردووە و شکستی هێناوە ئەلتەرناتیڤی ئەرێنی پێشکەش بکات. دەرئەنجامێک ئەگەری زۆرە لێی بکەوێتەوە، زنجیرەیە تر شەڕ و ململانێیە.

دووەم شت، ئەنکەرە قووڵایی بەرخۆدانی کورد بە کەم سەیر دەکات. زۆرینەی ئەوانەی لە زیندانن، دادگایی کرابن یان نا، بەردەوامن لە بەرەنگاربوونەوەی ئاکەپە و دەنگدەرانی کوردی لە تورکیاش هەر دەنگ دەدەن بە هەدەپە. زیاد لەوەش، هەر چەندە گرووپەکانی چەشنی پەکەکە و پەیەدە دەسەڵاتگەرن بە سروشتی خۆیان و میتۆدی بێدەنگکردن بەکار دێنن و بەشداریی کردەی تیرۆریستی دەکەن، بەڵام گرووپی دەنگدەریان هەیە کە هێز و توانایان پێ دەدەن. ئەم دەنگدەرانە زیاد

دەکەن لە وەڵامی ئەو جۆرە کردانەی لە سەرەوە ڕیزمان کردن. بۆ نموونە، پەکەکە لە ستراتیژی ٢٠٢٠دا وازی لە هەموو قسەکردنێک لە بارەی دانوستانەوە (هەر چەندە ئۆجالان پاڵپشتیی دەکات) هێناوە و داوای بەرەنگاربوونەوەی گشتی دەکات لە دژی تورکیا. عەسکەرتاریەتی تورکی بەبێ مساوەمە پەیوەندیی خەڵکی بە پەکەکەوە خێراتر دەکات.

سێیەم، تاکتیکەکانی سیاسەتی بەئەمنیکردنی ئەنکەرە بووە بە هۆی تاڵانکردنی تەواوی عەفرین لەلایەن شوێنکەوتەکانی تورکیاوە، ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری کوردانی سووریا و زیادبوونی قوربانیی مەدەنی لە ئێراق. لە باکووری ئێراق و تورکیا، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت لە (٢٠١٥)ەوە ٤٨٠٠ کەس مردوون، ١٠٠،٠٠٠ کەس دیار نەماون و ٤٠٠،٠٠٠ کەسیش ئاوارە بوون. ئەم ئەنجامانە دەبنە هۆی کاردانەوەیەکی هاوشێوەی ناو تورکیا خۆی. لە ئێراق زیادبوونی چالاکییە سەربازییەکانی تورکیا ناڕەزایەتیی گشتیی لێ کەوتووەتەوە بە هۆی زیان و قوربانییەکانەوە، پەدەکە ترسی لە مانەوەی هەمیشەیی تورکیا هەیە لە هەرێمی کوردستانی ئێراق و دەنگی ناڕەزایی بڵندترە لە بەغداوە. لە سووریا هێزەکانی تورکیا ڕووبەڕووی یاخیبوون بوونەتەوە لەلایەن دوو گرووپەوە کە پەیوەندییان بە یەپەگەوە هەیە: تووڕەیی زەیتوون و هێزەکانی ڕزگاریی عەفرین.

چوارەم، هەتا پەدەکەی بارزانی و ئەنەکەسە ناڕەزاییبوونی خۆیان ناشارنەوە لە دەستتێوەردانە سەربازییەکانی تورکیا. هەر چەندە پەیەدە و ئەنەکەسە لەژێر گوشاری ئەمەریکادا لە خولێکی دیکەی دانوستاندان کە دەکرێ عەسکەرتاریەتی تورکیا ئەهوەن بکاتەوە، بەڵام جیاوازییەکانیان ئەگەری زۆرە نەهێڵێت بگەن بە ڕێککەوتنێکی جددی.

پێنجەم، ناوبانگی نێودەوڵەتیی تورکیا خراپ بووە بە هۆی عەسکەرتاریەتی دژەکوردەوە. هەر چەندە ئۆپەراسیۆنی "کانی ئاشتی" سەرکەوتنی تاکتیکی بوو، بەڵام مۆتەکەیەک بوو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە پەیەدە هاوسۆزیی جیهانیی بەدەست هێنا. هەروەها تورکیا لە دوورمەودا کێشەیەکی بۆ خۆی دروست کردەوە، بە تێوەگلانی سوپاکەی لە سووریا. ئەم خۆنیشاندانەی تورکیا لەوانەیە هانی ڕژێمی ئەسەد یاخود هەندێ وڵاتی کەنداو بدات کە یارمەتیی گرووپە چەکدارە کوردییەکان بدەن لە دژی.

لە کۆتاییدا، لە ئەگەری ئەوەدا کە دەستتێوەردانە هەرێمییەکانی تورکیا ئاسانکاری بکات بۆ هاتنەوەی گرووپە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان، ئەوە نێوبانگە نێودەوڵەتییەکەی تورکیا زیاتر لەکەدار دەبێت. بۆ نموونە؛ ئەو کردە سەربازییانەی تورکیا کە پەیەدە/یەپەگە لاواز دەکات لە

سووریا، که‌ هێزه‌کانی نزیک له‌ په‌که‌که‌ به‌ئامانج ده‌گرێ له‌ شه‌نگال و مه‌خمووری ئێراق که‌ پاڵ به‌ پارتییه‌وه‌ ده‌نێت بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی یه‌کێتی، به‌ حوکمی په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌ په‌که‌که‌وه‌؛ هه‌موو ئه‌م کرده‌وانه‌ی تورکیا بۆشایی ئه‌منی دروست ئه‌که‌ن و زه‌مینه‌ی له‌بارن بۆ گه‌شه‌کردنی گروپه‌ ئیسلامیه‌ ڕادیکاڵه‌کان.

## چی بکرێت؟

کاتێ سه‌یری هه‌موو فاکته‌ره‌کان ده‌کرێت، ڕیکاری داپڵۆسینی ئه‌نکه‌ره‌ ئه‌گه‌ری زۆره‌ تۆوی خولی دواتری ململانێکان بچێنێت، به‌و پێیه‌ی ناعه‌داله‌تی، وێرانکاری و نێهیوایی دروست کردووه‌ به‌بێ خستنه‌ڕووی هیچ شتێکی ئه‌رێنی. فه‌لسه‌فه‌ی پشتی ئه‌م ڕێکاره‌، هه‌ر تواندنه‌وه‌ی به‌زۆری کورده‌ له‌ناو ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندیی تورکیادا له‌سه‌ر بنه‌مای ناسنامه‌یه‌کی به‌رته‌سکی تورکی له‌ ناوه‌وه‌ و داپڵۆسینی بزووتنه‌وه‌ کوردییه‌کان له‌ ده‌ره‌وه‌.

له‌به‌ر ئه‌م هۆکاره‌، به‌بێ دووباره‌ پێناسه‌کردنه‌وه‌ی مانای "تورکبوون"، چاره‌سه‌ری پرسی کورد سه‌خت ده‌مێنێته‌وه‌. تاوه‌کوو ئه‌و کاته‌، یه‌کێتیی ئه‌ورووپا (له‌ ناویدا هۆڵه‌ندا) پێویسته‌ فشاره‌کانی زیاد بکات له‌سه‌ر تورکیا بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ستتێوه‌ردانه‌ سه‌ربازییه‌کانی له‌ ناوچه‌که‌دا که‌م بکاته‌وه‌ و ده‌رگای به‌شداریی سیاسی له‌ ناوخۆدا بکاته‌وه‌ بۆ نوێنه‌ره‌ کورده‌کان، تاوه‌کوو به‌شداریی کارا بکه‌ن له‌ سیاسه‌تی نه‌ته‌وه‌ییدا، ئه‌مه‌ش وه‌کوو باشترین و ماوه‌درێژترین فاکته‌ر دژی عه‌سکه‌رتاریه‌تی په‌که‌که‌ و په‌یه‌ده‌ و مۆدێلی ده‌سه‌ڵاتگه‌ریی خۆیان به‌کار بهێنێت.

ده‌ستتێوه‌ردانه‌ هه‌رێمییه‌کانی تورکیا، ده‌کرێ ڕێگرییان لێ بکرێ به‌ یارمه‌تیدانی هێزه‌کانی پاسه‌وانی سنووره‌کانی ئێراق له‌ ڕێگه‌ی کۆمسیۆنی هاوکاریی یوئێنه‌وه‌ بۆ ئێراق (یونامی)، یان کۆمسیۆنی ڕاوێژکاریی یه‌کێتیی ئه‌ورووپاوه‌. له‌ کۆتاییدا هێزه‌کانی ئێراق ده‌بێ تورکه‌کان ده‌ربکه‌ن و په‌که‌که‌ش بێده‌نگ بکه‌ن له‌ خاکی خۆیاندا. یه‌کێتیی ئه‌ورووپا ده‌بێ به‌توندی ئیدانه‌ی ده‌رکردنی کورده‌کان بکات له‌لایه‌ن تورکیاوه‌ له‌ سووریادا و له‌ هه‌مان کاتدا دانیش بنێ به‌ ڕۆڵی تورکیادا که‌ ملیۆنان ئاواره‌ی له‌خۆ گرتووه‌ و نه‌یهێشتووه‌ دووباره‌ ئیدلب بکه‌وێته‌وه‌ ده‌ست ڕژێمی ئه‌سه‌د. سیاسه‌تی ناوخۆیی تورکیا سه‌خته‌ کاریگه‌ریی له‌سه‌ر دابنرێت، به‌ڵام یه‌کێتیی ئه‌ورووپا ده‌بێ سوور بێت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی تورکیا کار بکات له‌سه‌ر داواکارییه‌کانی کۆمسیۆنی ئه‌ورووپا وه‌کوو دووباره‌ زیندووکردنه‌وه‌ی سه‌ربه‌خۆیی دادگا و وه‌ستاندنی هێرشکردنه‌ سه‌ر پارێزوانانی مافه‌کانی مرۆڤ، ده‌بێت که‌متر بایه‌خ به‌ یه‌کێتیی گومرگی نێوان تورکیا و یه‌کێتیی ئه‌ورووپا بدرێت.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی



# ئابووریی عێراق لە دوڕیاندا ساڵێکی سەخت و لێکگەیشتنی ئەستەم

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد

**بەرایی**

بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا؛ سیستمی دارایی و ئابووریی جیهانیی خستە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە، کۆکییەک هەیە لەسەر ئەوەی جیهانی دوای کۆرۆنا جیهانێکی جیاواز و نوێ دەبێت. عێراق و هەرێم کە خۆیان بەدەست دەیان کێشە و قەیرانەوە دەیانناڵاند، کۆرۆنا هێندەی دیکە شەکەتی کردن. ئێستا باس لە داڕووخانی سیستمە سیاسیی، ئابووریی و داراییەکەی عێراق وەک ئەگەرێک دەکرێت. کورتهێنان بە ئاستێکی بەرچاو لە بودجەی ٢٠٢١دا، هێندەی دیکە وڵاتەکەی خستووەتە ناو تونێلێکی تاریک و مەترسیدارەوە.

حکومەتەکەی مستەفا کازمی لە ڕێگەی پەڕەی سپییەوە دەستی بە چاکسازی کردووە و بەشێکی دیاریشی کە لە بودجەدا جێبەجێ کردووە، وەک هەوڵێکیش بۆ کەمکردنەوەی بڕی کورتهێنان و وەڵامدانەوە بۆ داواکاریی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی ناوەندیی عێراق نرخی هەر دۆلارێکی لە ١٤٥٠ دینار جێگیر کرد.

**دۆخی دارایی و ئابووریی ئێستای عێراق**

بەشێکی دیار لە شیکەرەوە، بەرپرسان و ئەندامانی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقیش دۆخی دارایی و ئابووریی ئێستای عێراق بە مەترسیدار ناو دەبەن. د. عیزەت سابیر پسپۆڕی ئابووری و بەڕێوەبردن، بەم جۆرە باسی بودجەی عێراق و دۆخی ئێستای دارایی و ئابووریی عێراق بۆ گۆڤاری ئایندەناسی دەکات: ئەم بودجەیە لە مێژووی عێراقدا گەورەترین بودجەیە کە ١٥٠ ترلیۆن دینارە، نزیکەی ٩٢ ترلیۆن داهاتەکەیەتی، کەواتە ٥٨ ترلیۆنێک کورتهێنانی هەیە. بەشێکی ئەم کورتهێنانە لە قەرزی دەرەکی، بەشێکی لە قەرزی ناوخۆیی پڕی دەکاتەوە و ئەگەر پێویستیش بکات بەشێکی لە بانکی ناوەندییەوە وەردەگرێت، بەشەکانی دیکەشی لە چەند سەرچاوەیەکەوە پڕ دەکاتەوە. بڕیار دراوە نرخی بەرمیلێک نەوت ٤٢ دۆلار بێت، سێ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات، ٢٥٠ هەزار بەرمیلی هیی هەرێمی کوردستان و سێ ملیۆنی خۆی. ئێستا کە نرخی بەرمیلێک نەوت ٥٢ دۆلارە، واتە ١٠ دۆلار زیاترە لەوەی لە بودجەدا دانراوە، بەشێکی کورتهێنان بەم زیادەیە پڕ دەکرێتەوە. بانکی ناوەندییش بڕیاری داوە ١٠٠ دۆلار بە ١٤٥ و ١٤٦ هەزار جێگیر بکات، ئەمەش سوودێکی باشی بۆ داهاتوویەکی دوور دەبێت، واتە بۆ دوو تا سێ ساڵێکی دیکە. لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش خەڵک باجی گەورە دەدەن، مووچەخۆر و هەموو کەسێک، چونکە نرخی شمەک گران دەبێت، بەڵام لە داهاتوودا نرخەکان کەمێک هەرزان دەبن.

د. نەرمین مەعرووف؛ پسپۆڕ لە بواری دارایی و بازرگانیی نێودەوڵەتی و ڕاگری کۆلێژی بازرگانی لە زانکۆی سلێمانی، دەربارەی دۆخی دارایی و



**د. نەرمین مەعرووف غەفوور**

لەدایکبووی شاری سلێمانییە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی ئابووری و پسپۆڕیی هەیە لە بواری دارایی و بازرگانیی نێودەوڵەتی. ڕاگری کۆلێجی بازرگانییە لە زانکۆی سلێمانی. ڕاهێنەری پڕۆگرامی نێودەوڵەتی (Start Improve Your Business) و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستانە (کیدۆ).

ئابووریی عێراق بە گۆڤاری ئایندەناسیی ڕاگەیاند: چەند ساڵێکە عێراق وەک یەکێک لە وڵاتانی هەناردەکاری نەوت ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی و ئابووریی سەخت بووەتەوە، ئەمەش بە هۆی دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوتی خاو لە بازاڕەکان جیهان. ئەمەش وای کردووە دەستهاتی حکومەتی عێراقیی لە فرۆشتنی نەوتی خاو زۆر کەم ببێتەوە، بەتایبەت کە عێراق لەو وڵاتانەیە کە بە ڕێژەیەکی زۆر داهاتی بودجەکەی پشت بە سەرچاوەی داهاتی نەوت دەبەستێت بە ڕێژەی ٩٧٪. بۆیە بودجە وەک پاشکۆیەک بۆ گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی جیهاندا دیزاین دەکرێت، واتە لەگەڵ زیادبوونی نرخی نەوتی خاودا؛ داهات کەم و لەگەڵ زیادبوونی نرخەکەی؛ داهاتی حکومەت زیاد دەکات.

شەڕی داعشیش هێندەی دیکە عێراقی خستە ناو تەنگەژەی دارایی و ئابووریی سەخت و ساڵ بە ساڵ قەبارەی کورتهێنان لە بودجەی گشتیدا زیاد دەکات، ئەمەش وای کردووە حکومەت ئەو خەرجییانەی پێویستن بۆ ڕاییکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و پێدانی شایستە و مووچەی فەرمانبەر و مووچەخۆرانی خۆیشی، ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و کورتهێنانێکی زۆر ببێتەوە. واتە دۆخی دارایی و ئابووریی ئێستای عێراق سەختە، پێشناچێت ئەم دۆخە لە ئایندەیەکی نزیکدا باش ببێت، چونکە ساڵانی ڕابردوو گرنگییەکی ئەوتۆی بە سەرچاوەکانی دیکەی داهات، واتە داهاتە نانەوتییەکان نەداوە، ئەمەش وای کردووە ساڵانە ڕووبەڕووی تەنگەژەی دارایی ببێتەوە، ئەمەش لە کەرتی حکومەتەوە بۆ سەرتاپای

کەرت و جومگە ئابوورییەکان دەگوازرێتەوە، بێکاری زیاد دەکات، داکشانی ئابووریی سەر هەڵدەدات و چالاکیی سەرجەم کەرتەکانی دیکەش لاواز دەبن.

شیروان میرزا ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق بە گۆڤاری ئایندەناسیی ڕاگەیاند، دارایی عێراق لە دۆخێکی خراپدایە، چونکە داهات زۆر کەمی کردووە و خەرجییەکانیش هەر زیاد دەکەن، بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناش نرخی نەوت دابەزیوە و داهاتی ئەو سێکتەرانەشی پارە بۆ عێراق پەیدا دەکەن؛ بەرەو دابەزین ڕۆیشتوون. بەپێی ئەو ڕێککەوتنەشی کە لەگەڵ ئۆپیک پڵەس هەیەتی، ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل هەناردەکردنی نەوتی کەم کردووەتەوە.

**٢٠٢١ بۆ عێراق چۆن دەبێت؟**

لەسەر بنەمای دۆخی دارایی و ئابووریی ئێستا، بەشێکی دیاری بەرپرس و شیکەرەوان پێیان وایە ساڵێکی سەخت و دژوار چاوەڕوانی عێراقییەکان دەکات. بەرزنەبوونەوەی نرخی نەوت وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، دابەزینی نرخی دینار، ناکۆکییە سیاسییەکان و ئاڵۆزیی دۆخی ئەمنی؛ لەو دەیان هۆکارەن عێراقیان خستووەتە بەردەم مەترسی و ئەگەری داڕووخانەوە.

شیروان میرزا پەیوەست بە بودجەی ٢٠٢١ دەڵێت، پرۆژەیاسای بودجەی ٢٠٢١ تا ئاستێک خراپ نییە، هەر چەندە بەشێکی زۆری هەر تەقلیدییە و وەک ساڵانی پێشووە، بەڵام بەشێک لە چاکسازییەکانی پەڕەی سپییان تێدا جێ کردووەتەوە. د. نەرمین مەعرووف لە هەڵسەنگاندنی بودجەی ٢٠٢١دا بەم جۆرە بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو، بودجەی ساڵی ٢٠٢١ ڕووبەڕووی کورتهێنانێکی گەورە بووەتەوە کە دەکاتە نزیکەی یەک لەسەر سێی بودجە. لاوازی و کەمیی سەرچاوەکانی دەستەبەرکردنی داهاتی زیاتر بۆ بودجە، حکومەت و بودجە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی گەورە دەکەنەوە.

بەشێکی زۆری بودجە بۆ بواری خەرجیی بەگەڕخستنە، ئەمەش وەها دەکات حکومەت بتوانێت تەنها بەردەوامی بە ئەم دۆخەی ئێستا بدات. ئەوەی بۆ بواری وەبەرهێنان تەرخان کراوە، ڕێژەیەکی کەمی بودجەکەیە. زۆربەی حکومەتەکانیش کاتێک کورتهێنان لە بەدجەکەیاندا ڕوو دەدات و ناتوانن ئەو کورتهێنانە پڕ بکەنەوە، بێگومان دەستبەرداری خەرجییەکانی بواری وەبەرهێنان دەبن و گرنگی بە خەرجییەکانی بواری بەگەڕخستن دەدەن، لە نێویشیاندا مووچە، کرێ و خەرجییەکانی بەگەڕخستنی دامودەزگاکانی حکومەت، ئەمەش لە پێناو بەردەوامیدان بە ڕاییکردنی کاروبارەکانی حکومەت. واتە لە دۆخی کەمیی داهات و کورتهێناندا، حکومەت ناتوانێت دەستبەرداری خەرجییەکانی بواری

بەگەڕخستن و مووچە ببێت کە پەیوەستە بە ژیانی هاوڵاتیانەوە.

لەم دۆخانەدا قوربانی بە خەرجییەکانی بواری وەبەرهێنان دەدرێت، ئەمەش گرفتێکی گەورە بۆ بواری ئابووری دروست دەکات، چونکە خەرجییەکانی بواری وەبەرهێنانی گشتی زۆر پێویستن بۆ فراوانکردنی تواناکانی بەرهەمهێنان، زۆربەی کات ئەم خەرجییانە لە بواری ژێرخانی ئابووریدایە کە فاکتەری سەرەکین بۆ ئاسانکردن و فراوانکردنی چالاکییە ئابوورییەکانی کەرتی تایبەت کە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدارن لە دروستکردن و زیادکردنی دەستهات و بەرهەمی خۆماڵی.

ئاماژە بەوەش دەکات، پێشبینی دەکرێت بۆ ساڵی داهاتوو ئەگەر فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەم ئاڕاستەیەی ئێستا بمێننەوە، وەک: قەیرانی دارایی جیهان، کەمیی خواست لەسەر نەوتی خاو لە بازاڕەکانی جیهان، دابەزینی نرخی نەوت و بەردەوامیی پەتای کۆرۆنا، ئەوا ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئابووریی عێراق و بودجەی ٢٠٢١ زیاتر دەبن.

سەبارەت بە پشکی هەرێم و گرنگیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەرێم و عێراق وەک ئەوەی لە بودجەدا دیاری کراوە، د. عیزەت سابیر دەڵێت: پشکی هەرێم لەم بودجەیەدا نزیکەی ١٠ ترلیۆن دیناری بۆ مووچە، خانەنشینی و پێداویستیی تایبەت دانراوە. دوو ترلیۆن دانراوە بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا، بایی ترلیۆنێکیش خەرجییە سیادییەکان بریتییە لە هەناردەکردنی خواردن، بەشەخۆراکی مانگانە، دەرمان، ڤاکسینی کۆرۆنا و سووتەمەنی. ئەمەش لە ١٣ ترلیۆن دینارەکە نزیک دەبێتەوە. ئەم ١٣ ترلیۆنە بەشی سەرجەم پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر وەک خۆی ڕێککەوتن و بودجەکە پەسەند بکرێت. لە بەرامبەردا دەبێت هەرێمی کوردستانیش ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، یان لە ڕێگەی سۆمۆوە بیفرۆشێت و داهاتەکەی ڕادەستی حکومەتی عێراق بکات و ٥٠٪ی داهاتی نانەوتیش بە حکومەتی عێراق بدات.

ئەو پسپۆڕەی بواری ئابووری و بەڕێوەبردن پێی وایە باشترە حکومەتی هەرێم دەستپێشخەری بکات، چونکە پێی وایە ئەوەی لە بەغداوە دەستمان دەکەوێت کە ١٣ ترلیۆنە، دوو هێندەی ئەوەیە بەراورد بەوەی کە حکومەتی هەرێم خۆی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیلە بفرۆشێت و ئەو ٥٠٪ی داهاتی نانەوتییە نەنێرێت بۆ بەغدا.

**دابەزاندنی نرخی دینار،**

**خواردنەوەی ژەهرەکە**

یەکێک لە چارەسەرەکانی کابینەکەی مستەفا کازمی و بانکی ناوەندیی عێراق بۆ کەمکردنەوەی بڕی کورتهێنان؛ دابەزاندنی نرخی دینار بوو، بەو پێیەی داهاتی نەوت



**شیروان میرزا قادر حەملان**

لە گوندی چنارانی دووکان لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/١/١ لەدایکبووە و دانیشتووی ڕانیەیە.

ماستەر و بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی، بەکالۆریوس لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسییەکان هەیە. بەڕێوەبەری ئامادەیی (٥)ی ئازارە لە ڕانیە و ئەندامی لیژنەی داراییە لە پەرلەمانی عێراقە.

بە دۆلارە، حکومەتی عێراق دەیەوێت بە دابەزاندنی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار بڕێکی زۆرتر دیناری دەست بکەوێت و بەم جۆرەش داهات زیاد و کورتهێنان کەم بکاتەوە. هەنگاوەکە هەم پشتگیری دەکرێت و هەم ڕەخنەبارانیش، وەک چۆن سەرەتای هەڵئاوسان دروست بووە و نرخی شتومەک بەرز بووەتەوە، ترس هەیە بەهای دینار لە کۆنترۆڵ دەربچێت و بە هەمان دەردی لیرەی تورکی و سووری و تمەنی ئێرانی بچێت. هەنگاوەکە کە لەلایەن سندووقی دراوی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی دەکرێت، پەرداخێک ژەهرە و حکومەت و گەلی عێراق ناچارن بیخۆنەوە تاکوو نەمرن.

شیروان میرزا لەم بارەیەوە دەڵێت ئەم هەنگاوە دوو هۆکاری هەبووە: یەکەمیان بۆ ئەوە بووە برەوی زیاتر بە بەرهەمی ناوخۆ بدرێت، تاکوو بتوانێت کێبڕکێی کاڵا و شمەکی هاوردەکراو بکات. دووەمیشیان ئەوە بوو کە کورتهێنانێکی زۆر لە پرۆژەیاسای بودجەدا هەبوو، بەو پێیەشی عێراق نەوت بە دۆلار دەفرۆشێت، بەشی زۆری داهاتەکەشی لە فرۆشتنی نەوتەوەیە و ئەو دۆلارەش لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە دەکات بە دینار، بۆیە بیری لەوە کردووەتەوە هەر ١٠٠ دۆلارێک لەبریی ئەوەی بە ١١٩ هەزار بیفرۆشێت بە بانکی ناوەندی، بە ١٤٥ هەزار بیفرۆشێت، بەمەش بەشێک لە کورتهێنان پڕ بکاتەوە کە بەپێی کەسانی شارەزا ڕەنگە پڕکردنەوەکە بەم ڕێگایە نزیکەی ١٢ بۆ ١٥ ترلیۆن دینار بێت.

د. نەرمین مەعرووف لە بارەی هەنگاوەکەی بانکی ناوەندیی عێراقەوە دەڵێت: عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی پەیڕەوی سیستەمی نرخی جێگیر

دەکات بۆ دراوەکەی، واتە تا ئاستێک ئازادە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی ئیداریدا نرخێکی تا ئاستێک دیاریکراوە بۆ بەهای دراوەکەی کە لە ٢٠٠٤ تاکوو ئێستا بانکی ناوەندیی عێراقی پەیڕەوی دەکات. بانکەکە لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتی هەڵئاوسانی نرخ، هەوڵی داوە بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلار بەرز بکاتەوە، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی ئەو سیاسەتە ئابوورییە چەوتانەی لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا پەیڕەو کرابوون، بەتایبەتی دابەزینی بەهای دیناری عێراقی، لەدەستدانی هێزی کڕینەکەی، بارگرانی لەسەر ئاستی بژێویی هاوڵاتیان و بەکاربەران. هەر بۆیە لە (٢٠٠٤)ەوە بانکی ناوەندی پەیڕەوی سیاسەتی مەزادکردنی دۆلاری کرد، کە ڕۆژانە بە نرخێکی تا ئاستێک هەرزان بڕێکی زۆر لە دۆلار دەفرۆشرا، کە لە ١٥٠ هەزار دینار بەرامبەر هەر ١٠٠ دۆلارێک هاتە نزیکی ١٢٠ هەزار دینار، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانرێت بەو دراوە بیانییانە کە بانکی ناوەندی بە هەرزان دەیانخاتە بازاڕەکان، تاکوو بازرگان و هاوردەکارەکان بڕێکی زۆر لە شمەک و کاڵا بهێننە وڵاتەوە و بەم جۆرەش خستنەڕووی کاڵا و شمەک زیاد بکرێت کە وا دەکات نرخ بهێنرێتە خوارەوە، بەم جۆرەش بەهای دیناری عێراقی بەرز دەکرایەوە، هەر ئەم ڕێگایەش یارمەتیدەر بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵئاوسان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی هاوڵاتیان.

لە ئێستادا و لە دەرئەنجامی ئەم بارودۆخە دارایی و ئابوورییە سەختەی ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە، وەکوو سەرچاوەیەکی تەمویلکردنی کورتهێنان و کەمکردنەوەی قەبارەی کورتهێنان، حکومەت بەهەماهەنگی لەگەڵ بانکی ناوەندی هەوڵیان داوە ئەم کورتهێنانە کەم بکەنەوە، ئەمەش لە ڕێگەی دابەزاندنی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی. ئامانج لەم هەنگاوە ئەوەیە ئەو دەستهاتەی حکومەتی عێراقی لە فرۆشتنی نەوت دەستی دەکەوێت، بە بڕێکی زیاتر لە دینار لەلایەن بانکی ناوەندییەوە ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت، تاکوو بتوانرێت قەبارەی داهات بە دینار زیاتر بێت، خەرجییەکان ڕایی بکرێن و قەبارەی کورتهێنان کەم بکرێتەوە.

لە بارەی ئەم بژاردەیەشەوە، باس لەوە دەکات ئەم ڕێگایە وەک یەکێک و ڕەنگە وەک ئاسانترین بژاردە لەبەردەم حکومەت و بانکی ناوەندیی عێراقدا بووبێت، بەم جۆرەش

**"حکومەت بەهەماهەنگی لەگەڵ بانکی ناوەندی هەوڵیان داوە کورتهێنانی بودجە کەمبکەنەوە، لەڕێگەی دابەزاندنی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی"**

بانکی ناوەندی دەتوانێت پارێزگارییەکی زیاتر لە قەبارەی ئەو یەدەگە دراوە قورسەی کە هەیەتی؛ بکات، حکومەتی عێراقییش دەتوانێت بڕێکی زۆرتری لە دینار دەست بکەوێت، بەم جۆرەش قەبارەی کورتهێنان کەم بکرێتەوە. بە هۆی ئەو بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەی هەیە، ڕەنگە زەحمەت بووبێت بۆ حکومەتی عێراقی بتوانێت لە ڕێگەی قەرزکردنەوە؛ تەمویلی کورتهێنانی بودجە بکات. ئێستا ڕەنگە بە هۆی ئەم ناجێگیریی بارودۆخی ئابووری و داراییەوە لە جیهان و دابەزینی نرخی نەوت، متمانەکردن بە ئابووریی عێراق لەو ئاستەدا نەبێت کە ناوەندەکانی پێدانی قەرز بتوانن قەرز بە عێراق بدەن، بەتایبەت کە عێراق قەرزداری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بانکە جیهانییەکانە، لە ناوخۆشدا ڕەنگە باری دارایی و ئاستی متمانەکردن بە ئایندەی ئابووریی حکومەتی عێراق لەو دۆخەدا نەبێت کە بتوانێت لە ناوخۆدا قەرز بکات.

د. نەرمین مەعرووف بەم جۆرە باس لە بژاردەی چاپکردنی دینار دەکات: بژاردەی سێیەمیش وەک چاپکردنی پارە، عێراق مێژوویەکی تاڵی لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا هەیە، هەموو ئەمانە وای کردووە حکومەت و بانکی ناوەندی دەست بۆ بژاردەی دابەزاندنی بەهای دینار ببەن. دەتوانین بڵێین ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە خستنەڕووی دراو لە بازاڕدا، چونکە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا و شمەک و هەڵئاوسان، چونکە عێراق بە ڕێژەیەکی زۆر لە دەستەبەرکردنی کاڵا و پێداویستییەکان؛ پشتی بە بازاڕەکانی جیهان بەستووە، هەر بۆیە بە بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار بەرامبەر دینار، تێچووی هاوردەکردنی کاڵای بیانی زۆر زیاتر دەبێت، ئەم تێچوونە زیادەیەش نرخی شمەک و کاڵاکان بەرز دەکاتەوە.

د. عیزەت سابیر سەبارەت بە بژاردەی دابەزاندنی بەهای دینار دەڵێت: دابەزاندنی نرخی دۆلار یەکێکە لە ڕێگا ناچارییەکان کە پێویستە، ئەگەرنا دەبێت ئەمە نەکرێت، دوایی لە توانای بانکی ناوەندیی عێراقدا نابێت کۆنترۆڵی بەهای دراوی عێراقی بکات، چونکە ئەگەر یەدەگی دراوەکەی کەم بووەوە و بڕێکی زۆری دینار لە بازاڕدا هەبوو، ئەو کاتە دەکەوێتە دەست بازاڕی ڕەش و بازاڕی خواست و خستنەڕوو، ئەوەش دەرچوونە لەژێر کۆنترۆڵی بانکی ناوەندی. سەبارەت بە دراوی ئێرانی، تومەن لەژێر کۆنترۆڵی بانکی ناوەندیی ئێران دەرچووە، لەبریی بانکی ناوەندی؛ خواست و خستنەڕوو لە بازاڕدا نرخەکەی دیاری دەکات، بۆیەش وای لێ هاتووە دە هێندەی جاران بەهاکەی دابەزیوە.

**کۆنترۆڵی بەهای دینار**

سووریا، ئێران و تورکیا لە دۆخێکی سەختیی داراییدان، ئەمەش وای کردووە بەهای دراوەکانیان بۆ ئاستێکی بێپێشینە دابەزێت.

لەم ناوەندەدا تەنها عێراق مابوو دینارەکەی بە بەرزی مابووەوە، بۆیە دۆلار هەرزان ببوو، ئێستا ئیتر عێراقیش بەهای دراوەکەی دابەزاندووە و بەشێک لە پسپۆڕانیش دەڵێن ئەم هەنگاوە هەم بەهای دینار لە دارمانی زۆر خێرا و گەورە ڕزگار دەکات، هەم بە هۆی گرانبوونی دۆلارەوە ئیتر دۆلار لە عێراوە نابرێتە دەرەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەتییش ئێران.

د. عیزەت سابیر سەبارەت بە توانای بانکی ناوەندیی عێراق لە کۆنترۆڵکردنی بەهای دینار، پێی وایە: بەڵێ، ئێستا عێراق دەتوانێت کۆنترۆڵی بەهای دینار بکات، چونکە تاکوو ئێستا یەدەگی دراوی هەیە، عێراق وەک ئێران گەمارۆی لەسەر نییە، ڕۆژانە نەوتی خۆی دەفرۆشێت و داهاتە نەوتییەکشی ڕۆژانە زیاتر دەکات، چونکە نرخەکەی گران بووە، بەو دۆلارەی دەستی دەکەوێت، دەتوانێت وەک کڕیار و فرۆشیار بچێتە بازاڕی دراوی عێراقییەوە و تاکوو سێ ساڵی دیکە هاوسەنگیی بەهاکەی بپارێزێت.

د. نەرمین مەعرووف بەم جۆرە باس لە کۆنترۆڵکردنی بەهای دینار لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دەکات: بانکی ناوەندیی عێراقی لە بەیاننامەکەیدا سەبارەت بە بڕیاری دابەزاندنی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار، بەڵێنی داوە و گەرەنتیی ئەوەی کردووە کە بەردەوام دەبێت لە سیاسەتی مەزادکردنی دۆلار بەپێی پێداویستیی بازاڕ و ئابووریی وڵات، واتە بەڵێنی ئەوە دراوە کە دابەزاندنی بەهای دینار بۆ یەک جارە و تاکوو چەند ساڵێکی دیکە دەستکاری ناکرێتەوە. گەرەنتییشی داوە کە هێندە یەدەگی دراوی قورسی هەیە، کە پارێزگاری لە بەهای نوێی دینار بکات. دەبێت بزانین کە ئەو یەدەگە قورسەی لای بانکی ناوەندیی عێراق پارێزراوە، هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی مەترسیدار بۆ ئێستای عێراق. ئەگەر لە ئایندەدا جارێکی دیکە نرخی نەوت بەرز بووەوە، دەستهاتی حکومەتیش لە نەوت زیاد دەکات، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی دەبێت لەسەر قەبارەی یەدەگی دراو لای بانکی ناوەندی. بۆیە پێناچێت عێراق بگاتە ئەو دۆخەی بەهای دینارەکەی لە کۆنترۆڵ دەربچێت و بە دەردی لیرەی تورکی و سووری و تمەنی ئێرانی بچێت.

دەشڵێت: ئەو دۆخەی تمەنی ئێرانیی تێدایە، زیاتر پەیوەندیی بە سزا ئابوورییەکانی ئەمەریکاوە هەیە بۆ سەر تاران، بۆیە هێشتا ئابووریی عێراق نەگەیشتووەتە ئەو دۆخەی کە لە مایەپووچبوونی ئابووری نزیک ببێتەوە، یان وڵات بگەڕێتەوە دۆخی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کە عێراق لەژێر گەمارۆکاندا بوو. ڕاستە بەهای دینار دابەزێنراوە، بەڵام عێراق لەژێر گەمارۆدا نییە و پەیوەندییە بازرگانییەکانیشی سنووردار نەکراوە، بۆیە بەهای دیناری عێراقی لەو ئاستەدایە کە جێگای متمانە بێت.

شیروان میرزا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئایا عێراق دەتوانێت کۆنترۆڵی بەهای دینار بکات؟

پێی وایە: بەڵێ، عێراق دەتوانێت کۆنترۆڵی بەهای دینار بکات، یەکێکیش لەو هۆکارانە ئەوەیە کە بۆ ئەوەی دیناری عێراقی ئاستێکی پێویستی هەبێت بەرامبەر دۆلار، بەهای دۆلار لە عێراق لەچاو وڵاتانی دەوروبەر هەرزانتر بوو، بۆیە دۆلار لە عێراقەوە دزەی دەکرد بۆ وڵاتانی دەوروبەر، یەکێک لە ڕێکارەکان ئەوەیە ئەم دزەکردنەی دۆلار کۆنترۆڵ بکرێت. بۆیە عێراق دەتوانێت کۆنترۆڵی بەهای دینار بکات و سندووقی دراوی نێودەوڵەتییش ئامۆژگاریی عێراقی کردووە کە ئەم هەنگاوە بنێت، ئەگەرنا بەپێچەوانە، دیناری عێراقی وەک تمەنی ئێرانی و لیرەی سووری و تورکیی لێ دێت.

بۆیە ئەمە هەنگاوێکە بۆ ڕێگریکردن لەوەی دینار بەهاکەی بە ئاستێکی زۆر لەدەست نەدات. لە ڕاستییشدا بڕیارەکە ناچاری بووە و حکومەت دەبوو ئەم هەنگاوە بنێت و هیچ چارەسەرێکی دیکەیان نەبوو.

**دراوسێکان لە هاوکارییەوە بۆ دۆلار بردن**

دراوسێکانی عێراق بەردەوام باس لە هاوکاریکردن و پشتیوانی بۆ عێراقییەکان دەکەن، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم وڵاتانە بەشێکی دیاری ئەو دۆلارەیان بردووە کە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە خراوەتە ڕوو، هەرزانیی دۆلار وای کرد بەشێکی گەورەی دۆلاری عێراق ڕوو لەم وڵاتانە بکات و بەم جۆرەش زیانێکی گەورە بەر دارایی و نەختینەی عێراق بگات.

سەبارەت بە ڕۆڵی ئێران لە شپرزەکردنی دۆلاری ناو هەرێم و عێراق، د. عیزەت سابیر دەڵێت: سەبارەت بە ڕۆڵی ئێران دەتوانین باسی چەند ڕەهەندێک بکەین: یەکەم، خۆمانی بۆ ئامادە بکەین؛ دەتوانین سوودی لێ ببینین، خۆیشمان ئامادە نەکەین؛ زیانمان پێ دەگات. بۆ نموونە تمەن بێ حساب و بێ کتاب لە ئێراندا چاپ دەکرێت، هیچ پارێزراوییەکی نییە. ڕۆژانەش لە بازاڕی دراوی سلێمانی، هەولێر و دهۆک؛ تمەنێکی زۆر زۆر دەهێنرێت و دۆلاری پێ دەکڕن و دۆلارەکە دەبەنەوە بۆ ئێران. دەبێت ئەمە ڕابگیرێت و بوەستێنرێت، دەبێت عێراق و هەرێمی کوردستانیش سنوورێک بۆ ئەمە دابنێن، ئەگەرنا کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر ئابورییەکەمان. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ئەم هەنگاوانەمان نا، دەتوانین سوود لە دابەزینی بەهای ئەو دراوەی ئەوان بکەین و شمەکی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان لە ئێرانەوە بهێنین نەک بەکاربردن، دەتوانین شمەکی بەکاربردن لای خۆمان دروست بکەین. کەواتە ئەوەی بۆ بەکاربردنە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دروست بکرێت، واتە لە ئێرانەوە کەرەستەی خاو، کارگە و ئەو شمەکانە بهێنین کە دەچێتە بەرهەمی شمەکێکی ترەوە.

شیروان میرزا دەربارەی ڕۆڵی وڵاتان لە بردنی دۆلاری عێراق، دەڵێت: دراوسێکانی عێراق ڕۆڵی زۆریان هەیە، چونکە دۆلار لە

عێراق هەرزانتر بوو، بۆیە بەشێکی زۆری ئەم دراوە دەچووە دەرەوەی عێراق و دزەی دەکردە ئەم وڵاتانەوە، تاکە ڕێگاش بۆ ئەم ڕێگرییە؛ دابەزاندنی نرخی دینار بوو بەرامبەر دۆلار، واتە گرانکردنی دۆلار تاکوو چیتر نەچێتە دەرەوە و وڵاتانی دراوسێ.

**هەرێم چی دەکات؟**

هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق، دەسەڵاتی دەستکاریکردنی بەهای دیناری نییە، بەڵام ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەرییەکانی سیاسەتی وەزارەتی دارایی عێراق و بانکی ناوەندیی عێراقدایە. هەرێم بەم دۆخەوە چۆن دەتوانێت خۆی لەگەڵ بارودۆخی دارایی عێراق و بەهای دیناردا بگونجێنێت، کاریگەرییەکان چین و ئایا دەتوانێت خۆی بگونجێنێت؟

شیروان میرزا لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات سیاسەتی دارایی و نەختینەیی لە دەسەڵاتەکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی و بانکی ناوەندیی عێراقییە و پەیوەندیی بە هەرێمەوە نییە، بەڵام بێگومان لە هەرێمیش دۆلار بەرز دەبێتەوە، هەرێمیش نەوت بە دۆلار دەفرۆشێت و دۆلارەکە دەکاتەوە بە دینار، لەم ڕووەوە وەک عێراق بە هەمان شێوە دیناری زیاتری دەست دەکەوێ بە هۆی ئەم هەنگاوەوە. ئەگەریش هەرێم بتوانێت بە هەنگاوی باش پشتیوانی لە بەرهەمی ناوخۆ بکات، دەتوانێت کاڵای هاوردە کەم بکاتەوە و پشتیوانی لە بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان بکات.

باس لەوەش دەکات، لەسەرووی ئەمانەوە باشترین چارەسەر بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کۆمەڵێک هەنگاوی چاکسازی بنێت، چاکسازی لە گرێبەستەکانی نەوت، تێچووی نەوت کە یەکجار زۆرە، چاکسازیکردن لە دەروازە سنوورییەکان، باج و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، ئەمەش لە پێناو کۆنترۆڵکردنەوە و ڕێکخستنی ئەم داهاتانە، دواتریش لە خزمەتگوزاری و پێدانی مووچەی فەرمانبەران بەکاری بهێنێتەوە. واتە باشترین چارەسەر، چاکسازی و خۆڕێکخستنەوەی دارایی و ئابوورییە.

د. نەرمین مەعرووف سەبارەت بە بژاردەکانی بەردەم هەرێم و ئەوەی پێویستە چی بکات، پێی وایە: ئەگەرچی هەرێم وەک بەشێک لە وڵاتی عێراق ڕووبەڕووی هەمان دۆخی دارایی و ئابووری بووەتەوە، بەڵام تا ئاستێک دەتوانین بڵێین وەک چۆن حکومەتی ناوەندی سوودمەند دەبێت لە دابەزینی بەهای دینار، بە هەمان شێوە حکومەتی هەرێمیش سوودمەند دەبێت، چونکە ئەو بڕە پارەیەی بە دۆلار دەست حکومەتی هەرێمیش دەکەوێت، بە بەهایەکی زیاتر لە دینار ئاڵوگۆڕ دەکرێت، بەمەش دەتوانرێت کورتهێنان کەم بکرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا ڕاستە حکومەتی هەرێم هاوشێوەی حکومەتی عێراقی پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت دەبەستێت، بەڵام لەتەنیشت داهاتی فرۆشتنی نەوتدا، هەرێم

**دراوسێکانی عێراق بەردەوام باس لە هاوکاریکردن و پشتیوانی بۆ عێراقییەکان دەکەن، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم وڵاتانە بەشێکی دیاری ئەو دۆلارەیان بردووە کە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە خراوەتە ڕوو**

بە سوودوەرگرتن لە دەروازە سنوورییەکان، ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ڕسومات و گومرگی دەستکەوتوو لە بازرگانی؛ سەرچاوەیەکی داهاتی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ئاستی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ ساڵ بە ساڵ لە هەڵکشاندایە، ئەو کاڵا و شمەکانەشی لە ڕێگەی کوردستانەوە ئاڵوگۆڕ و بازرگانییان پێوە دەکرێت، تەنها بۆ ناوخۆ نییە و هەرێم دەتوانێت سوود لە پێگە جوگرافییەکەی وەربگرێت بۆ بازرگانیی ترانزێت.

لە بارەی گرنگیی داهاتی ناوخۆش دەڵێت: داهاتی ناوخۆ سەرچاوەیەکی دیکەیە کە پەیوەستە بە ئەو ڕسوماتانەی حکومەت وەریدەگرێت لە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ باج و داهاتەکانی ناوخۆ، کە حکومەت دەتوانێت زیاتر گەشەیان پێ بدات. هەموو ئەمانە بژاردەی دیکەن و لەبەردەم حکومەتی هەرێمدان، ئەوە جگە لەوەی حکومەتی هەرێم ئەگەر لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێک بکەوێت و ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکرێن، ئەوا گەرەنتیی ئەوە دەدرێت کە لانی کەم دەستەبەرکردنی خەرجییەکانی بەکاربردن و لە نێویشیاندا بەتایبەتی مووچە و شایستە داراییەکانی فەرمانبەران ڕووبەڕووی مەترسی و قەیران نەبێتەوە.

لەسەر ئەوەی پێویستە هەرێم چی بکات، د. نەرمین مەعرووف دەڵێت: پێویستە حکومەتی هەرێم بودجەی هەبێت، ساڵانێکی زۆرە حکومەتی هەرێم بودجەی نییە، سەرەتا بۆ چاکسازی پێویستە هەرێم پرۆژەیاسایەکی بۆ بودجە هەبێت و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت. عێراق لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی قەیران بووەتەوە، بەڵام هێشتا پرۆژەیاسای بودجەی هەیە کە لەلایەن پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دواتر پەسەند دەکرێت. بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمیش بودجەی هەبێت تاکوو بەرچاوڕوونییەکی زیاتری هەبێت لە بارەی داهات و خەرجییەکان و ئەو کورتهێنانەی لە بودجەکەیدا ڕوو دەدات.

**هەولێر و بەغدا، گرێی ڕێککەوتن**

ماوەی چەند ساڵێکە قەیرانی قووڵ و گرێکوێرەی زۆر لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە. هەردوو لا ڕێک کەوتبێتیشن، ڕێککەوتنەکان



**د. عیزەت سابیر ئیسماعیل**

٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئابووری و بەڕێوەبردن و ڕاوێژکاری ئابوورییە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی دارایی، ئابووری و وەبەرهێنان بووە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان. سەرۆکی بەشی ئابوورییە لە کۆلێژی بازرگانیی زانکۆی سلێمانی.

وەک خۆیان جێبەجێ نەکراون، هەردوو لاش یەکتریان بە پابەندنەبوون تۆمەتبار کردووە. نوێنەرانی کورد و بەشێکی دیاری پسپۆڕانیش پێیان وایە پڕۆژەیاسای بودجەی ٢٠٢١ بۆ کورد "باش و گونجاوە". بەڵام ناکۆکیی لایەنەکانی نێو پەرلەمان لەسەر پشکی هەرێم و ئەگەری جێبەجێنەکردنی، وای کردووە هیوایەکی زۆر لەسەر پشکی کورد لە پڕۆژەیاساکە هەڵنەچنرێت، چونکە ساڵانی ڕابردووش بودجە بۆ کورد باشیش بووبێت، جێبەجێ نەکراوە.

لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی یاسای بودجە کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت، کورد چی دەکات؟ شیروان میرزا بۆ ئەم بارودۆخە و بژاردەکانی هەرێم، دەڵێت: لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتن لەگەڵ بەغدا، تەنها چارەسەر ئەوەیە کە لە ناوخۆدا خەرجی و داهاتەکانی ڕێک بخاتەوە، بابەتی بندیوار، چەند مووچەیی و بەهەدەردانی سامانی گشتی چارەسەر بکات. بە گرێبەست، تێچوون و خەرجییەکانی نەوتدا بچێتەوە، خاڵە سنوورییەکان کۆنترۆڵ بکات، بابەتی وەرگرتنی باج لە کۆمپانیا گەورەکان چارەسەر بکات و بەباشی جیبەجێی بکات و باجی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ڕێک بخات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە کاتێک دەکرێت خزمەتگوزارییەکان بەباشی فەراهەم بکرێن.

د. عیزەت سابیر لە بارەی سوودی هەرێم لەم گۆڕانکارییانە و ئەو هەنگاوانەی پێویستە بیاننێت، ئاماژە بەوە دەکات: هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوودێکی زۆر گەورە ببینێت، ئەمە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە ئابووریی هەرێمی کوردستاندا. ئێستا کە بەهای دینار دادەبەزێت، گەشتکردن بۆ

دەرەوەی عێراق بۆ هەر کەس و خێزانێک قورستر بووە، بۆیە کاتیەتی خۆمان ئامادە بکەین و کەرتی گەشتیاری پەرە پێ بدەین، بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی زیاد بکات. ئەمەش وەرچەرخانێکە کە داهات زیاد دەکات و کورتهێنان کەم دەبێتەوە. هەرێم دەبێت لەگەڵ بەغدا رێک بکەوێت، ئەگەرنا داهاتوویەکی نادیار چاوەڕوانی دەکات، چونکە ئەوە دوو ساڵە بۆی سەلماوە کە ناتوانێت بە داهاتەکەی خۆی؛ مانگانە بەتەواوی مووچە بدات. بۆیە دەبێت هەرێم کەرتەکانی دیکەی ئابووری پەرە پێ بدات و چاکسازیی ڕاستەقینە لە پرۆسەی نەوتدا دەست پێ بکات. هەرێمی کوردستان لەو نەوتەی دەیفرۆشێت، ٣٠٪ی بۆ حکومەتە و ٧٠٪ی بۆ کۆمپانیا و تێچووەکانی دیکە دەچێت. دەبێت هەرێم کارێک بکات ٧٠٪ی داهاتی نەوت بۆ خەڵک و ٣٠٪ی بۆ تێچوون و کۆمپانیاکان بچێت. تەنها ئەوە بکات، هەرێم پێویستی بە بەغدا نابێت و دەتوانێت مووچەی خەڵک دابین بکات.

**عێراق و هەرێم لەبەردەم داڕووخاندا**

چەند مانگێکە و بەتایبەت لەم هەفتانەی کۆتایی ٢٠٢٠، بەشێک لە پسپۆڕ و بەرپرسانیش باس لە دۆخی خراپی عێراق دەکەن. هەندێک کەس و تەنانەت دامەزراوە بانکی و داراییە نێودەوڵەتەکانیش هۆشداری لە داڕووخانی سیستمی ئابووری، دارایی و بانکیی عێراق دەدەن ئەگەر دەست بە چاکسازیی ڕیشەیی نەکات و هەنگاوی بوێرانە نەنێت. هەرێمیش کە بەشێکە لەم سیستمە دارایی و بانکییە، لەبەردەم مەترسیدایە، بەتایبەت کە حکومەتی هەرێم ناتوانێت مووچەی فەرمانبەران بدات و خزمەتگوزارییەکان بەباشی پێشکەش بکات. پرسیاری سەرەکییش ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستانیش لەبەردەم هەمان مەترسیی داڕووخانی ئابووری و داراییدایە؟

د. عیزەت سابیر دەڵێت: عێراق نزیکەی سەرووی ١٠٠ ملیار دۆلار قەرزدارە، تاکوو ئێستاش کە نرخی بەرمیلێک نەوت سەرووی پەنجا دۆلارە، ئەو پارەی نەوتەی دەستی دەکەوێت؛ بەشی خەرجییەکانی ناکات، ئەمەش لە پرۆژەیاساکەی بودجەی ٢٠٢١ ڕەنگی داوەتەوە. هەر وڵاتێکیش گەیشتە ئەوەی بڕی قەرزەکانی زۆر گەورە بوون و نزیکەی ٥٠٪ی کۆی بەرهەمی ناوخۆی وڵاتەکەی پێک هێنا، دۆخی دارایی ئەو وڵاتە بەرەو خراپبوون دەچێت.

لەم خراپبوونەی دۆخی داراییدا؛ دەزگا داراییەکانی جیهان ئامادە نابن قەرزی پێ بدەن، وەبەرهێنان لەو وڵاتەدا کەم دەبێتەوە، کۆمپانیا بیانییەکان نایەن وەبەرهێنان لە وڵاتێکی وەك عێراقدا بکەن کە سەرووی ١٠٠ ملیار دۆلار قەرزدار بێت و نەشتوانێت قەرزەکانی بداتەوە. ئەمانە هەمووی پێوەرن بۆ ئەوەی کە ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت، دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق لە قۆناغێکی

مەترسیداردایە و دەبێت چاکسازیی ڕاستەقینەی تێدا بکرێت.

د. نەرمین مەعرووف باسکردن لە داڕووخانی سیستمی دارایی و ئابووریی عێراق بە زیادەڕەوی دەزانێت و دەڵێت: پێم وا نییە داڕووخان ڕوو بدات، چونکە عێراق دۆخی لەوەی ئێستا خراپتری تێپەڕاندووە. عێراق نزیکەی ١٣ ساڵ لەژێر گەمارۆی ئابووریی قورسدا بوو، هەڵئاوسانێکی زۆر لە نرخدا ڕووی دا و بەهای دیناری عێراقییش زۆر دابەزی، بەڵام نەگەیشتە ئەو دۆخەی پێی بوترێت داڕووخانی سیستمی ئابووری و دارایی. ئێستاش سەرەڕای ئەوەی قەیرانی دارایی تینی بۆ حکومەتی عێراق هێناوە و خستوویەتیە ناو تەنگەژەیەکی قورسەوە، بەڵام عێراق یەدەگێکی دراوی قورسی گەورەی هەیە لە بانکی ناوەندی، هێشتا حکومەت هەیە، دامودەزگاکان لە کاردان، هێشتا وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوتە، دەتوانێت نەوتی خۆی بفرۆشێت و هیچ گەمارۆیەکی لەسەر نییە. ئەوەی ڕووی داوە، تەنها ئەوەیە کە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دابەزیوە، چونکە عێراقیش پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، تووشی ئەم قەیرانەی کردووە. واتە هەڵە و چەوتیی سیاسەتە ئابوورییەکانە کە عێراقی بەم دۆخە گەیاندووە، بەڵام نەگەیشتووەتە لێواری داڕووخانی سیستمی دارایی و ئابووری. هێشتا دینار بەهای خۆی هەیە، سێکتەرە

**هەرێم دەبێت لەگەڵ بەغدا ڕێک بکەوێت، ئەگەرنا داهاتوویەکی نادیار چاوەڕوانی دەکات، چونکە ئەوە دوو ساڵە بۆی سەلماوە کە ناتوانێت بە داهاتەکەی خۆی؛ مانگانە بەتەواوی مووچە بدات**

ئابوورییەکان لە چالاکیدان و لە دەرەوەی حکومەت هێشتا چالاکی هەیە. بۆیە باسکردن لە داڕووخانی ئابووری و دارایی؛ دیراسەکراو نییە و زیادەڕەویی تێدایە.

باس لەوەش دەکات: هەرێمیش سەرەڕای ئەوەی ساڵانێکە ڕووبەڕووی تەنگەژەی دارایی بووەتەوە و دۆخی بەرهەمهێنان سەرمایەگوزارییش لە دۆخێکی خراپدان، بەڵام ئابووری تەنها کەرتی حکومەت نییە، لەتەنیشت حکومەتدا کەرتی تایبەتیش هەیە، ئەگەرچی لە عێراق و هەرێمیشدا کەرتی حکومەت گەورەیە و دەتوانین بڵێین بزوێنەری زۆربەی چالاکی و جومگە ئابوورییەکانە، بەڵام هێشتا هیوایەک بە ئابووریی ئەم وڵاتە هەیە، چونکە وڵاتێکی هەژار نییە لە بنەڕەتدا و دەوڵەمەندە بە سەرمایەی مرۆیی و دەرامەتە ئابوورییەکانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری.

ئاماژە بەوەش دەکات: کێشەی سەرەکی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش لاوازی و چەوتیی سیاسەتە ئابوورییەکانە، گرنگینەدانە بە ئایندەی پلاندانان و گەشەپێدان، پلان و پرۆگرامەکانی حکومەت کورت مەودایە، بیر لەوە نەکراوەتەوە چۆن سەرچاوەکانی داهات هەمەجۆر بکرێن، توانای بەرهەمهێنانی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و کەرتەکانی دیکە زیاد بکرێن و تەنها پشت بە کەرتی نەوتی خاو بەستراوە.

سەبارەت بە ڕۆڵی سیاسەتی حکومەت لە نائومێدکردنی خەڵکدا، دەڵێت: ئەم هۆکارانە وایان کردووە تا ئاستێک لای مووچەخۆران بێئومێدی دروست ببێت و وا لە دۆخە بڕوانرێت کە گەیشتووەتە داڕووخانی ئاووری، بەڵام هێشتا ئومێد بە ئابووریی ئەم وڵاتە زۆرە، بانکی ناوەندییش بەو پێیەی ساڵانێکی زۆرە پشتگیریی لە بەهای دینار کردووە، بەم دابەزینەش هێشتا لە توانای بانکی ناوەندیدا هەیە کە پارێزگاری لە دراوی عێراقیی بکات. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن هێشتا ئومێد بە ئابووریی ئەم وڵاتە ماوە، بۆیە پێم وا نییە لەمە زیاتر تووشی داڕووخان و شکست ببێت.

شیروان میرزا لە بارەی داڕووخانی دارایی و ئابووریی عێراقەوە دەڵێت: ماوەیەکە بانکی نێودەوڵەتی، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و پسپۆڕانی نێودەوڵەتی هۆشدارییان بە عێراق داوە کە ئەگەر کۆمەڵێک گۆڕانکاری هەیە نەیانکات؛ تووشی داڕووخان دەبێت، هەر لە بابەتی دابەزاندنی بەهای دیناری عێراقی تاکوو دەگات بەو هەموو دامەزراندنەی لە کەرتی گشتیدا دەکرێت. بۆ نموونە عێراق لە ٢٠٠٣، تەنها ٧٥٠ هەزار فەرمانبەری هەبوو، ئێستا زیاتر لە چوار ملیۆنی هەیە و زیاتر لە هەشت ملیۆن مووچەخۆریشی هەیە. ئەمەش بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە و بارگرانییەکی زۆرە لەسەر خەزێنەی دەوڵەت. ئەمە بۆ کوردستانیش بە هەمان شێوە ڕاستە، بابەتی بندیوار، چەند مووچەیی و بەهەدەردانی سامانی گشتی هەیە، کە لە ڕاستیدا دەبێت هەرێم بە خەرجییەکان و داهاتەکەیدا بچێتەوە، واتە هەم داهات زیاد بکات و هەمیش خەرجییەکان کەم بکاتەوە، ئەوە جگە لەوەی پێویستە کە بەرامبەر کاڵای دەرەوە، پشتیوانی لە بەرهەم و کاڵای ناوخۆ بکات، بەم شێوەیە وردە وردە دەتوانێت ئابووری بەرەو پێشەوە ببات.

شیروان میرزا لە بارەی لەباریی زەمینەی هەرێمەوە دەڵێت: هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەباری هەیە بۆ برەودان بە هەر سێ سێکتەری کشتوکاڵی، پیشەسازی و گەشتیاری، کە دەکرێت برەویان پێ بدرێت و هەوڵ بدرێت بکرێن بە شوێنگرەوەی بەشێکی نەوت و بەمەش داهاتێکی زۆر بۆ وڵات دەستەبەر ببێت.

ئایندەناسی


# فەرهەنگی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

# خوێندنەوەی کتێبی

# ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟

**ئامادەکردن و وەرگێڕان: زانا کەریم** (١-٢)




ناونیشانی کتێب:
**ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟**
نووسەر: **جۆزێف ئێس. نای، کوڕ**

بڵاوکار: Polity Press
ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠١٥
ژمارەی لاپەڕە: ١٥٤

## پوختەی کتێب

"جۆزێف س. نای، کوڕ"؛ مامۆستا لە زانكۆی هارڤارد و خاوەنی بیردۆزی نەرمەهێز (soft power)، یەکێک لەو بیریارە ئەمەریکاییانەی بواری سیاسەتی نێودەوڵەتییە کە داکۆکی لە سەردەمی ئەمەریکایی دەکات. بەخۆپارێزییەوە گریمانەی بەردەوامبوونی دەکات و پێی وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا پێشبینیی ئاوابوونی ناکرێت. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ دەیە بەسەر کتێبی "Bound to Lead: The Changing Nature of American Power" کە تێیدا جۆزێف نای، لەگەڵ دارمانی یەکێتیی سۆڤیەتدا پێداگری لەسەر مانەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک هێزێکی زاڵی جیهانی لە چەند دەیەی داهاتوودا دەکات، جارێکی تر و لە کتێبی "Is American Century Over?"دا پێداگری لەسەر ئەو دەرەنجامە دەکاتەوە و لە میانەیدا هەوڵ دەدات وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکی بداتەوە: ئایا هێزی ئەمەریکایی لە پاشەکشێدایە؟ وە ئایا هێزی چینی لە ماوەی چەند دەیەی داهاتوودا، هێزی ئەمەریکایی تێدەپەڕێنێ[1]؟

ئەم کتێبە لەو گریمانەیەوە دەست پێ دەکات کە وا: هێزی ئەمەریکایی؛ هێزێکی فرە ڕەهەندە و هێزە ئاڵەنگارەکان، ئەوانەی ئەگەری دانەدواوەی هێزی ئەمەریکا و کۆتاییپێهێنانی سەدەی ئەمریکاییان هەیە، هێزی تاک ڕەهەندن. کتێبی "ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟"، تەنها لە ساڵی ٢٠١٥دا کە ساڵی هاتنەدەرەوەی کتێبەکەیە؛ چواردە جار، لە ساڵی ٢٠١٦دا دوو جار، لە ساڵی ٢٠١٧شدا دوو جار چاپ کراوەتەوە. "نای" لەم کتێبەدا پوختەی بۆچوونەکانی لە بارەی پاشەڕۆژی سەدەی ئەمەریکاییەوە، کە زیاتر لە سێ دەیەیە داکۆکیی لێ دەکات، دەخاتە ڕوو، هەروەها بەرپەرچی ئەو بۆچوونانە دەداتەوە کە باس لە ئاوابوون و کۆتاییهاتنی سەدەی ئەمەریکایی دەکەن. سەرەڕای ئەم گرنگییەش، هۆکارێکی تر کە وای لە ئێمە کرد ئاوڕ لەم کتێبە بدەینەوە و وردەکارانە بۆ خوێنەری کوردی ڕابنێین، گرنگیی سەدەی ئەمەریکایی و باندۆرەکانیەتی لەسەر پرسی کورد و چارەنووسی ئەم پرسە لە داهاتوودا.

ئەوەی لەم ڕانانەدا دەمانەوێت بەئامانجی بگرین، خستنەڕووی دید و تێڕوانینەکانی جۆزێف نای و ڕانانێکی وردەکارانەی کتێبەکەیەتی، بەڵام پەیوەست بە ڕانانەکەمان سەرەتا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

یەک: ئەوەی لێرەدا دەیخەینە ڕوو، زیاتر پوختەکردنەوە و ڕانانێکی وردەکارانەی کتێبەکەیە نەک تەنها خوێندنەوە (review)ی کتێبەکە.

دوو: ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە ساڵی (٢٠١٥)یە و داتا و ئامارەکان هیی ئەو

مێژووە و پێشترە، بۆیە ڕەنگە لەو کاتەوە تا ئێستا هەندێکیان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت.

سێ: سەرچاوەی ڕانانەکەمان؛ چاپی ئینگلیزیی کتێبەکەیە، بەڵام بەراوردی دەقە ئینگلیزییەکە و وەرگێڕانە عەرەبییەکەشمان کردووە و سوودمان لێ بینیوە(٢).

کتێبەکە لە ١٥٤ لاپەڕەی قەبارە مامناوەند پێک هاتووە، بەسەر حەوت بەشدا دابەش کراوە، لە بەشی حەوتهەمدا دەرەنجامەکان خراونەتە ڕوو. ئێمەش لە حەوت خاڵدا، واتە هەر بەشێک لە خاڵێکدا، ڕادەنێین.

**١. لەدایکبوونی سەدەی ئەمەریکایی**

لە سەرەتاوە دەبێت سەرەتای دەستپێکی سەدەی ئەمەریکایی دەستنیشان بکرێت و پرسیار بکرێت: کەی سەدەی ئەمەریکایی دەستی پێ کرد؟ دەکرێت سێ ڕێکەوت وەک نیشاندەری دەستپێک و سەرەتای لەدایکبوونی سەدەی ئەمەریکایی دەستنیشان بکرێت: نیشاندەری یەکەمیان؛ سەرچاوەکانی هێز، کە لێرەدا هێزی ئابوورییە، دەکاتە پێوەری دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی دەرکەوتنی سەدەی ئەمەریکایی و بەم پێیە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێتە گەورەترین هێزی پیشەسازیی جیهان، دەستپێکی سەدەی ئەمەریکاییە. بەڵام گرفتی ئەم دەستنیشانکردنە ئەوەیە کە تەنها یەک ڕەهەندی هێزی تێدا ڕەچاو کراوە، کە ڕەهەندی ئابووری هێزە و ئەمەش دەستنیشانکردنێکی ورد نییە، بۆ نموونە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەورەترین هێزی ئابووریی جیهان بوو، کەچی وەک یاریکەرێکی گەورەی تەرازووی هێزی جیهانی ئامادەگیی نەبوو.

نیشاندەرێکی تر بۆ دەستنیشانکردنی ڕێکەوتی لەدایکبوونی سەدەی ئەمەریکایی، دەکرێت نیشاندەری "خستنەگەڕی سەرچاوەکانی هێز" بێت لە تەرازووی هێزی جیهانیدا. ئەگەر خستنەگەڕی سەرچاوەکانی هێز و تەڤلیهەڤبوونی سیاسەتی جیهانی وەک دەستنیشانکەری سەرەتای لەدایکبوونی سەدەی ئەمەریکایی دابنێین، ئەوا دەکرێت سەرەتاکانی سەدەی ئەمەریکایی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو کاتەی "تیۆدۆر ڕۆزڤێڵت" کەشتیگەلی ئەمەریکایی بنیاد نا و تێکەڵی دیپلۆماسیی جیهانی بوو، هەروەها وەرچەرخانی گەورەش لەم ڕووەوە بەشداریکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا. بەم پێیە و هەروەک مایکڵ لێند (Michel Lend) گفتوگۆی دەکات، ساڵی ١٩١٤ ساڵی دەستپێکردنی سەدەی ئەمەریکاییە. بەڵام بە هۆی ئەوەی لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستدا جارێکی تر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چووەوە ناو قۆزاخەی گۆشەگیری، دەکرێت بڕیاری

بەشداریکردنی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا وەک سەرەتایەکی دروستتری مێژووی لەدایکبوونی سەدەی ئەمەریکایی دابنێین. لەم بەستێنەدا هێنری لویس (Henry Luce) کوڕی یەکێک لە باوکانی موژدەدەر لە ساڵی ١٩٤١ و لە گۆڤاری لایف (LIFE)دا سەروتارە بەناوبانگەکەی نووسی لە بارەی "سەدەی ئەمەریکایی"ەوە.

سێهەمین ڕێکەوت کە دەکرێت وەک دەستپێکی لەدایکبوونی سەدەی ئەمەریکایی دەستنیشان بکرێت، لەبەر یەکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەتە لە ساڵی ١٩٩١دا. بەلای هەندێکەوە بە لەبەریەکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەت، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێتە تاقە دەوڵەت کە بتوانێت لەسەر ئاستی جیهان نمایشی هێزی سەربازی بکات. لەم سەردەمەدا قەبارەی کەشتیگەلی ئەمەریکایی یەکسان دەبێت بە قەبارەی کەشتیگەلی حەڤدە دەوڵەتی یەک بەدوای یەکی دوای خۆی، هێزی هەوایی ئەمەریکایی دەبێتە پێشەنگ، ئەمەریکا جڵەوی سەرکردایەتیی بۆشایی ئاسمانی دەگرێتە دەست، هەروەها بودجەی سەربازیی ئەمەریکا بەنزیکەیی دەبێت بە نیوەی کۆی هەموو بودجەی سەربازی جیهانی.

لە مێژوودا ولاتێک نییە لە ڕووی سەربازییەوە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای تێپەڕاندبێت، هەندێک شرۆڤەکار ئەم پێشەنگییە بە "هەژموون" ناوزەد دەکەن، بەڵام هەژموون دەستەواژەیەکی هێندە ورد نییە تاکوو لە دیاریکردنی سەرەتای لەدایکبوونی سەدەی ئەمەریکاییدا کۆمەککار بێت. دەستەواژەی هەژموون دەستەواژەیەکی لێڵ و ئاڵۆزکاوە و ناتوانین مێژووی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی دیاری بکەین. بە هۆی ئەو لێڵییەوە کە دەستەواژەی هەژموونی تەنیوە، دەکرێت پێشەنگی لە سەرچاوەکانی هێزی ئابووریدا و بوون بە گەمەکەرێکی تەوەرەیی لە تەرازوی هێزی جیهانیدا، وەک سەرەتا و دەستپێکی لەدایکبوونی سەردەمی ئەمەریکایی دابنێین. بەم پێیە ساڵی ١٩٤١، ساڵی لەدایکبوونی سەدەی ئەمەریکاییە و کۆتاییهاتنی سەدەکەش لە ئاسۆوە دیار نییە.

### ٢. داکشان (پووکانەوە)ی ئەمەریکا؟

هەڵەیە و دژی تێگەیشتنی گشتی (common sense) و ڕاستییەکانی مێژووە گەر بڕوامان وا بێت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ هەتاهەتایە پشکی شێری لە هێزی جیهانیدا دەبێت. بەڵام دەکرێت بپرسین: ئەی کەواتە سووڕی ژیانی ولاتێک چییە؟ کاتێک لە بارودۆخی کەسێک یان مرۆڤێک ورد دەبیتەوە، دەتوانیت بڕیار بدەیت ئایا ڕوو لە داکشانە یاخود نا، بەڵام بارودۆخی نەتەوەکان لەوە سەختترە بکرێت کە بەئاسانی پێوانە بکرێت. لە لایەکی تریشەوە ئاسۆکانی کات لە حاڵەتی نەتەوەدا زۆر دووورودرێژترە، بۆ

نموونە ئیمپڕاتۆریای ڕۆما لە ساڵی ١١٧ی زاینیدا گەیشتە ترۆپک، کەچی ئیمپڕاتۆریای ڕۆمای ڕۆژئاوا دوای سێ سەدە و نیو لەو ڕێکەوتە لەبەریەک هەڵوەشا، ئیمپڕاتۆریای ڕۆمای ڕۆژهەڵاتیش تا ساڵی ١٤٥٣ی زایینی درێژەی کێشا.

سەرەڕای ئەم سەختی و گیروگازانەش، هەندێک شرۆڤەکار و مێژوونووس هەوڵیان داوە چەند شێوازێک لە سووڕی ژیانی وڵاتانی زلهێز لە ماوەی سەدەیەکدا دەستنیشان بکەن. لە ساڵی ١٩١٩دا، "هالفۆرد ماکیندەر"ی بەریتانیای و شارەزای بواری جیۆستراتیجیا مشتومڕی لەسەر ئەم بابەتە کرد، کە وا گەشەی ناهاوسەنگی نێوان نەتەوەکان هەر سەد ساڵ جارێک دەبێتە هۆی بەرپاکردنی جەنگێکی جیهانی. هەروەها زانای بواری زانستی ڕامیاری؛ "جۆرج مۆدێلسکی"، سووڕێکی سەد ساڵی بۆ گۆڕانکاری لە سەرکردایەتیی جیهاندا پێشنیاز کردووە، سووڕەکە بە جەنگێکی گەورە دەست پێ دەکات، هێزی سەرکەوتوو ڕەوایەتیی پەیماننامەکانی دوای جەنگ بەدەست دەهێنێت، پاشان ئاڵەنگاری دەکرێت و دەپووکێتەوە. لە لایەکی ترەوە "ئیمانوێڵ واڵێرشتاین" بەم جۆرە وەسفی قۆناغەکانی هەژموونی هۆڵەندا و بەریتانیا و ئەمەریکا دەکات: قۆناغی هەژموونی هۆڵەندایی شانی لەسەر جەنگی سی ساڵە دادا و ساڵی ١٦٥٠ پووکایەوە، هەژموونی بەریتانیایی بە جەنگە ناپلیۆنییەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەستی پێ کرد و لە کۆتایی سەدەکەدا دەستی بە پووکانەوە کرد، هەژموونی ئەمەریکایی لەگەڵ جەنگە جیهانییەکانی سەدەی بیستدا دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٩٦٧دا دەستی بە پووکانەوە کرد.

هەر یەکێک لەو پڕۆژانە کە باس لە سووڕی ژیانی زلهێزەکان دەکەن، جەنگە جیهانییەکانیان وەک مێژووی دەستپێکی سەدەی ئەمەریکایی داناوە، بەڵام هەموویان لە لێکدانەوەی هۆکاری دابەزینی پشکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەرهەمی جیهانی (world product)دا لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٧٠) ڕاستییان نەپێکاوە.

سەبارەت بەم دابەزینەی پشکی ئەمەریکا لە بەرهەمی جیهانیدا، دەکرێت بڵێین: ئەمە گەڕانەوەیە بۆ باری سروشتی نەک پووکانەوە و داکشان. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بوو بە گەورەترین هێزی پیشەسازی و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستیشدا بەنزیکەیی بوو بە خاوەنی چواریەک (چارەک)ی ئابووریی جیهانی و لە ماوەی جەنگی دووهەمی جیهانییشدا ئەم توانایە هەروەک خۆی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی جەنگەکە هەموو ئابوورییە گەورەکانی وێران کرد و لە هەمان کاتدا ئابووریی ئەمەریکای بەهێز کرد، ڕاستەوخۆ و دوای جەنگەکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نوێنەرایەتیی

نیوەی ئابووریی جیهانیی کرد. وردە وردە و دوای گەشەکردن و ژیانەوەی هێزەکانی تر لە ڕووی ئابوورییەوە، وەک بەرەنجامی پێشبڕکێ جیهانییەکان پشکی ئەمەریکاش گەڕایەوە شوێنی سروشتیی خۆی کە نزیکەی چارەکی ئابووریی جیهانی بوو، هەر بەم قەبارەیەش مایەوە تا کۆتاییەکانی سەدە. لەبەر ئەوە دەکرێت ئەمە وەک "گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی" ناودێر بکەین، نەک داکشان و پووکانەوە.

لای ئەمەریکاییەکان مێژوویەکی درێژی دڵەڕاوکێ لە بارەی داکشان و پووکانەوەیانەوە ئامادەگیی هەیە و دەکرێت چەند نموونەیەک لەم بارەیەوە بهێنینەوە: بۆ نموونە بە ماوەیەکی کورت دوای ئاواکردنی کۆلۆنی کەنداوی ماساچوسیتس لە سەدەی حەڤدەدا، هەندێک لە پیوریتانییەکان جاڕی پووکانەوەی پێشوەختەی نیکی (virtue)یان دا، لە سەدەی هەژدەدا باوکانی دامەزرێنەر سێرەیان لەسەر مێژووی ڕۆما گرتبووەوە و دڵەڕاوکێی خۆیان لە بارەی پووکانەوەی کۆمارە نوێیەکەی ئەمەریکاوە نەشاردەوە، لە سەدەی نۆزدەدا "چارلس دیکنز" تێبینی کردبوو کە ئەگەر گوێ لە هاوڵاتییەکانی ئەمەریکا بگریت، هەمیشە ئەمەریکا غەمۆک و ڕاوەستاوە و هەمیشە لە قەیرانێکی چاوەڕوانکراودایە، لە کاتێکدا هەرگیز وا نەبووە. هەروەها "سامۆیل هانتینگتۆن" پێنج قۆناغی داکشانی ئەمەریکا لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستدا دیاری دەکات: دوای هەڵدانی یەکەمین مانگی دەستکرد لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە ساڵی ١٩٥٧، دوای ڕاگەیاندنی فرەجەمسەری لەلایەن سەرۆک نیکسۆنەوە لە کۆتایی شەستەکاندا، دوای قەدەغەی (embargo) نەوتی عەرەبی ساڵی ١٩٧٣، دوای فراوانخوازیی یەکێتیی سۆڤیەت لە کۆتایی حەفتاکاندا، دوای ڕاگەیاندنی کورتهێنانی دارایی و بازرگانی لەلایەن سەرۆک ڕۆناڵد ڕیگانەوە لە کۆتایی هەشتاکاندا. هەروەک لە سەدەی بیست و یەکیشدا پێویستە داکشانی ماوەی دوای قەیرانی دارایی ساڵی ٢٠٠٨ سەربار بکەین.

ئەم ئەڵقانەی زنجیرەی داکشان، زیاتر لەوەی شرۆڤەی جیۆسیاسی بن، گوزارشتن لە سایکۆلۆجیای گەلی (popular psychology)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێمان دەڵێت چۆن بیرۆکەی داکشان بەر دەمارێکی هەستیار لە سیاسەتی ئەمەریکاییدا دەکەوێت.

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ناونیشانی ئەم بەشەی خەملاندووە (ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەپووکێتەوە؟)، گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە وشەی پووکانەوە یاخود داکشان وشەیەکی نارۆشنە و دوو تێگەیشتنی تەواو جیاواز لە هەناوی خۆیدا کۆ دەکاتەوە:

یەک: داکشانی ڕێژەییانەی هێزی دەرەکی

دوو: دارمان و لەبەریەکهەڵوەشانی ناوەکی

پووکانەوەی یەکەمیان پووکانەوەیەکی ڕێژەییە، بەڵام دووهەمیان پووکانەوەیەکی ڕەهایە. لێرە بەدواوە و لە بەشەکانی تردا دەچینە سەر باسکردن لە "پووکانەوەی ڕێژەیی" و "پووکانەوەی ڕەها" و ئەو هێز و هۆکارانە شەنوکەو دەکەین کە دەبنە ئاڵەنگاری و هۆکاری پووکانەوەی دەرەکی (ڕێژەیی) و ناوەکی (ڕەها). سەبارەت بەو هێزانەی کە ئاڵەنگارین و دەبنە هۆکاری پووکانەوەی ڕێژەیی، واتە ئەگەری ئەوەیان هەیە کۆتایی بە سەدەی ئەمەریکایی بهێنن، بریتین لە: ئەورووپا، ژاپۆن، ڕووسیا، هیندستان، بەڕازیل و چین. لە بڕگەی داهاتوودا باس لە ئاڵەنگاریی هەموو هێزەکان دەکەین جگە لە چین. چین لەبەر ئەوەی پاڵێوراوی یەکەمە بۆ وازیکردنی ڕۆڵی کۆتاییهێنان بە سەدەی ئەمەریکایی، لە بەشێکی سەربەخۆدا گەنگەشەی دەکەین. لە بارەی پووکانەوەی ڕەهایشەوە، باس لەو هۆکارە ناوخۆییانە دەکەین کە هۆکاری پووکانەوەی ڕەهان و بریتین لە: کۆمەڵگا و فەرهەنگ، ئابووری، دامەزراوە سیاسییەکان.

**٣. هێزە ئاڵەنگارەکان و داکشان (پووکانەوە)ی ڕێژەیی**

مەبەست لە هێزە ئاڵەنگارەکان (challengers)، ئەو هێزانەن کە ئەگەری ئەوەیان هەیە بە هۆی بەهێزبوون و هەڵکشانیانەوە کۆتایی بە باڵادەستی و سەدەی ئەمەریکایی بهێنن، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنانەت ئەگەر لە پووکانەوەیەکی ڕەهاشدا نەبێت، ئەوا دەشێت سەدەی ئەمەریکایی تەنها بە هەڵکشانی هێزەکانی تر کۆتایی پێ بێت. ڕەنگە هیچ هێزێک بەتەنها نەتوانێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بداتە دواوە، بەڵام هاوپەیمانیی نێوان چەند دەوڵەتێکی تر ڕەنگە کۆتایی بە باڵادەستیی ئەمەریکایی بهێنێت و توانای بەسەر پاراستنی نەزمی نێودەوڵەتیدا کۆتایی پێ بهێنێت. ئایا چ هێز و دەوڵەتێک پاڵێوراوە بۆ گێڕانی وەها ڕۆڵێک؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێتە تەوەرەی ئەم بەشە و بەشی داهاتووی کتێبەکەی جۆزێف نای.

**• ئەورووپا**

ئەورووپا کاتێک وەک یەک قەوارە هەڵسوکەوت دەکات، ئەوا گەورەترین ئابووریی جیهانە. کۆی بەرهەمی ناوخۆیی یاخود تێکڕای (اجمالي) بەرهەمی خۆجێیی (gross domestic product)ی یەکێتیی ئەورووپا، کەمێک لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەمەریکا زیاترە... هەر چەندە داهاتی تاکەکەس (per capita income)ی ئەمەریکایی لە داهاتی تاکەکەسیی یەکێتیی ئەوروپا بەرزترە، بەڵام بە هەژمارکردنی سەرمایەی مرۆیی و تەکنەلۆجیا و هەناردەکردن، ئەورووپا هاوشان و

کێبەرکێکارێکی گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە.

پەیوەست بە سەرچاوەی سەربازی، ئەورووپا نیوەی ئەو بڕە خەرج دەکات کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بواری بەرگریدا خەرجی دەکات، بەڵام سەربازی چەکدار(men under arms)ی زیاترە.

لە بواری نەرمەهێزدا، فەرهەنگە ئەورووپاییەکان لە جیهاندا سەرنجڕاکێشن و هەستی ئەورووپایەکی یەکگرتووش سەرنجڕاکێشییەکی زۆر بە یەکێتیی ئەورووپا دەبەخشێت لای دراوسێکانی.

ئەورووپاییەکان ڕۆڵێکی ناوەندی لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەگێڕن. پرسیاری سەرەکیی پەیوەست بە هەڵسەنگاندنی هێزی سەرچاوە ئەورووپاییەکان ئەوەیە کە: ئایا یەکێتیی ئەورووپا بایی ئەوەندە یەکگرتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پەرە پێ دەدات تاکوو وەکوو یەک قەوارە و لەسەر ئاستێکی فراوان لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا هەڵسوکەوت بکات، یان وەک کۆمەڵە دەوڵەتێکی خاوەن نەتەوە و فەرهەنگی سیاسی و سیاسەتی دەرەکیی جیاواز دەمێنێتەوە؟

توانای ئەورووپا لە بەگەڕخستنی سەرچاوەکانیدا سنووردارە و لە پرسێک بۆ پرسێکی تر دەگۆڕێت. لە هەمان کاتدا ئەورووپا ڕووبەڕووی سنووردارێی گرنگ دەبێتەوە لەسەر ئاستی یەکێتییەکەی.

هەر چەندە ئەورووپا بەبەردەوامی دەگۆڕێت، بەڵام ئەگەری نییە ئەمەریکا تێپەڕێنێت. لە لایەکی ترەوە ئەورووپا ڕووبەڕووی گرفتی دیمۆگرافیی ترسناک دەبێتەوە لەسەر ئاستی ڕێژەی لەدایکبوون و وەرگرتنی سیاسییانەی کۆچبەران.

پەیوەست بە خەرجیی سەربازیی ئەورووپا بە ڕێژەی ١٥٪ی کۆی خەرجیی جیهانی، بە پلەی دووهەم دێت لەدوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام ژمارەکە سەرلێشێوێنەرە، چونکە ئەورووپا پێویستی بە تەواوکاریی سەربازی هەیە (military integration). پەیوەست بە هێزی ئابووری، ئەورووپا گەورەترین بازاڕی هەیە و ١٧٪ی بازرگانیی جیهانی دەنوێنێت، بەراورد بە ١٢٪ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەورووپا نیوەی هاوکارییە جیهانییە بیانییەکان دابەش دەکات، بەراورد بە ٢٠٪ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام ئەمە نفووزێکی گەورەی بەرهەم نەهێناوە، بەتایبەت لە ناوچەیەکی وەک ئاسیا. پەیوەست بە نەرمەهێز، ئەورووپا خاوەنی ٢٧ زانکۆیە لە کۆی ١٠٠ زانکۆی لوتکە، بەراورد بە ٥٢ زانکۆ کە ئەمەریکا خاوەنیەتی. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (٢,٧٪) لە کۆی داهاتی نەتەوەیی بۆ گەشەپێدان و توێژینەوە خەرج دەکات، ئەمەش دوو بەرابەری خەرجییەکانی ئەورووپایە لەم بوارەدا. لە

کاتێکدا پیشەسازیی فەرهەنگی ئەوروپایی کاریگەرە، بەڵام قەبارەکەی لە قەبارەی پیشەسازیی فەرهەنگی ئەمەریکایی بچووکترە، بۆ نموونە بەپێی ڕووپێوییەکی ڕێکخراوی یونسکۆ لەساڵی ٢٠٠٩، لە کۆی ٢٠ فیلمی بەرهەمهێنراو، ١٤ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە.

دەرەنجام: شیمانەی ئەوەی کە ئەورووپای یەکگرتوو بەهێزتر بێت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەم بەهێزییەش هۆکارێک بێت بۆ کۆتاییهێنان بە سەدەی ئەمەریکایی، شیمانەیەکی زۆر لاوازە.

• ژاپۆن

سێ دەیە لەمەوپێش دوای ئەوەی داهاتی تاکی ژاپۆنی؛ داهاتی تاکی ئەمەریکایی تێپەڕاند، زۆرێک لە ئەمەریکاییەکان لەوە دەترسان کە وا هێزێکی تر پێشیان بکەوێت و بیانداتە دواوە. توێژەرانێک پێشبینیی دروستبوونی بارستەیەکی پاسیفیکی دەکەن کە ژاپۆن سەرکردایەتیی دەکات و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوور دەخاتەوە، تەنانەت پێشبینیی ئەگەری جەنگ لەنێوان ژاپۆن و ئەمەریکادا دەکەن. هەندێک شرۆڤەکار پێشبینیی ئەوە دەکەن کە وا ژاپۆن دەبێتە گەورەترین هێزی ناوکی. نموونەی ئەم باری سەرنجانە، دەرەنجامی خوێندنەوەی تۆماری سەرنجڕاکێشەرانەی ئابووریی ژاپۆنین، بەڵام ئەم سەرنجانە لەمڕۆدا بەسادەیی ئەو ترسەمان بیر دەخاتەوە کە بەرەنجامی چەسپاندن یاخود هەڵسانگاندنێکی ئاسۆیی (linear projections) تێکڕایی گەشەیەکی خێرای ئابوورییە.

دواتر و بۆ ماوەی دوو دەیە ئابووریی ژاپۆن گرفتاری گەشەی هێواش و لەسەرخۆ بووەوە و لە ساڵی ٢٠١٠دا قەباری گشتیی (total size) ئابووریی چین، بە دۆلار قەبارەی گشتیی ئابووریی ژاپۆنی تێپەڕاند. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، هێشتا ژاپۆن خاوەنی سەرچاوەکانی هێزێکی کاریگەرە. ژاپۆن خاوەنی سێهەم گەورەترین ئابووریی جیهانی و پیشەسازییەکی زۆر پێشکەوتوو و نوێگەرانەترین سوپای ئاسیایە.

ژاپۆن ڕووبەڕووی کێشەی دیمۆگرافیی زۆر توند دەبێتەوە و چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتووان لە ١٢٧ ملیۆن کەسەوە لەمڕۆدا دابەزێت بۆ ١٠٠ ملیۆن کەس لە ساڵی ٢٠٥٠دا و لە لایەکی ترەوە فەرهەنگی ژاپۆنیش کۆچبەر قبووڵ ناکات. بەڵام ژاپۆن خاوەنی ئاستێکی باڵای داهات و هێزێکی کاری زۆر شارەزا و کۆمەڵگایەکی سەقامگیر و ئاووهەوایەکی خاوێن و سازگاری ڕێژەییە، هەروەها لە چەند بوارێکی تەکنەلۆجیادا پێشەنگە و خاوەنی لێهاتوویی بەرهەمهێنانە. سەرباری ئەمانەش، فەرهەنگی ژاپۆن چ کلاسیکی و چ میللی، هەروەها هاوکارییە دەرەکییەکانی و پشتیوانییەکانی بۆ

دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، سەرچاوەیەکی نەرمەهێزن بۆ ژاپۆن.

ژاپۆن، وەک لە کۆتایی سەدەی بیستدا پێشبینی دەکرا، ئەگەری نییە ببێتە هێزێکی ئاڵەنگاریی جیهانی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نە لە ڕووی سەربازییەوە، نە لە ڕووی ئابوورییەوە. بچووکیی ڕووبەری جوگرافیاکەی لەچاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، هەروەها ئەو پشتوێنە (النطاق- scale) جوگرافی و دانیشتووانییەی نییە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنیەتی. سەرکەوتنی لە بواری نوێبوونەوە و دیموکراسیدا، ژاپۆنی کردووە بە خاوەنی هەندێک نەرمەهێز، بەڵام ئاڕاستە ڕەگەزپەرستانەکان ئەم نەرمەهێزەیان سنووردار کردووە. کەسانێک باس لە خۆپڕچەککردنی ژاپۆن دەکەن بە چەکی ناوکی، لە بارێکدا ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ ژاپۆن هەڵوەشێنێتەوە. دەشێت ئەو هەستکردنەی ژاپۆن بە نائاسایش، بیگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە بڕیاری پەرەپێدانی چەکی ناوکیی تایبەت بە خۆی بدات، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، هێشتا زۆری دەمێنێت کە ببێتە ئاڵەنگارێکی کێبەرکێکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

وەک جێداری ئەمانە، ئەگەر ژاپۆن لەگەڵ چیندا هاوپەیمانێتی پێک بهێنێت، ئەوا کۆی سەرچاوەکانی هێزی هەردوو لا هاوپەیمانێتییەکی بەهێز دروست دەکات، بەڵام بە هۆی ناکۆکیی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای چینی و برینی دەیەی سییەکانی سەدەی بیست کە هێشتا سارێژ نەبووە، هاوپەیمانێتییەکی لەم جۆرە ئەگەرێکی لاوازە. هەروەها سەبارەت بە پلەوپایەی گونجاوی ژاپۆن لە جیهاندا، هەر یەکە لە چین و ژاپۆن خاوەنی دید و تێڕوانینی ناکۆکن، بۆ نموونە چین ڕێگریی لە هەوڵەکانی ژاپۆن کرد بۆ بەدەستهێنانی کورسیی ئەندامێتیی هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها چین دەیەوێت ژاپۆن کۆتوبەند بکات و ژاپۆنیش تووڕەبوونی خۆی لەو کۆتوبەندانە نەشاردووەتەوە. بە ئەگەرێکی دوور، ڕەنگە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکشێتەوە و ژاپۆن ڕەگەڵ چین بکەوێت، بەڵام بە هۆی دڵەڕاوکێی ژاپۆن لە هەڵکشانی هێزی چین، ئەوا بەردەوامیی هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەرەنجامێکە زۆرترین ئەگەری هەیە. لەژێر ڕۆشنایی سەرچاوەکانی هێزی کلاسیکیدا، ئەگەری زۆر ئەوەیە ژاپۆن پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بخوازێت لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی خۆیدا لەهەمبەر چین، ئەمەش هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهێز دەکات.

ئەنجام: هاوپەیمانێتییەک لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕێگایەکی قبوڵکراو نییە بۆ کۆتاییهێنان بە سەدەی ئەمەریکایی.

• ڕووسیا

بە دارمانی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕووسیا بوو بە خاوەنی نیوەی دانیشتووان و نیوەی ئابووریی یەکێتیی سۆڤێت و نەرمەهێزی ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیزمیش بەنزیکەیی کۆتایی پێ هات، لە هەمان کاتدا ڕووسیا بوو بە خاوەنی جبەخانەیەکی ناوکی (nuclear)ی فراوان، تەنانەت فراوانتر لەوەیش کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەخشی ڕووسیا لە تابلۆی هێزی جیهانیدا دای لە کزی و لە ڕووی هەرێمییشەوە تەنها دژی دراوسێ لاوازەکانی دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر هێز بەکار بهێنێت، بۆ نموونە دژی جۆرجیا ساڵی ٢٠٠٨ و ئۆکرانیا ساڵی ٢٠١٤. لە ڕووی سەرچاوەی ئابوورییەوە، کۆی بەرهەمی ڕووسیا کە دەگاتە دوو تریلیۆن و نیو دۆلار، حەوتیەک (٧/١)ی کۆی بەرهەمی ئەمەریکایە و ناوەندی داهاتی تاک (per capita income) (بە پێوەری توانای کڕین) نزیکەی سێیەک (٣/١) داهاتی تاکی ئەمەریکاییە. ئابووریی ڕووسیا بە شێوەیەکی فراوان پشت بە وزە دەبەستێت و نەوت و غاز سێیەکی هەناردەی ڕووسیا و نیوەی داهاتی دەوڵەت و ٢٠٪ی کۆی داهاتی نەتەوەیی پێک دەهێنێت. هەناردەی تەکنەلۆجیای جیهانی، ٧٪ی هەناردەی ڕووسیا پێک دەهێنێت. بەپێی خەمڵاندنە ناوەند مەوداکانی پسپۆڕانی بواری دانیشتووانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، دانیشتووانی ڕووسیا لەوانەیە لە ١٤٠ ملیۆن کەسەوە کەم ببێتەوە بۆ ١٢١ ملیۆن کەس لە ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکدا. وێڕای سەرنجڕاکێشیی فەرهەنگی کلاسیکیی ڕووسیایی، بە هۆی سیاسەتەکانی ڕووسیاوە لەهەمبەر دراوسێکانی و سێرەگرتنی لەسەر نەتەوەگەریی ڕووسیایی، ئەم سەرچاوەیە لە بواری نەرمەهێزدا کەمتینە و ژمارەیەکی کەم بیانی سەیری فیلمی ڕووسیایی دەکەن و تەنها یەک زانکۆی ڕووسیاییش لەنێو ١٠٠ زانکۆ لوتکەکەی جیهاندایە.

چەندین شیمانە ئەگەری ڕوودانی هەیە، بەڵام لەم خاڵەدا گلۆڵەی هێزی ڕووسیایی ڕوو لە لێژییە، ئابوورییەکی خاوەن یەک سەرچاوە و کۆمەڵێک دامەزراوەی گەندەڵ، گرفتی دیمۆگرافی و تەندروستی کە ناتوانرێت بەسەریاندا زاڵ بێت. بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕووسیا لە هەندێک بوای وەک پیشەسازیی سەربازیدا خاوەنی سەرچاوەیەکی مرۆیی بەهرەدارە، بۆیە ئەم ڕوو لە لێژییە نابێت زیادەڕەویی تێدا بکرێت و هەندێک شرۆڤەکار بڕوایان وایە ڕووسیا لە ڕێگەی چاکسازی و نوێکردنەوەوە دەتوانێت بەسەر ئەم گرفتانەدا زاڵ ببێت.

ڕووسیا بە هۆی ئەو هێزە ناوکییەی

کە بۆی ماوەتەوە، هەبوونی نەوت و غاز، شارەزایی لە تەکنەلۆجیای ئەلیکترۆنی، نزیکیی لە ئەورووپاوە و ئەگەری گرێدانی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ چین، بایی ئەوەندە خاوەنی سەرچاوەی هێزە سەرئێشە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست بکات. بەڵام ڕووسیا ئەو توانایەی نابێت کە هاوسەنگیی توانای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت و لە کاتی جەنگی سارددا خاوەنی بوو، هەروەها ئەگەری نییە ئاڵەنگاریی ڕووسیایی هۆکارێک بێت بۆ کۆتاییهاتنی سەدەی ئەمەریکایی.

ئەی دەکرێت هاوپەیمانێتییەکی ڕووسیایی و چینی لە داهاتوودا هۆکاری کۆتاییهاتنی سەدەی ئەمەریکایی بێت؟ بەپێی هاوسەنگیی هێزی کلاسیکی، دەکرێت پێشبینیی وەها هاوپەیمانێتییەک بکرێت لەهەمبەر پێشەنگیی ئەمەریکا لە بواری سەرچاوەکانی هێزدا و پێشینەی مێژووش لەم ڕووەوە هەیە، بۆ نموونە: هاوپەیمانێتیی چین و ڕووسیا دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا، لە لایەکی ترەوە ڕووسیا و چین لە ساڵی ١٩٩٢دا ڕایانگەیاند پەیوەندییەکانیان پەیوەندیی "هاوبەشی بنیادنەرە"، لە ساڵی ١٩٩٦دا ڕایانگەیاند پەیوەندییەکانیان "هاوبەشی ستراتیجییە" و لە ساڵی (٢٠٠١)یشدا پەیماننامەی "هاوڕێیەتی و هاوکاری"یان واژۆ کرد و لە ئەنجوومەنی ئاسایشیشدا هاریکاری یەکترن و... هتد.

سەرەڕای ئەو ڕاستییانەش، چەندین ئاستەنگی ترسناک لەبەردەم هاوپەیمانێتیی ڕووسیا و چیندایە. چین وەک هێزێکی هەڵکشاو زیاتر لە ڕووسیای هەیە، تاکوو لە باری ئارا بەدەستی بهێنێت، لەوانەش: دەروازەی بازرگانی و تەکنەلۆجیای ئەمەریکایی. هەروەها پاشماوەی بێمتمانەییەکی هەمیشەیی لەنێوان ڕووسیا و چیندا هەیە و هەردووکیان کێبەرکێی یەکتری دەکەن لەسەر باڵادەستی لە ئاسیای ناوەڕاستدا. هەروەک ڕەوشی دیمۆگرافی لە ڕۆژهەڵاتی دوور؛ دڵەڕاوکێیەکی لای مۆسکۆ دروست کردووە، چونکە دانیشتووانی سەر سنوور لە بەری ڕووسیاوە؛ ٦ ملیۆن کەسە، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی بەری چین ١٢٠ ملیۆن کەسە. هەروەها سەرەولێژبوونەوەی باری ئابووری و سەربازیی ڕووسیا، دڵەڕاوکێی ڕووسیای لەهەمبەر هەڵکشانی هێزی چینی زیاد کردووە.

ئەنجام: هێشتا ڕووسیا تا ڕادەیەکی زۆر توانای هەڕەشەکردنی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، چونکە وڵاتێکە مووشەک و کڵاوەی ناوکیی پێویستی هەیە بۆ وێرانکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەروەها خاوەنی ڕووبەرێکی جوگرافیی فراوان و دانیشتووانێکی خوێندەوار و زانا و ئەندازیاری کارامە و سەرچاوەی سروشتیی زۆر و زەوەندە. بەڵام ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە، ڕووسیا

جارێکی تر ببێتەوە خاوەنی سەرچاوەگەلێکی هێز کە هاوسەنگیی هێزی ئەمەریکا بێت، وەک چۆن یەکێتیی سۆڤیەتی جاران پاش جەنگی دووهەمی جیهانی؛ هاوسەنگی هێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. هەروەها ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ دۆخی تەندروستی پێشووی، کۆتایی سەدەی ئەمەریکایی خێراتر بکات.

- **هیندستان**

ژمارەی دانیشتووانی هیندستان دەگاتە ١,٢ بلیۆن کەس، ئەمەش چوار ئەوەندەی ژمارەی دانیشتووانی ئەمەریکایە، هەروەها پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٥دا هندستان لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە؛ چین تێپەڕێنێت. هەندێک لە هیندستانییەکان پێشبینیی جیهانێکی سێ جەمسەری دەکەن لەناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکدا، ئەوانیش: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین و هیندستانە. بەڵام دانیشتووان بەتەنها نیشاندەری هێز نییە ئەگەر ئەو سەرچاوە مرۆییە پەرەی پێ نەدرابێت، هیندستان لە ڕووی پێوەرەکانی خوێندەواری و تێکڕایی گەشەی ئابوورییەوە بە شێوەیەکی ترسناک لەدوای چینەوەیە.

چەندین سەدە هیندستان گرفتاری ئەو کێشەیە بوو کە پێی دەگوترێت "تێکڕایی گەشەی ئابووریی هیندستانی" بە تێکڕای ١٪ بۆ هەر تاکێک، پاش سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٤٧ هیندستان پەیڕەویی لە نەزمێکی پلان یان ئاڕاستەیەکی ناوخۆیی کرد و سێرەی لەسەر پیشەسازیی قورس گرتەوە. وە دوای چاکسازییەکان کە ڕووی کردە بازاڕ لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕەوتی گەشەکە گۆڕا و تێکڕاییەکانی گەشە بەرز بووەوە بۆ زیاتر لە ٧٪، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤دا گەشەی هیندستان دابەزی بۆ ٥٪.

هیندستان چینێکی ناوەندی دەرکەوتووی هەیە و خاوەنی ٥٠ بۆ ١٠٠ ملیۆن کەسە کە بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن. پاڵپشت بەم بنکە مرۆییە، پیشەسازیی زانیاریی هیندستانی دەتوانێت ڕۆڵێکی جیهانی وازی بکات. هەروەها هیندستان بەرنامەیەکی چالاکی لە بواری بۆشایی ئاسماندا هەیە و لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٤دا، مانگێکی دەستکردی ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد.

هیندستان بە ٩٠ بۆ ١٠٠ چەکی ناوکی، مووشەکی ناوەند مەودا، ١,٣ ملیۆن سەرباز، خەرجییەکی سەربازیی ساڵانە کە نزیکەی ٥٠ بلیۆن یان ٣٪ی کۆی گشتیی خەرجیی سەربازیی جیهانییە، خاوەنی سەرچاویەکی گرنگی هێزی سەربازییە. سەبارەت بە نەرمەهێزیش، هیندستان خاوەنی دیموکراتییەکی دانپێدانراو، فەرهەنگێکی میلليی کاریگەر و زیندووی کیشوەربڕ، کۆچبەرانێکی خاوەن نفووزە، هەروەها پیشەسازیی سینەمایی هیندستان (بۆلیوود)

لە ڕووی بەرهەمهێنانی فیلمەوە ساڵانە گەورەترینە لە جیهاندا و لە هەندێک ناوچەی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێستاش لە ئەمەریکای لاتینی کێبەرکێی هۆڵیوود دەکات.

لە هەمان کاتدا هیندستان وڵاتێکی تازەگەشەسەندووە (underdeveloped country) و سەدان ملیۆن هاوڵاتیی هیندستانی لە ڕەوشێکی هەژاری تاقەتپڕووکێندا ژیان دەگوزەرێنن. کۆی داهاتی نەتەوەیی هیندستان، کەمێک لە سێیەک (٣/١)ی داهاتی نەتەوەیی چین زیاترە. ئەوەشی مایەی سەرسوڕمانە، لە کاتێکدا ٩٥٪ی دانیشتووانی چین خوێندەوارن، ژمارەکە لە هیندستان تەنها ٦٣٪. هەموو ساڵێک هیندستان دوو هێندەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەندازیار پێدەگەیەنێت، بەڵام تەنها پێنجیەک (٥/١)ی ئەو ئەندازیارانە لە کۆمپانیاکانی ڕاژەی تەکنەلۆجیا کاریان دەست دەکەوێت، ئەویش دوای شەش مانگ ڕاهێنان. لەنێو ١٠٠ زانکۆی لوتکەی جیهاندا، هیندستان خاوەنی تەنها یەک زانکۆیە. هەناردەی تەکنەلۆجیای جیهانیی هیندستان، تەنها ٥٪ی کۆی هەناردەی هیندستان پێک دەهێنێت، بەراورد بە چین کە ٣٠٪ پێک دەهێنێت.

ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە هیندستان لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا سەرچاوەکانی هێزی خۆی بە جۆرێک پەرە پێ بدات کە ببێتە ئاڵەنگارێکی جیهانی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام بایی ئەوەندە پشکی هەیە کە بکرێت بخرێتە سەر تای تەرازووی هاوپەیمانێتیی چینی-هندستانی و ئاڵەنگاری دروست بکات. لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوەی ئەم هاوپەیمانێتییە ببێتە هاوپەیمانێتییەکی دژ بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەگەرێکی لاوازە. هەروەک گومانێکی هەڵواسراو لە پەیوەندییەکانی چین و ڕووسیادا هەیە، کێبەرکێیەکی توندیش لەنێوان چین و هیندستاندا هەیە. هەر چەندە چین و هیندستان لە ساڵی ١٩٦٢دا یەکلاکردنەوەی ئاشتییانەی ناکۆکییەکانی سنووریان واژۆ کرد، کەچی جارێکی تر و لە ساڵی ٢٠٠٩دا سنوور بووەوە بە شوێنی ناکۆکیی هەردوو لا.

هیندستان زیاتر لەوەی ببێتە هاوپەیمانی چین، ئەگەری هەیە ببێتە بەشێک لە کۆمەڵەی ئەو دەوڵەتە ئاسیاییانەی کە ڕوو لەوەن پارسەنگی تەرازووی هێزی چین بکەن و دەستی کردووە بە بەهێزکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ ژاپۆندا.

ئەنجام: ئەگەری ئەوەی ئاڵەنگارییەک لای هیندستانەوە کۆتایی سەدەی ئەمەریکایی خێراتر بکات، لە ئاسۆوە دیار نییە.

**• بەڕازیل**

بەڕازیل ئەندامێکی تری گرنگی کۆمەڵەی بریکس (BRICS group)ە و گەورەترین وڵاتی ئەمەریکای لاتینە، وێڕای ئەوەی لە

ڕووی ناوەندی داهاتی تاکەکەسەوە (per capita income) نەوەد و پێنجهەمین وڵاتە، بەڵام حەوتهەمین گەورە ئابووریی جیهانە. هەر چەندە لەم ساڵانەی دواییدا تێکڕای گەشەی بەڕازیل هێواش بووەتەوە، بەڵام دوای جڵەوکردنی هەڵاوسان و پەیڕەوکردنی چاکسازییەکانی بازاڕ لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەڕازیل بە تێکڕاییەکی کاریگەر کە ٥٪ بوو؛ لە دەیەی دواتردا گەشەی کرد. بە هۆی ڕووبەرێکی فراوان کە نزیکەی سێ هێندەی ڕووبەری هیندستانە، ٩٠٪ی دانیشتووانەکەی (کە ٢٠٠ ملیۆن کەسە) خوێندەوارە، قەبارەی بەرهەمێکی نەتەوەیی (GDP) کە ٢,٥ تریلیۆن دۆلارە (کە یەکسانە بە بەرهەمی نەتەوەیی ڕووسیا)، ناوەندی داهاتی تاکەکەس کە ١٢ هەزار دۆلارە (واتە سێ هێندەی داهاتی تاک لە هیندستان)، بەڕازیل خاوەنی سەرچاوەیەکی هێزی کاریگەرە. هەروەها دۆزینەوەی یەدەکێکی زۆری نەوت لە ساڵی ٢٠٠٧دا، بەڕازیلی کردە وازیکەرێکی گرنگی بواری وزە. بەڵام هێزە سەربازییەکەی زۆر بچووکە و خاوەنی چەکی ناوکیش نییە، لە لایەکی ترەوە گەورەترین وڵاتی کیشوەرەکەی خۆیەتی و لەناو دراوسێکانیدا نەیارێکی کێبەرکێکاری ڕاستەقینەی نییە. لە ڕووی نەرمەهێزەوە، سەرنجڕاکێشیی فەرهەنگە میللییەکەی لە کەرنەڤاڵ و تۆپی پێدا بەنێو نەتەوەکاندا بڵاو بووەتەوە، سیاسەتێکی دەرەکی پیادە دەکات کە وا داڕێژراوە ڕەنگدانەوەی وێنەیەکی ئەرێنی بێت لە ئەمەریکای لاتین و دەرەوەی ئەمەریکای لاتینیشدا.

لە هەمان کاتدا بەڕازیل ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی ترسناک بووەتەوە، وەک: ژێرخانێکی نەگونجاو (inadequate)، سیستمێکی قانوونیی بارگران، ڕێژەیەکی بەرزی تاوان، گرفتی ترسناکی گەندەڵی. لەنێو ١٧٥ دەوڵەتدا، بەڕازیل لە پلەی (٧٢)دایە لە پێوەری شەفافیەتی نێودەوڵەتیدا (چین لە پلەی (٨٢)دایە، هیندستان (٩٤)، ڕووسیا (٢٧)). لە کێبەرکێی ئابووریدا، کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی (World Economic Forum) لەنێو ١٤٤ دەوڵەتدا، بەڕازیلی لە پلەی (٧٥)دا داناوە (چین لە پلەی (٢٨)دایە، هیندستان (٧١)، ڕووسیا (٥٣)). بەڕازیل کەمتر لە تێکڕای دەوڵەتەکانی ڕێکخراوی هاریکاریی ئابووریی ئەورووپایی (OECD) لە بواری توێژینەوە و گەشەپێداندا خەرج دەکات. کۆریای باشوور کە چواریەکی دانیشتووانی بەڕازیلی هەیە، ٣٠ جار زیاتر لە بەڕازیل ئەستۆپاکیی داهێنانی (patents) تۆمار کردووە.

گەشەی بەرهەمداریی (بەرهەمهێنانەکی) (productivity growth) بەڕازیل لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە وەستاوە و لەمڕۆدا تەنها زیاتر

لە نیوەی ئەو ئاستەیە کە لە مەکسیکدا هەیە. وێڕای ئەوەی بەڕازیل بارەگای چەند کۆمپانیایەکی دەوڵەتبڕی وەک "Embraer" و "Vale"ە، بەڵام خاوەنی هارڤارد و گۆگڵ نییە. هەندێک شرۆڤەکاری بەڕازیلی باوەڕیان وایە کە بەڕازیل ناتوانێت تێکڕای بەرهەمداریی (بەرهەمهێنانەکی) (productivity rate) خۆی بەرز بکاتەوە ئەگەر پاشەکەوتەکانیان (savings) زیاتر نەکەن و وەبەرهێنانی زیاتر نەکەن لە جیهاندا.

پەیوەست بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکییەوە: بەڕازیل بەرهەڵستیی چەند داواکارییەکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کردووە لە بارەی گۆڕینی سیاسەتی خۆی بەرانبەر ئێران و ڤەنزوێلا. لە لایەکی ترەوە بەڕازیل نەیتوانیوە پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بارەی ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەکیی خۆیەوە بەدەست بهێنێت، وەک: بەدەستهێنانی کورسیی ئەندامێتیی هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایش، سەفقەیەکی بازرگانیی جیهانی، یان تەواوکردنی (completion) بارستەیەکی بەهێز بۆ ئەمەریکای باشوور.

ئەنجام: بەڕازیل ئەگەری نییە ببێتە هاوشانێکی کێبەرکێکاری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. جارێکی تریش سەختە ببینیت گەشەی بەڕازیل، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێبپەڕێنێت و هاوکار بێت لە خێراکردنی کۆتایی سەدەی ئەمەریکایی.

تاکە ولاتێک بتوانێت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێپەڕێنێت و کۆتاییهاتنی سەدەی ئەمەریکایی خێراتر بکات، چینە. لەنێو ولاتانی بریکسدا، چین تا ڕادەیەکی زۆر عیملاقەکەیە بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی ئابوورییەکە یەکسانە بە ئابووریی کۆی دەوڵەتەکانی تر. گەورەترین سوپا و گەورەترین بودجەی سەربازیی هەیە، خاوەنی بەرزترین تێکڕای گەشە و زۆرترین بەکارهێنەری ئینتەرنێتە. چین لە ڕووی تێکڕای داهاتی تاکەکەس؛ لەدوای ڕووسیا و بەڕازیلەوەیە، بەڵام دەکرێت ئەمە گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەگەر چین پارێزگاری لە تێکڕای گەشەی خۆی بکات.

ئەمانە وا دەکەن بەشێکی سەربەخۆ تەرخان بکەین بۆ هەڵکشانی چین و ئەو ئاڵەنگارییانەی ڕووبەڕووی سەدەی ئەمەریکایی دەکاتەوە.

..............................................

پەراوێزەکان:

١. عمروعبدالعاطي، مراجعة كتاب: هل انتهى القرن الأمريكي؟ (الدوحة: مركز الجزيرة للدراسات، ١٩/أبريل-نيسان/٢٠١٩)، ص ص٢٣.

٢. کتێبەکە دکتۆر ئەلسەید ئەمین شەلەبی کردوویەتی بە عەرەبی و لەلایەن "المركز القومي للترجمة" لە قاهیرە لە ساڵی ٢٠١٩دا بڵاو کراوەتەوە.



# پلانی ستراتیژی

پلانی ستراتیژی* (Strategic planning): بریتییە لە پلانی درێژمەودا، کە سەرجەم گۆڕاوە دەرەکی و نێوخۆییەکان لەبەرچاو دەگرێت، هەروەها هەڵدەستێت بە دیاریکردنی سەرجەم توێژ و کەرتە بەئامانجگیراوەکانی پلانەکە و هەڵبژاردنی ڕێگا گونجاو و ململانێکارەکانی.

بە واتایەکی دیکە: پلانی ستراتیژی بریتییە لە گواستنەوەیەکی جۆری لە ڕێکار و جێبەجێکردنەکانی پلانەکاندا، پەیوەستە بە هزر و جێبەجێکردنەوە لە میانەی کردە کارگێڕییەکانەوە، بە مەبەستی هاتنەبەری دیدگایەکی ئایندەیی بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ گۆڕانکارییە ئایندەییەکان و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. ئەم جۆرە لە پلان، هێندەی پەیوەستە بە کۆششی زەینیی ڕێکخراوەوە و پایەدارکراو لەسەر داهێنان و نوێکردنەوە، هێندەش بەرهەمهێنانی ئەو بڕیار و کردە سەرەکییانەیە کە چییەتیی ڕێکخراوێک یان دەستەیەک یان هەر کیانێک پێک دەهێنێت، چونکە کار دەکات لەسەر ئەوەی چی دەکات و هۆکاری کردنەکەشی چییە.

پلانی ستراتیژی پشت بە چوارچێوەیەکی ڕێبازی دەبەستێت بەرەو ئایندە، بەو پێیەی پڕۆسەکە کار دەکات لەسەر گواستنەوەی دۆخ لە کردە ڕۆژانەییەکانەوە کە لە چوارچێوە کلاسیکییە ڕۆتینییەکانیاندان، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان بۆ بەدیهێنانی دیدگایەکی جیاواز بە ڕوانین بۆ ئەو هۆکارە کاریگەرانەی کە توانای گۆڕانکارییان هەیە و لە کۆتاییدا ئایندە بە شێوەیەکی باشتر ئاڕاستە دەکات.

ئەم دەستەواژەیە وەڵامدەرەوەی پرسیاری "بەرەو کوێ دەڕۆین"ە، کە لە دیدێکی ئایندەییەوە سەرچاوەی گرتووە.

سەرەتاکانی دەرکەوتنی بەکارهێنانی چەمکی پلانی ستراتیژی بە فۆرمە سەرەتاییەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی بیستەم و

زیاتریش لەسەر زاری پیاوانی خاوەنکار و زانایانی بواری بەڕێوەبردن لەژێر ناوی "بەڕێوەبردنی ستراتیژی" برەوی پێ درا.

هەروەها لە ماوەی نێوان ١٩٦١ تا ١٩٦٥، سیستم (شیرازە)ی پلانی ستراتیژی لە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا بەکار هات و سەرکەوتنێکی بەرچاویشی بەدەست هێنا. هەر بۆیە ئیدارەی ئەمەریکا کۆمەڵێ ڕێنمایی لە مانگی ئابی ١٩٦٥دا دەرکرد، کە داوای جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژیی لە سەرجەم فەرمانگە فیدراڵییەکانی حکومەتی ئەمەریکادا لەژێر ناوی "سیستمی پلان و بەرنامەکان و موازەنە"دا کرد. لە شەستەکاندا، زۆرینەی کۆلێژەکانی بەڕێوەبردنی کار؛ پڕۆگرامی پلانی ستراتیژی لە چوارچێوەی بابەتەکاندا و لەژێر ناوی "سیاسەتە کارگێڕییەکان"دا هێنایە ڕیزی بابەتەکانی دیکە.

پاش ئەوەش چەمکی پلانی ستراتیژی سنووری ئەمەریکای بڕی و گەیشتە کیشوەری ئەورووپا و پاشتریش گەیشتە هەندێ وڵاتی ئاسیایی وەک ژاپۆن، چین، مالیزیا، کۆریای باشوور و سەنگاپوورە...هتد. بەڵام بەشێکی زۆری وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقا تا ساڵانێکی درەنگتر و بگرە تا ئێستاش گرنگیی ئەم بابەتەیان بۆ دەرنەکەوت، یان زۆر سست و لاواز پڕۆسەکەیان وەرگرت.

پلانی ستراتیژی بەگشتی لە گەشەی خۆیی و پەرەگرتنیدا، چەند قۆناغی سەرەکیی بەخۆوە دیوە:

١. قۆناغی یەکەم: پلان لەسەر بنەمای دارایی یان پلانی موازەنات

٢. قۆناغی دووەم: پلان لەسەر بنەمای پێشبینی یان پلانی درێژمەودا

٣. قۆناغی سێیەم: پلانی ستراتیژی، کە بەم چەمک و فۆرمەی ئێستایەوە لە حەفتاکاندا جێگەی خۆی گرت.

٤-قۆناغی چوارەم: قۆناغی تەواوکارییە لەنێوان بەڕێوەبردنی ستراتیژیانە و پلانی ستراتیژی، کە ئەم قۆناغە بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە:

- پشتبەستن بە بیرکردنەوەی ستراتیژی لە ئاستە کارگێڕییەکاندا و بەتایبەت ئاستە باڵاکان.

- سەروەریی پڕۆسەی پلانی دۆزەرەوە و قووڵ و نەرم و داهێنەرانە.

- بوونی ڕۆحیەتی گرووپی لە کاردا و پشتیوانیکردنی یەک لەنێو تیمێکدا (Team work)، هەروەها هەبوونی پەیوەندیی کراوە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لە ئاستە کارگێڕییە جیاوازەکاندا لە لایەک و خاوەن بەرژەوەندییە هاوبەشەکان (Stakeholders) لە لایەکی دیکەوە.

- پلاندانان لەسەر بنەمای هەبووە بەردەستەکان بە جۆرێک کە شایستەی جێبەجێکردن بێت، واتە پلانێکی کاریگەر و چالاک بێت (Action Planning).

* بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی وشەی ستراتیژییەوە، بڕوانە: گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە چوار، تشرینی دووەمی٢٠٢٠.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















العربية
كوردی
English
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center for Future Studies
راناتی داینەدی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناتەوەیی، چارەنووسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Center For Future Studies
راناتی ئایندەی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org



الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin 205


Center for Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org


ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019



ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


THE FUTURE OF KIRKUK
between Erbil and Baghdad
2017-2018


Center for Futur
دەربارەی ئێمە
توێژەران
بەشەکان
هەواڵەکان
چالاکییەکان
راپۆرت
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية



# ئایندەناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٥) کانونی یەکەمی ٢٠٢١